**بەهرامی بەیزایی**

# هەشتەمین سەفەری سەندیباد

**شانۆنامە**

**وەرگێڕانی**

**دلاوەر قەرەداغی**

**2007**

**کارەکتەرەکان :**

*** سەندیباد**

*** وەهەب**

*** شوجاع**

*** غەیور**

*** جەعفەر**

*** کەشتییەوانەکان ( مەنسور، ڕەشید، هارون، مەسرور، ڕەسوڵ، حوجەت، ڕەجەب، ئەسەد، ڕەحمەت، عیماد، سەفدەر، ڕەحمان، عەبدوڵڵاو ئەوانیتر )**

*** نووسەر**

*** جادووگەر ( نەوفەلی بازرگان، پادشا، میر، کاپتنی کەشتی، حەکیمی شانکار، حەکیمی عارەب، حەکیمی جوولەکە، حەکیمی مەسیحیی، حەکیمی هیندیی، حەکیمی ژاپۆنی، پیرەی پشت کۆم )**

*** خەڵکانی شار ( جاڕدەر، دوو پیاوکوژ، دوو کۆیلەی ئەڵقە لە گوێ، تەرجومان، شەڕکەران، سیخوڕان، نەدیم، قامچی وەشێنان، گورز بەدەستان، حەکیمی ئارگۆنا، بەرەهمەن، پیاوی نابینا، کاروانچییان، سەرقافڵەچیی، سەربازان و ئەوانیتر)**

دیمەن:

سەکۆیەك لە ناوەڕاستا، لە دوو گۆشەوە دوو زەنگی گەورە بە پایەیەکەوە کراوە.
پیاوێك بە هەڵەداوان دێتە ژوورەوەو لە زەنگی دەستە ڕاست دەدات، پیاوێکی تریش بە پەلە دێتە ژوورەوەو لە زەنگی دەستە چەپ دەدات. خەڵکی بە پەلە دێنە سەر شانۆ، هەراو زەناو قەرەباڵخیی، هەر دوو پیاوەکە دەچنە سەر سەکۆکە و دەیانەوێ شتێك بڵێن، بەڵام لە ناکاوێکڕا دەنگی پێکەنینی جادووگەر بەرز دەبێتەوە، خەڵکەکە هەموویان ڕوو بەرەو لای جادووگەردا وەردەگێڕن، جادووگەر پێدەکەنێ.

جادووگەر

دەستەیەك دۆم، سیحرباز و ئەکتەر ....

هەردوو پیاوەکە

تۆیش بینیتن؟

جادووگەر

بە کەشتییەك هاتن!

پیاوی یەکەم

کەشتییەکی سەیر ....

**پیاوی دووەم**

له زەریاوه ....

**پیاوی یەکەم**

گەیشتنه کەنار!

**جادووگەر**

ئیتر خۆ ئەمەشیان سیحر نییه، چاوەکان کراوەن و دەستی منیش خاڵیی. له قەڵا بەرزەکەوە بەهەر دوو چاوی خۆم بینیمن، جل و بەرگی سەیرو جۆراو جۆر و ڕەنگاو ڕەنگیان پۆشیوە.

**پیاوی یەکەم**

میر له خۆشییاندا پێدەکەنێ ...

**پیاوی دووەم**

میر زادە خەنی و خۆشحاڵە ....

**جادووگەر**

لەم ڕێگەیەوە ....

(خەڵکەکە له دوای جادووگەرەوە دەچنه دەرێ، جاڕچی به تۆمارێکی گەورەو تەپڵێکەوە دێته ژوورێ، دەچێته سەر سەکۆکە، هەر بە تەنها خۆی لەسەر شانۆیە.)

**جاڕچیی**

هێی ئەی خەڵکی بەشەرەف، ئەرکی سەر شانمه ئەم هەواڵە بگەیەنمه هەمووان. له هەموو گۆڕەپانێکدا بیخوێنمەوە. به گوێی هەموانیدا بدەم که ئەمڕۆ هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیه شادومان و خۆشحاڵ بێت، ئاخر ئەمڕۆ میرزادە بووکێی خۆی بەرەو کۆشك دەگوێزێتەوە. ئا لەبەر ئەمە، میرزادە بەختەوەریی گشتیی له وڵاتدا ڕاگەیاندووە، ئەمڕۆ برسییەکان تێر به زگی خۆیان دەخۆن، خەمباران دڵشاد دەبن، ئەمەش به پێی بەرنامەیەك بەڕێوە دەچێت که سبەینێ ڕادەگەیەنرێت. بەڵام پاشان .... هەر به خۆشیی

ئەو بۆنە پیرۆزەوە، میری ولاّتی هاوسێمان تاقمێك گۆرانی بێژ و ئەكتەری بۆ دەرباری میری هاوسێی خۆی، یەعنی میرەكەی خۆمان ڕەوانە كردووە تا ڕەگی خەمباریی لە بنی بنەوە هەڵكێشن. ئەوانەی كە بەڕێوەن بێن، خەڵكانی قەرەجن و بریتین لە سەماكەر و ساز ژەن و گاڵتە گێڕ و ئەكتەر، ئەوانە ئیمڕۆ بەڕێكەوتوون و بڕیارە هەر كە بگەنە لاتان تەمسیلی كۆنی پڕ لە نوكتە و پێكەنینتان بۆ بكەن .....

( جادووگەر دێتە ژووریَ، جاڕچی دەچێتە دەریَ)

**جاڕچی**

( بە دەم چوونە دەرەوەوە) ئەی خەڵكی بەشەرەف، ڕاسپێردراوم ئەم هەواڵە بگەیەنمە هەمووان، بەلاّم لەبەر ئەوەی پەلەمە، جاریَ تا ئەو شوێنەی گوێتان لیَ بوو بەسە.

( دەچێتە دەریَ، بێدەنگیی، جادووگەر جارێك بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، پاشان دەوەستیَ و لە نێوان دوو پەنجەیەوە سەیر دەكا.)

**جادووگەر**

تەمسیلەكەی ئەمڕۆ شایانی ئەوەیە ببینرێت، خۆشترین تەمسیلە.. (سەر بەرز دەكاتەوە) هێی دەی وەرن لێرەوە، هێی دەهۆڵ كوت، بكەوە دەهۆڵ كوتین، دەهۆڵەكەی تریش بكوتە، بلَیَ وەرن وەرن، لەم لایەوە، لەملایەوە.....

( لە زەنگەكە دەدات، سەندیباد لەگەڵ وەهەبی هاوڕێیدا دێتە ژوورەوە، ژمارەیەكیش لەو خەڵكانەی كە چوو بوونە دەریَ، لە شێوەی كەشتییەوانەكانی سەندیبادا دێنە ژووریَ)

**سەندیباد**

باشە من لێرە لەدایك بووم؟

**وەهەب**

بۆ نا!

**سەندیباد**

**چەند خێرا تێپەڕیوە..( چەند کەسێك بە پڕتاو دێنە ژووریٚ ) وەك ئەوەی دوێنیٚ بووبیٚ ....**

**یەکێك لەوانەی هاتنە ژوورەوە**

**خۆ گوێت لێبوو؟ دوێنیٚ کەوتوونەتە ڕیٚ...**

**یەکێکیتر**

**ئەمڕۆیش گەیشتوون ....**

**هەمان کەسی یەکەم**

**میری وڵاتی دراوسیٚ ناردوونی ...**

**سەندیباد**

**بە هیچ شتێکی ئێرە ئاشنا نیم ... دەترسم!**

**وەهەب**

**دەترسیت کە هەڵەت کردبیٚ؟**

**سەندیباد**

**دەترسم کە ئێرە شارەکەی من نەبێت. بەڵام گەر ئێرە نەبێت، ئەی دەبیٚ شارەکەی من لە کویٚ بێت؟**

**وەهەب**

**با بپرسین .....**

**سەندیباد**

**نا ... گەر شارەکەی من ئێرە بووایە، خەڵکەکەیم دەناسییەوە، بەڵام دەبینی کە نایانناسمەوە .. (بەدەم ڕۆیشتنەوە) هیچ کەسێکیشیان من ناناسێتەوە!**

**وەهەب**

**ئای گەر سەرو سەکوتێکی ناسیاو پەیدا بووایە ....**

**سەندیباد**

تەنها ناسیاوێك ....( ڕادەوەستێ ) وابزانم ئەو پیاوەم پێ ئاشنایە ....

**وەهەب**

کامە؟

**سەندیباد**

ئەوەی کە پێدەکەنێ ...

**وەهەب**

ئا با بچینە پێشێ ....( سێ کەس پێشیان لێدەگرن )

**کەسی یەکەم**

بەخێر بێن ....

**کەسی دووەم**

بەخێر بێن بۆ شارەکەمان ....

**کەسی یەکەم**

بەم جل و بەرگانەوە ....

**کەسی دووەم**

بەم سەر و سەکوتانەوە ....

**کەسی یەکەم**

دیارە تەمسیلەکەتان هەزەلییە ...

**کەسی سێیەم**

دەمێکە پێنەکەنیوین .....

**وەهەب**

ئێوە دەماننناسن؟

**کەسی یەکەم**

ماقووڵە نەتانناسین؟

**سەندیباد**

( بە خۆشحاڵییەوە) کەواتە ڕێمان هەڵە نەکردووەو ڕاست هاتووین.

کەسی یەکەم

هەر زۆر ڕاست ...

سەندیباد

( بە وەهەب ) چەند بەختەوەرییەکی مەزنە!

کەسی یەکەم

لەبەر خاتری خەڵکی ئەم شارە ئەمڕۆ دیلەکان ئازاد دەکرێن.

کەسی دووەم

ئەوانەش عەفوو دەکرێن کە فەرمانی لە سێدارە دانیان بەسەردا دراوە.

کەسی سێیەم

ئەی باشە بۆچیی تەمسیلەکە دەست پێناکەن؟

وەهەب

تەمسیل؟

( سێ کەسەکە دەدەن لە قاقای پێکەنین و دوور دەکەونەوە، سەندیباد کەسی یەکەم ڕادەگرێت )

سەندیباد

ئەو پیاوە کێیە؟

کەسی یەکەم

ئەی بۆ لە خۆی ناپرسیت؟

سەندیباد

لە تۆ دەپرسم ...

کەسی یەکەم

لەگەڵمانا دەژی، بەڵام نایناسین ....

( جادووگەر پێدەکەنێ، کەسی یەکەم دوور دەکەوێتەوە )

وەهەب

ئێمەیان ناسییەوە، کەواتە ڕاست هاتووین ..

سەندیباد

وەهەب کەشتییەوانەکان مۆڵەت بدە ...

وەهەب

( بە کەشتییەوانەکان ) بڕۆن مۆڵەتن ...( دەچێتە پێشێ ) ها ئەمەش پارەی زێڕ (کەشتییەوانێك دەگرێ، ئەوانیتریش دەوری دەدەن، سەندیباد گەییوەتە لای جادووگەر )

سەندیباد

شێوەت دەکەم، وا بزانم تۆم لە جێگەیەك بینیوە...

جادووگەر

هەر کەسێك دەمبینێ یەکەم قسەی هەر وا دەڵێ ...

سەندیباد

بەڵام یادم نییە لە کوێ ..

جادووگەر

دووەمین قسەشیان هەر ئەمەیە ...

سەندیباد

تۆ کێیت؟

جادووگەر

من ؟ ها ها ها .... هەمووان دەیانەوێ بزانن من کێم ...

( کەشتییەوانەکان شاڵاو بەرەو لای وەهەب دەبەن )

کەشتییەوانەکان

خۆڵ! ( کوتو پڕ ڕادەوەستن و سەیری پارەکانی نێو دەستیان دەکەن)

جادووگەر

من جادووگەرم، بە دەستی بەتاڵەوە جادوو دەکەم، زێڕ دەکەمە خۆڵ و خۆڵیش دەکەمە زێڕ، لە جێگەیەکی دوور دوورەوە هاتووم و بەرەو جێگەیەکی دوور دووریش دەڕۆم، ڕێگەکەم درێژە، زۆر درێژ، بەڵام هێشتا

لە پێ نەکەوتووم .. ها ها .. من جادووگەرم، گەمەی سەیر سەیرم لەلایە، قسەکانم هی ئەوەن گوێیان بۆ شلکرێت، جۆرە کارێك دەکەم شایانی ئەوەن ببینرێن، ئەو شتانەی من دەیانکەم ناچنە ئەقڵەوە ...

سەندیباد

وەکو چیی؟

جادووگەر

گوتم ناچنە ئەقڵەوەو تەواو، دەگەی سەیر سەیر دەوەشێنم، چاوبەست لە خەڵك دەکەم، دەتوانم ڕەنگی گۆڕەپانەکە بکەمە سوور یان زەرد، بیکەمە شین یان سەوز، دەتوانم پێشبینیی ڕووداوەکان بکەم، دەتوانم مردوو زیندوو بکەمەوە ... دەتوانم سیحر بکەم ...حەز دەکەن پێتان بڵێم ئەلعان لەوپەڕی باکووری زەریاکاندا چ باسە؟

سەندیباد

لەوپەڕی باکووری زەریاکاندا؟

جادووگەر

لەوپەڕی باکووری زەریاکاندا پیاوێك بە نەفرەت بووە ...

کەشتییەوانەکان

وای ... نەفرەت! ( هەر یەکیان بە لایەکی شانۆکەدا هەڵدێ )

جادووگەر

دەی ئێستا نۆرەی ئێوەیە، بۆ تەمسیلەکە ناکەن؟

سەندیباد

تەمسیل بکەین؟

جادووگەر

بەڵێ، گۆرانیی ، سەما، پێکەنین ... ( لە زەنگەکە دەدات، ژمارەیەك لەوانەی کەشتییەوان بوون و چووبوونە دەرێ، ئێستا وەك بینەران و خەڵکانی شار دێنە ژوورێ ) هێی خەڵکینە، ئەمانەی کە دەیانبینن ئەهلی

بەزم و ڕەزم و زەوقن، هاکا تەمسیلەکەیان دەست پێکرد، حەکایەتێکتان بۆ دەگێڕنەوە هەر لەوەدا نییە ...

**یەکێك لە خەڵکەکە**

حەکایەتی چیی؟

**جادووگەر**

حەکایەتی پیاوێك کە لەوپەڕی باکووری زەریاکاندا بە نەفرەت بووە...

**سەندیباد**

( دەچێتە لاوە ) وەهەب!

**یەکێك لە خەڵکیی**

چاوەڕوانین ...

**یەکێکیتر**

دەمێکە چاوەڕوانین ....

**سەندیباد**

وەهەب! بە هەڵە هاتووین ...

**وەهەب**

جارێ مەعلوم نییە ...

**سەندیباد**

بە خەڵکانی ترمان تێگەیشتوون ...

**وەهەب**

ئەمەیان وایە ...

**یەکێك لە خەڵکیی**

دە دەی دەست پێبکەن! ئێمە هەر بە تەنها ئەمڕۆ دەرفەتی ئەوەمان هەیە پێبکەنین.

**سەندیباد**

با بڕۆین ....

( دەڕۆن، بەڵام سێ کەس پێشیان لێ دەگرن)

کەسی یەکەم

بۆ کوێ؟

کەسی دووەم

بەرەو کۆشکی میر دەڕۆن؟

کەسی یەکەم

بۆچیی لەم ڕێگەیەوە دەڕۆن؟ ڕێگەی حەوت وشتر ڕێگەیەکی ناخۆشە.

کەسی سێیەم

پردی پێنج کیژان ڕووخاوە ...

سەندیباد

( ڕادەچڵەکێ ) گوتت چیی ؟ پردی پێنج کیژان؟ ( ئاوڕ دەداتەوە ) ئەو ناوەی یەکەم چیی بوو ؟ ڕێگەی .....

کەسی سێیەم

ڕێگەی حەوت وشتر .....

سەندیباد

( پێ بە ئەرزدا دەدات ) دە من لێرە لە دایکبووم!

وەهەب

چیتگوت؟

سەندیباد

ڕێگەی حەوت وشتر، گوزەرگەی قافڵەی ئاوریشم، دەکەوێتە خوار گردی داڵەوە، لە بناری ......، ئادەی بڵێ، قەبرسانێك لەو ناوەدا نییە؟

کەسی یەکەم

هەتا ئەمدواییەش قەبرسان لەو ناوەدا نەبوو ...

کەسی دووەم

بەڵام ئەلعان قەبرسانێکی لێیە...

**کەسی یەکەم**

شوانێك دۆزییەوە كە ئەو شوێنە ڕۆژێك لە ڕۆژان قەبرسان بووە.

**کەسی دووەم**

قەبرسانێكی گەلێك دێرین ...

**کەسی یەکەم**

قەبرسانێكی هەزار ساڵ لەمەو بەر ....

**سەندیباد**

باوكم!

**جادووگەر**

ئەوا تەمسیلەكە دەستی پێكرد ...

**سەندیباد**

( هاوار دەكات ) تەمسیلی چیی كابرا؟ من دوای سەفەرێكی دوور و درێژ، وا ئەمڕۆ بۆ شارەكەم گەڕاومەتەوە ....

**کەسی سێیەم**

شارەكەت ؟

**کەسی دووەم**

ئێمە تۆ ناتناسین!

**کەسی یەکەم**

هەر بەڕاست ئەمە شتێكی پێكەنیناویی نییە؟

**سەندیباد**

باشە ئێوە ناوی سەندیبادی هاوولاتی خۆتان بەر گوێ نەكەوتووە؟

**کەسی یەکەم**

ئێمە؟

**کەسی دووەم**

سەندیباد ناو؟

**کەسی سێیەم**

**حاشا... نەمانبیستووە!**

**( ژاوە ژاو )**

**جادووگەر**

**ئەو ناوەم پێ غەریب نییە، ئا بابیر بکەمەوە .....**

**( نووسەر بە هەگبەیەك کتێب و کاغەزەوە دێتە ژوورێ )**

**نووسەر**

**دەشێ ئەو ناوە ناوێکی کۆن بێت ....**

**یەکێك لە خەڵکیی**

**من ناوی وام بەر گوێ نەکەوتووە ...**

**نووسەر**

**بەڵام من ....**

**سەندیباد**

**ها .... تۆ بەر گوێت کەوتووە؟**

**نووسەر**

**نا، تەنها لە کتێبێکدا ئەو ناوەم بەر چاو کەوتووە، کتێبێکی زۆر کۆن کە لەسەر پێستە نووسراوە و پەڕەکانی دواوەی پێوە نەماوە. لەو کتێبە نووسراوە: سەندیباد حەوت سەفەری کردووە...**

**سەندیباد**

**بە حەوت زەریادا ...**

**نووسەر**

**خاوەن حەکایەتێکی سەیر بووە ...**

**سەندیباد**

**دە ئەو سەندیبادە منم ....**

**جادووگەر**

گوێتان لێبوو؟ ئەم برادەرە دەوری سەندیباد دەبینێ ...

سەندیباد

وا ئەمڕۆیش لە سەفەری حەوتەمم گەڕاومەتەوە ....

یەکێك لە خەڵکیی

بە ڕاستیی تەمسیلێکی خۆشە!

سەندیباد

( یەخەی ئەو کەسە دەگرێ ) کابرا ئەمە تەمسیل نییە! بەڵکو واقیعە ...

جادووگەر

واقیع؟

کەسێکیتر

لەم جۆرە دەگانەیان زۆر لێداوین!

سەندیباد

سوێند دەخۆم ئەمە دەگە نییە، تەمسیل نییە!

نووسەر

بەڵام قوربان، دوا سەفەری سەندیباد نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر بووە!

( ژاوە ژاو )

سەندیباد

( واقوڕماو ) چەند ساڵ؟

نووسەر

هەزار ساڵ!

سەندیباد

بەڵگەت چییە؟

نووسەر

بەڵگە ئەوەیە  ئەو کتێبەی باسمکرد، هەزار ساڵ لەمەوبەر نووسراوە.

سەندیباد

( ئەژنۆی سست بووە ) وەهەب !

وەهەب

( دێتە پێشێ ) لەوانەیە ئەوە کەسێکیتر بووبێ ...

نووسەر

قوربان شتەکە ئاشکرایە، سەندیباد حەوت سەفەری کردووە، کاتێك گەڕاوەتەوە...

وەهەب

باشە ئەی دوای ئەوە؟

نووسەر

ئا لێرەدا پەڕەکانی دواوەی کتێبەکە لێبوونەتەوە!

سەندیباد

وەهەب سەرم گێژ دەخوا، شتێك دێتەوە یادم ، ئەو نەفرەتە دێتەوە یادم کە..

وەهەب

سەندیباد ... باوەڕ مەکە ....

( دوو کەشتییەوان بە پڕتاو لە هەردوو لای شانۆوە دێنە ژوورەوە)

کەشتییەوانی یەکەم

گەورەم .....

کەشتییەوانی دووەم

گەورەم، گوێ ڕادێرە ....

کەشتییەوانی یەکەم

پارەکانمان لێوەرناگرن ...

کەشتییەوانی دووەم

دەڵێن پارەکانتان بەسەر چووە ...

کەشتییەوانی یەکەم

پارە گۆڕەوەیەك ....

كەشتییەوانی دووەم

لە قوژبنێكی تاریكی بازاڕدا ...

كەشتییەوانی یەكەم

پارەكانمانی نرخاند، زێڕی ساخ بوون ...

كەشتییەوانی دووەم

بەڵام هیچ كەس لێمان وەرناگرێت ...

وەهەب

چۆن ؟

كەشتییەوانی یەكەم

دەڵێن پارەی هەزارساڵ لەمەوبەرە ....

وەهەب

گوتت چیی؟

كەشتییەوانی دووەم

پارە گۆڕەوەكە ئامادەیە پارەكانمان بۆ بگۆڕێتەوە ...

كەشتییەوانی یەكەم

لەبری ئەوە پارەی مسمان دەداتێ .

كەشتییەوانی دووەم

پارەكانی ئەمڕۆ یان مسن یاخود زیوی قەڵب !

كەشتییەوانی یەكەم

بەڵام گەورەم ئاخر پارەی مس دەچێ و هەمووان وەریدەگرن.

وەهەب

ئەمە چ جۆرە شارێكە ؟

كەشتیەوانی یەكەم

گەورەم ئێستا چ بكەین؟

وەهەب

پارەکانتان بگۆڕنەوە ...

کەشتییەوانی دووەم

گەورەم بێگومان دەیگۆڕینەوە، بێگومان ...

( بە پەلە دەچنە دەرێ، وچان )

سەندیباد

هەزار ساڵ ! وەهەب تۆ دەڵێی چیی؟

وەهەب

ڕێی تێدەچێ گەورەم!

سەندیباد

کەواتە سەفەری حەوتەم ......

وەهەب

مرۆڤ نازانێ چ بڵێ!

یەکێك لە خەڵکی

ئەرێ ئەم برادەرانە باسی چیی دەکەن؟

یەکێکیتر

ئەمانە کەی ئەهلی زەوق و بەزم و ڕەزمن!

ئەویتر

لەوساوە قسەیەکی خۆشیان نەکردووە، جووڵەیەکی هەزەلییانەیان نەنوواندووە..

جادووگەر

ئێستا دەسپێدەکەن یان نا؟

یەکێکیتر

دەی گورجکەن ..

نووسەر

بەڵام کەسێکیتر بۆ تەمسیلەکە بدۆزنەوە، چونکە سەندیباد بونیامێکی بودەڵە و تووڕەهات بوو !

وەهەب

چۆن؟

نووسەر

ئاخر ئەو حەوت سەفەری بۆ پارە کرد، هەر لەبەر تەماعی پارەش براکانی بە تەنها جێهێشت !

سەندیباد

من برام نەبووە !

نووسەر

خەڵکی ئەم مەملەکەتە دەڵێم. ئەو هێندە کەسێکی تووڕەهات بوو کە هاووڵاتییەکانی بە تەنها جێهێشت.

وەهەب

ئەی هاووڵاتیەکانی چییان دەکرد؟

نووسەر

شەڕ.... شەڕیان دەکرد.

جادووگەر

لەگەڵ کێ؟

نووسەر

لەگەڵ میرێکدا کە ئەو زەمانە حوکمی ئەم وڵاتەی دەکرد!

سەندیباد

ڕاستە، ئەوکاتە خەڵکی ئەم مەملەکەتە دەجەنگین.

نووسەر

لە کاتێکدا ئاگر بەسەر ئەم مەملەکەتەدا دەباری، ئەو تێیقوچاند و ڕایکرد!

سەندیباد

نا ئەمەیان ڕاست نییە!

نووسەر

ئەدی چۆن ڕاست نییە؟ ئەو تەماعی پارە و سەروەت و سامان دابووی لە کەللەی، لە کتێبەکەدا نووسراوە: بە خەونی گەنجینە زێڕو زیوەوە ملی نا.

من بزانم دەشترسا !

جادووگەر

چۆن؟ لە چیی دەترسا؟

نووسەر

لە شەڕ دەترسا. کاتێك هەمووان لێرە دەجەنگین، ئەو حەوت جار بە بیانووی گەڕان بە دوای گەنجینەی زێڕو زیودا خۆی لە نەگبەتییەکان دزییەوە.

سەندیباد

وا نییە!

نووسەر

چۆن وا نییە؟ لە کتێبەکەدا وا نووسراوە ...

سەندیباد

حەز دەکەم هەمووان بزانن کە ئەم قسانە زوڵمن. سەندیباد ڕای نەکرد!

نووسەر

کەس باوەڕتان پێناکات، ئاخر کە شتێك لە کتێبێکدا نووسرا، ئیتر سڕینەوەی بۆ نییە!

( بێدەنگیی )

سەندیباد

سەندیباد تەنها سەفەری یەکەمی بە تەماعی گەنجینە زێڕو زیوەوە ڕۆی.

جادووگەر

سەفەری ............... یەکەم!

سەندیباد

من ئەو کات برسیی بووم، برسییەك سەفەری یەکەمی کرد!

نووسەر

ئەی باشە ئەو برسییە کەشتی لە کوێوە هێنا؟

سەندیباد

سێ ڕۆژی ڕێك لە برسانا، لە کەلاوەیەکی نزیك گۆڕەپانێکی وەك ئەم گۆڕەپانەدا کەوتبووم.. ( خەیاڵ دەیباتەوە ) بیرم دێ، دەمەو عەسر بوو، خۆر ئاوا بوو، تاریك داهات و بووە شەو، گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو......

(ئەو کەسانەی کە لەسەر شانۆن بەرەو بازنەی نیوە تاریکی شانۆ چوون. جادووگەر بە جلکی نۆفەلی بازرگانەوە بە پەلە دێتە سەر شانۆ، سەندیباد دەبینێ)

جادووگەر(نۆفەلی بازرگان)

کوڕی گەنج گوێڕادێرە! گوێڕادێرە! فریامکەوە، بڕۆ حەسحەسەکان ئاگادارکەوە، ژیانم لەخەتەردایە، دوو زەلام بەشمشێرەوە شوێنم کەوتوون!

سەندیباد

گەورەم ڕاکە، خۆت ڕزگارکە!

نۆفەلی بازرگان

هەموو ڕێگەکان داخراون، لە هەر لایەکەوە ڕاکەم، ئەوانە هەمدیس دێنەوە سەر ڕێگەم... دەی کوڕی گەنج، ڕاکە حەسحەسەکان ئاگادار کە، بە هەر جۆرێك لە تواناتدا هەیە یارمەتیم بدە ....

سەندیباد

ئای گەر برسیی نەبام و توانیبام بە پێوە خۆم ڕاگرتبا!

نۆفەلی بازرگان

کەواتە هەی بێ فەڕ .... بە هانامەوە نایەیت ...

( بە پەلە ڕادەکات، بەڵام کوت و پڕ ڕادەوەستێ و هاواردەکات )

یارمەتیی!

( دوو زەلامی شمشێر بەدەست لە تاریکییەوە دەردەکەون)

زەلامی یەکەم

خۆیەتی ..

( نۆفەلی بازرگان بە ترسەوە شمشێر ڕادەکێشێ و نائومێدانە بەرگریی لە خۆی دەکات.)

زەلامی دووەم

لەولاوە ، لە پشتەوە ....

نۆفەلی بازرگان

یارمەتی ی ی ی

سەندیباد

هاوارەکەیم بیست، کەسێك پێویستی بە یارمەتیی بوو، ئای گەر برسیی نەبوومایەو بمتوانیایە بە پێوە خۆم ڕاگرتایە ....

زەلامی یەکەم

نەهێڵی بۆی دەرچێت ..

نۆفەلی بازرگان

یارمەتی ی ی ی ی

سەندیباد

دەنگی شمشێر، بۆنی خوێن، بیرم کەوتەوە باوکم لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا کوژرابوو ..( هاوار دەکات ) ئەو شەوەی باوکمی تێدا کوژرا، ئەستێرە بە ئاسمانەوە نەبوو!

( دوو زەلامە شمشێر بەدەستەکە، کە سەندیباد دەبینن دەحەپەسێن، سەندیباد شمشێرەکە لە دەستی جادووگەر دەفڕێنێ .)

زەلامی یەکەم

وای فریاکەوە .... ( بەرگریی دەکا ) ئەم زەلامە شێتە لە کوێوە شالاوی بۆ هێناین ....

سەندیباد

( دەنەڕێنێ ) ئەو شەوە ئەستێرە بە ئاسمانەوە نەبوو ....

( دوو زەلامە شمشێر بەدەستەکە ساتێك بەرگری دەکەن، پاشان پاشەکشێ دەکەن و هەڵدێن. سەندیباد گەڕاوەتەوە ناوەڕاستی شانۆ)

نۆفەلی بازرگان

تۆ گیانی منت ڕزگار کرد ... ( سەندیباد دەکەوێت ) چ بوو ..کەوتیت؟

سەندیباد

گەر تێر بوومایە، هەزاران سوپای دونیا نەیاندەتوانی بمخەن ...

نۆفەلی بازرگان

خوێن ... جێگەزام ....( سەندیباد دەبووژێتەوە، وچان ، نۆفەلی بازرگان هەڵدەسێ ) گەر بێ باوك بێ ئەوا دەیکەمە کوڕی خۆم. من نۆفەلی بازرگانم و کوڕم نییە، وا ئیمشەو ، دوای سالانێك گەڕان، ئەو کەسەم دۆزییەوە کە بەدووایدا دەگەڕام ...( دوو کۆیلەی ئەڵقە لە گوێ بە پەلە دێنە سەر شانۆ ) ئەم کوڕە گەنجە ببەنەوە ماڵێ، کلیلی پارەو سەروەت و سامانەکەمی بدەنێ..

کۆیلەی یەکەم

گەورەم دەیناسیت؟

نۆفەلی بازرگان

دەمەوێ بیناسم ... دەی بیبەنەوە ماڵەوە!( دوو کۆیلەکە واقوڕماوانە سەندیباد دەبەنە تاریکایی شانۆوە ) هیوادارم لە ماڵەکەمدا بمێنێتەوە، بەلام گەر حەزی نەکرد و نەیویست ببێتە میراتگرم، ئەوا کەشتییەکی دەدەمێ، کەشتییەك بە هەموو چەشنە بارێکەوە، بە هەموو جۆرە کەلوپەلێکەوە، لەگەڵ سەد کەشتییەواندا ....

( نۆفەلی بازرگان بەرەو تاریکیی دەڕوات، سەندیباد لەسەر سەکۆکەیە )

سەندیباد

ئەوا چارۆکەمان هەڵدا
کەلەپەل و کوتاڵمان برد
هەر شتەی لە جێگەیەکەوە
هەر ئەوانە ئاگادارن کە دەزانن
ئێمە چ جۆرە شتێکمان
بۆ چ جێگەو بۆ چ هیواو ئومێدێك برد
کلیم و فەرش و ڕایەخمان
بۆ وڵاتە نامۆکان برد
مەی و شەراب و فەلسەفە
شیعرو ئاوازو سازمان برد
بەیتی شیعرمان
لەسەر داری ئەبەنۆس هەڵکۆڵی
نەخشی باڵندەی سیحرمان
لەسەر ڕووی شاڵی زەرد چنی
عەبای میهرو دێوانەیی
جبەی ئاوینی زێڕکەفت
چنراو بە تان و پۆی ئەڤین
چنراو بە دەست و سەر پەنجەی
دە هەزار ژن
بە دەست و سەر پەنجەی دە هەزار پیاو
بۆ چ جێگەو بۆ چ خولیاو ئومێدێك برد !
چیی و چییمان برد؟
جامۆڵکەی گێتیی بینمان برد

گەوهەری شەوانە چراو

تەختەی گینۆ، لەگەڵ قۆزاخەی ئاوریشم

چراوگی مس، کاسەو گۆزەی نایابمان برد

فەرشی سەیر، وەستای کارامە و دەسڕەنگین

نیگار کێش و

بەڕەی جودا لەیەك چنراومان برد

( دوازدە پیاو، لەسەر هەردوو ستوونی سەکۆکە دادەنیشن، ئەوانە کەشتییەوانەکانی سەندیبادن )

سەندیباد

ئەوا چارۆکەمان هەڵدا و کەشتییەکەمان

لە بێ بواری زەریادا، لەگەڵ با دا

کەوتۆتە ڕێ و دەڕوا

( کەشتییەوانەکان سەوڵ لێدەدەن )

کەشتییەوانەکان

سەوڵی کەشتییەوان لە جووڵایە

باسکی سەد پیاو لە جەنگایە

هێزی سەد سەوڵ

لە لێدان و لە لێدان و لێدانایە

سەندیباد

سەد ڕۆژ تێپەڕیی، وابزانم سەدو سێ ڕۆژ

وا بزانم لە خۆرئاوا بووندا

کەشتییەکەشمان وا لە مەداری با دایە

کەشتییەوانەکان

با ی خۆرهەلات

( دەنگی تەپڵ )

کەشتییەوانەکان

ئاو بە باڵای ئاودا سەرکەوت

ئاودا سەرکەوت

پشتی هەور

ڕووی ئاو

ڕووی شەپۆل

برووسکە دەدات ، بروسکە

وەهەب

با دەکوتێت

کەشتییەوانەکان

شەپۆل لەسەر شەپۆل

دەتلێتەوە و دەنرکێنێ

گرمە لە پشتی گرمەوە

های ... های .... های ....

بووە زریان ... بووە زریان ... بووە زریان

سەندیباد

لافاو دەبارێ

کەشتیەوانەکان

دەبارێ ... دەبارێ ...

بۆتە شەپۆل ...وا سەری کرد

بووەتە شاخ ... بووەتە شاخ ... بووەتە شاخ

ئەوا هەمدیس دەنرکێنێ.

دەستەیەکی تری کەشتییەوانەکان

شاڵاو دێنێ ... لوولدەخوات

هەموو

های ... های ... های

بۆته باران .. بۆته زریان

وەهەب

با چارۆکەکەی لەت و پەت کرد

شەپۆلەو ڕەهێڵەو زریان

بورجی چارۆکەکەیان ڕماند

سەفدەر

کاپتن ... سەوڵەکان شکان. چ بکەین؟

وەهەب

هەر بە شکاویی سەوڵ لێدەن

عەبدوڵڵا

کاپتن گوریسەکان پچڕان!

وەهەب

گرێیان بدەنەوە!

سەندیباد

ئا .. کابرا بچۆرە ئەولاوە! چییە سوکانەکەت پێ ناگیرێت؟

حوجەت

گەر تێر بوومایە، دە هەزار سوکانم پێ دەگیرا!

سەندیباد

کەواتە بۆ ئەوەی زوو تێر بیت، سەوڵ لێدە!

دەستەی یەکەمی کەشتییەوانەکان

وای ... وای ... وای

ئەوە با یە

ئەوە هەورە بروسکەیە

ئەوەش شەپۆل

دەستەی دووەم

ئاو بە باڵای ئاودا سەرکەوت

ئاودا سەرکەوت

دەستەی دووەم

های .. های .. های

ئەمە چیا ... ئەمەش لافاو ... ئەمەش لوتکە

دەستەی دووەم

هەورە بروسکەیە ... بروسکە

سەندیباد

وەهەب لە کوێین؟

وەهەب

لە مەداری سەرەتان

سەندیباد

هەوا بکەنە مەشکەکانی با وە

دەستەی یەکەم

شەپۆل خۆی لە هەور دەدا

پشتی هەور، پشتی هەور

دەستەی دووەم

وای ... وای ... تاریکیی

سەندیباد

ڕۆحی مردووان لە بنی زەریاوە هاوار دەکەن.

وەهەب

شەو باڵ لێکدەدا

سەندیباد

تارمایی شەپۆلەکان، وەك نوقلأنەی مەرگ نزیك دەبێتەوە!

کەشتییەوانەکان

هیوا بڕاو خۆمان

سەندیباد

کەشتییەکە شکا

تەختە لێکترازاوەکان

چەواشە و بێ مەبەست ڕێ دەکەن

کەشتییەوانەکان

با دەلووریێنێ ... دەلووریێنێ ... دەلووریێنێ

هەور دەبارێ

هەر وەك چیا لە پاڵی چیاوە

شەپۆل دەچێتە پاڵ شەپۆل

ڕەجەب

ئای تاشەبەردێك ، گەرداوێك

کەشتییەوانەکان

هەمدیس ئاژاوە و ژاوەژاو

ژاوە ژاو ... ژاوە ژاو

سەندیباد

هەورە بروسکەیە ... بروسکە

ڕەسوڵ

ئای .. وشکانیی ... کەنارێك

کەشتییەوانەکان

نا .. نا .. خەونە

سەندیباد

هەورە بروسکەیە .. بروسکە

ڕەسوڵ

ئای ... قەڵایەك ، بەندەرێك

جوجەت

ئای ... دەیبینم، خەون نییە

وەهەب

خەون نییە، ئەوە کەناری زەریایە !

کەشتییەوانەکان

کەنارێك یاخود دورگەیەك

یان شارێك

لە شارەکەشدا بازاڕێك، گۆڕەپانێك

خەڵکانی شارێك، دیدارێك

سەندیباد

ئا لەو شارەدا سترانێك

کەشتییەوانەکان

دەربارێك ، پادشایەك ....

( جادووگەر لە شێوەو جلوبەرگی پادشایەکی چینیدا دانیشتووە و هەمووان کڕنۆشی بۆ دەبەن، بە ئاماژەی دەستی پادشا لە هەردوو لای سەکۆکەوە، بە کڕنۆش بردنەوە دادەنیشن، لەلای دەستی پادشاوە پیاوێك دانیشتووە و قسەکانی تەرجومە دەکات.)

تەرجومان

من تەرجومانی پادشای خاوەن شکۆم، ناوم "یەوان "ە، ئەوەی کە پادشا دەیفەرمویَ من بۆتانی تەرجومە دەکەم.

( وچان، پادشا دەدوێت.)

تەرجومان

خاوەن شکۆ دەفەرمویَ، دیارییە نایابەکانتانم بینی و خۆشحاڵ بووم، لێتان بە زیاد بێت، میللەتەکەتان هەر شادو دڵشاد بێت، هۆش و ئەقڵتان

هەر لە برەودا بێت، خاوەن شکۆ دەڵێ، لە دەرباری پادشادا بە دڵی ئیسراحەت دانیشن، پێشینان فەرموویانە دانیشتن لەگەڵ پیاوێکی گەڕۆك و گەشتیاردا، بەرامبەر وتووێژ کردنە لەگەڵ حەوت حەکیمی دانادا، خاوەن شکۆ دەفەرموێ ئەو وتەیەی لەسەر ڕووی پێستە ئاسکێك بینیوە و بە خەزنەدارەکەی خۆی سپاردووە تاکو لە گەنجینەکەدا بیپارێزێ. خاوەن شکۆ دەفەرموێ حورمەتم بۆتان هەیە، چونکە حەکیمە دێرینەکانی خۆرهەڵات فەرموویانە: ئەوەی لە ڕێیەکی دوورترەوە هاتبێت، شایستەی ڕێزو خۆشەویستییەکی زیاترە. لە سی و دوو ڕێگەی ژیاندا تەنها یەکێکیان بە ڕق و کینە دوایی دێت. لەبەر ئەوە، خاوەن شکۆ مۆڵەتی ئەوەتان دەداتێ کە لێرە کاڵاو کەلوپەلەکانتان بە بازرگانان بفرۆشن، هەروەها مۆڵەتیشتان دەداتێ هەرچیتان دەوێ لەو بازرگانانەی بکڕن، چونکە هەر لە مامڵەی کڕین و فرۆشتنەوەیە کە خۆشەویستی دروست دەبێت. هەروەها خاوەن شکۆ سێ نیگارتان پێشکەش دەکات کە لەسەر ئاوریشمی پوخت نەخشکراون و سێ نیگارکێشی دەسڕەنگین، لە نێو سەدو بیست ڕەنگدا، ڕەنگەکانیان بۆ نەخشاندنیان هەڵبژاردوون. جگە لەوەش خاوەن شکۆ مۆڵەتی ئەوەتان دەداتێ، لە جێژنی شکۆفەی گێلاسدا گوێ بۆ گۆرانی چڕینی کیژۆڵەکەی ڕادێرن.

**وەهەب**

**لە جێژنی شکۆفەی گێلاس .....**

**سەندیباد**

**( دەچێتە لاوە ) خودایە چ گۆرانییەك بوو! وەهەب گوێت لێبوو؟**

**وەهەب**

**لە بیریکە ...**

**سەندیباد**

**لە هەموو ژیانمدا گوێم لە گۆرانییەکی ئاوها خۆش و ناسك نەبووە ...**

وەهەب

گەورەم ....

سەندیباد

وسبە ...

وەهەب

دەترسێم شتێکت بەسەر بێت، گەلێك نیگەرانی تۆم ...

سەندیباد

وەهەب بێدەنگ ...

کەشتییەوانەکان

بێدەنگ!

سەندیباد

نەترسایت؟ نەترسایت ڕۆژێك ئەم جووانییە .... ئەم شۆخ و شەنگییە ....

وەهەب

سەندیباد هێور بەرەوە!

کەشتییەوانەکان

هێور ...

سەندیباد

وەهەب کفرە ئەم جووانییە بشێوێت .... کفرە، کفر ... وەهەب ئەوە هەڵدەلەرزیت؟

غەیور

پردی هەڵواسراو ڕاکێشن!

شوجاع

لەنگەرەکە بەرز کەنەوە ....

سەندیباد

دەستەکانی ... قامکۆڵەی عاج لەسەر ژێی ساز، دوو کۆتری سپیی باڵەکانی خۆیان دەدەن لە ئاو ...

**غەیور**

چارۆکەکان لە ڕەوتی "با" دان ...

**شوجاع**

سوکان ڕووە و کەناری خۆرئاوا ...

**سەندیباد**

چاوانی ... نەلەرزیت ؟ کاتێك چاوەکانیت بینی نەلەرزیت؟ چاوانێك بە ڕەنگەکانی پەلکە زێڕینە ...

**غەیور**

ماڵئاوا ئەی خانووە قامیشەکان ...

**شوجاع**

ماڵئاوا ئەی زەویە چێنراوەکان بە برنج ...

**سەندیباد**

ئەی پێوپلیی! ئاوریشمی زەرد کە لەبەر هەتاودا با دەیهێنێت و با دەیبا...

**کەشتییەوانەکان**

وا خانووە قامیشەکان دوور دەکەونەوە ..

ماڵئاوا ئەی پەلکە سەوزەکان

بەلەمەوان و بەلەمەکەشی دوور دەکەونەوە...

**سەفدەر**

ماڵئاوا ...

**کەشتییەوانەکان**

کەنارەکەتان دوور دەکەوێتەوە و

ئێمەیش وا دوور دەکەوینەوە ...

**سەندیباد**

**من كە سەندیبادم تا ئەمڕۆ لە مانای ئەڤین نەگەیشتبووم، من هەر بەو جۆرە ڕۆژەکانی جحێڵیم بەسەر بردوون کە چ خۆشییەکم تیایاندا نەچەشتووە، وا ئیمڕۆ زانیم کە چەندە بێ ئاگا بووم. لە سێیەمین مانگی بیست و چوارەمین ساڵی تەمەنمدا کیژۆڵەیەك بە تیری نیگای نیشانەی لە دڵم گرتەوە ...**

**دەستەی یەکەمی کەشتییەوانەکان**

**هەمدیس زەریا ... هەمدیس زەریا**

**دەستەی دووەم**

**تەنیاییەکی هەمیشەیی**

**دووبارەبوونەوی کارەکان**

**سەولْ لێدان لە شەپۆل**

**تەپڵ کوتان!**

**دەستەی یەکەم**

**وای ... وای تەنیایی**

**تەنهایی ... تەنیایی**

**سەندیباد**

**وەهەب، کەشتییەکە بگەڕێنەرەوە!**

**وەهەب**

**بۆ کوێ گەورەم ؟**

**سەندیباد**

**بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتین!**

**وەهەب**

**ئاخر نابێ گەورەم، نیوەی ڕێگەکەمان بڕیوە ....**

**سەندیباد**

**وەهەب ، گەر گەیشتبینە ئەوپەڕی دونیاش دەبێ بگەڕێینەوە!**

وەهەب

به قسەت ناکەم گەورەم ...

سەندیباد

لەگەڵ تۆمە کابرا ... بگەڕێرەوە!

وەهەب

گوێم لێتە گەورەم ..

سەندیباد

فەرمانت پێدەکەم، ناچارت دەکەم ... بگەڕێرەوە!

وەهەب

ناتوانیت! من کەشتییەوانی نۆفەلی بازرگانم نەك تۆ!

سەندیباد

زۆر باشە، مادام وایە خۆم کەشتییەکە دەگەڕێنمەوە..

وەهەب

ڕێگەت نادەم، بە شمشێر ڕێگەت لێدەگرم ...

سەندیباد

هەی بی ئەقڵ ... بچۆ ئەولاوە ئەگینا دەتکوژم ...

وەهەب

ناچمە ئەولاوە ... ئەمانە دەیانەوێ بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنەوە ...

سەندیباد

منیش هیچم پێناکرێت ... لە یەکەمین ڕۆژی پێنجەمین مانگی بیست و چوارەمین ساڵی تەمەنما، ئاسمان بە ڕەنگێکی تر دەبینم ...بەڵام هیچم لە دەست نایەت!

ڕەسوڵ

کە ..... نا ............ر!

حوجەت

بەندەر!

ڕەسوڵ

نیشتیمان ...

حوجەت

لەنگەر!

سەندیباد

( هاوار دەکات ) های ...ی ...ی ...ی .........

( بێدەنگیی، سەندیباد سەر هەڵدەبڕێ و ڕوو دەکاتە جادووگەر)

کاتێك پێمنایە کەنار، ئەوە تۆ نەبوویت کە بینیمیت؟ لەنێوان کۆمەڵە خەڵکەکەدا تۆ نەبوویت کە .......

جادووگەر

کە ... چیی؟

( وچان )

سەندیباد

پیاوێکی برسیی یەکەمین سەفەری کرد!

نووسەر

چیی هێنایەوە؟

سەندیباد

تێریی بۆ خەڵکانی ترو تینوێتیش بۆ خۆی!

نووسەر

نەخێر، تێریی بۆ نۆفەلی بازرگان هێنا، ئەو سامانەی تۆ هێنات هەمووی بۆ ئەو بوو!

وەهەب

ڕاستە بۆ ئەو بوو....

نووسەر

تۆ خۆیشت میراتگری ئەو بوویت!

سەندیباد

من میراتگری هیچ کەس نەبووم، نۆفەلی بازرگان سامانەکەی بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا دابەشکرد.

نووسەر

کتێبەکە هیچی لەبارەی ئەمەوە نەنووسیوە!

سەندیباد

من خۆم داوام لە نۆفەل کرد کە سامانەکەی بەسەر خەڵکی ئەم شارەدا دابەشکات...

نووسەر

ئەی دوای ئەوە چ بوو؟

سەندیباد

وەك چیی ؟

نووسەر

میر جابر ئەو سامانەی بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد ...

( وچان )

یەکێك لە خەڵکی

کەواتە جەنابت میرت تێر کرد نەك خەڵکیی!

سەندیباد

من چۆن بمزانیایە کە ئاکامەکە وا دەشکێتەوە ....

یەکێکیتر لە خەڵکی

ئەم برادەرە ئەکتەرێکی چاکە!

یەکێکیتر

زۆر بە باشیی دەوری بێتاوانێك دەبینێ!

نووسەر

هەمووی خەتای تۆ بوو .....

سەندیباد

چۆن؟

نووسەر

خەتای تۆ بوو ...

سەندیباد

ئەم تۆمەتە پووچ و بێبناغەیە...... ئاخر ئەوکاتەی کە میر قازانجەکەی نۆفەلی بەناوی خۆیەوە تۆمار دەکرد، ئەو کاتە من لەوپەڕی زەریای هیند بووم ...

نووسەر

کێ شایەتە؟

وەهەب

من شایەتم، وەرزێك لەوەو بەر ئەو بەڕێکەوتبوو ...

نۆفەلی بازرگان

خوات لەگەڵ کوڕم!

کەشتییەوانەکان

ماڵئاوا!

نۆفەلی بازرگان

خودایە تۆبە، جویێ بوونەوە لەئازیزان زۆر سەختە.

سەندیباد

نوفەل ئەوە دەزانم، هەر لەبەر ئەوەشە دەڕۆم..

نۆفەلی بازرگان

ئاخر کوڕم دڵم لاتەو دەترسێم، دەترسێم پادشا ڕقت لێهەڵگرێت..

سەندیباد

هەموو ڕق و تووڕەیی ئەو بە لایەك و نیگایەکی کیژۆڵەکەشی بە لایەکی تر...

نۆفەلی بازرگان

ئای گەر بمتوانیایە نەمهێشتایە بڕۆیت!

سەندیباد

ئای گەر بمتوانیایە نەڕۆیشتمایە!

نۆفەلی بازرگان

دەبێ زوو بگەڕێیتەوە ...

سەندیباد

دەبێ زوو بڕۆم ...

جەعفەر

چارۆکەکە بەرز کەنەوە ...

ڕەسوڵ

حە .... رە ....کە ... ت!

کەشتییەوانەکان

ئەم پیاوە تینوو بوو ....

وەهەب

دوور دەکەوێتەوە ....

کەشتییەوانەکان

ئێمەیش دوور دەکەوینەوە ..

سەندیباد

توندتر سەوڵ لێدەن، زیاتر پەلەکەن، بەرزتر تەپڵەکان بکوتن ...

کەشتییەوانەکان

چارۆکەیەکی سوور

بەگوریسی زەرد

بەسەر ئاوی سەوزەوە

بە با دەڕوات ...

سەندیباد

سەوڵ لێدەن ... سەوڵ لێدەن، خێراکەن، خێراکەن، توندتر سەوڵ لێدەن، بەرزتر تەپڵ بکوتن، بەرزتر بیکوتن ..

کەشتییەوانەکان

ئاخ ... قامچییەك ... ئا

قامچییەك،

پشتمان بە خوێن ڕەنگین

پێ لە بەنددا، لە زنجیرا

دەستی دە پیاو و دە قامچی

دەکوتن و دەکوتن و هەر دەکوتن!

نووسەر

ئەها کابرا ... پەلەی چیتە؟

سەندیباد

بەڵێنم بەخۆم داوە ..

نووسەر

ئەی کەشتییەوانەکان چۆن؟ پەلە پەلی تیاچوون بۆ تۆ مانایەکی هەیە، بەڵام ئەی ئەوان بڵێن چیی؟ ئەوانە بە دوای چییدا پەلەیان بێت؟

سەندیباد

بەدوای کرێکانیاندا ....

نووسەر

ئاخر تۆ کرێی سەوڵ لێدانیان دەدەیتێ، ئەی کێ کرێی قامچی لێدانەکانیان دەداتێ؟

سەندیباد

من ناتوانم ئەم سەفەرەم وەك سەفەرەکانی تر بڕۆم، ئێستا زەمەن لە لای من درێژترە ...

**نووسەر**

تۆ کۆمەڵە خەڵکێك دەکەیتە قوربانی بەرژەوەندیی خۆت... کابرا بسڵەمێوە! بترسە!

**سەندیباد**

ترس؟ ئێستا ساتی پەرۆشبوونە نەك ترس .... توندتر، توندتر، هەر کەسێك خاوە خاو بکا، دەیکەمە خۆرامی ماسییەکانی زەریا !

**قامچی لێدەری یەکەم**

خۆراکی نەهەنگەکان ...

**قامچی لێدەری دووەم**

خۆراکی مار ماسییەکان ...

**قامچی لێدەری سێیەم**

خۆراکی ئەستێرە زەریاییەکان ...

**قامچی لێدەری یەکەم**

کەواتە پەلە بکەن ..

**سەندیباد**

هەر شەپۆلێکمان بە حەفتاو پێنج ڕەنگ بەرێکرد
زەریاش بە سەد گۆرانی و نەغمەیەك

**کەشتییەوانەکان**

لە تاریکیی هەر شەوێکدا
سەدان هەزار پۆلە تارماییمان بینی
تارماییەك،
کە دەردەکەوی و نامێنێ

**قامچی لێدەری یەکەم**

زەریا تەی کەن، زەریا تەی کەن
تا ئەو کاتەی کەدەبینن
پێستی لەشتان شەقار بووە

قامچی لێدەری دووەم

تا ئەو کاتەی کە دەبینن
هەناسەتان لەبەر دەبڕێ

قامچی لێدەری سێیەم

تا ئەو کاتەی کە دەبینن
هۆش لەسەرتانا نەماوە

کەشتییەوانەکان

ئەوە قامچیی بوو
ئەژدیهای هەور
یاخود ڕەشەبای سەد گرێ
کێوی شەپۆلەکان
یاخود گۆڕستانی زەریا

سەندیباد

توندتر ... توندتر ... توندتر

قامچی لێدەری یەکەم

دەی شەپۆلەکان شەقار کەن

سەندیباد

قایم ... قایم ... قایمتر

مەنسوور

هەی شێتینە ...

سەندیباد

ئەوە کێ بوو؟

مەنسوور

من بووم. هەی سەندیبادی شێت بۆ کوێ؟ با لەگەڵمان نییە!

سەندیباد

ئەو پیاوە بتاسێنن!

مەنسوور

ئاخر کوا با ی گونجاو ...

سەندیباد

دەی بیکوژن ...

مەنسوور

ئاخ گەر ئەم زنجیرە نەدەبوو ...

سەندیباد

فرێی بدەنە زەریاوە ...

ڕەسوڵ

کە ... نا ... ر.

سەندیباد

( حەپەساو ) دەبینم ...

قامچی لێدەری یەکەم

گەورەم چیی لەم پیاوە بکەین؟

سەندیباد

کێ؟ ( ئاوڕ دەداتەوە ) چیی کردووە؟ ( بە مەنسوور ) ناوت مەنسوور نییە؟

مەنسوور

ناوم هەر چییەکە!

سەندیباد

لێی گەڕێن!

قامچی لێدەری یەکەم

گەورەم  دڵت خۆش نییە؟

سەندیباد

با ... دڵم خۆشە، زۆر زۆر ... شتێك لە ناخمدایە و نازانم چییە !( کەنار نزیکتر بۆتەوە) شتێکە کە ڕق و کینە دەکرێ و تووڕەیی دەفرۆشێ. ئای شێتێتیی، شێتێتیی ...  من شێتانە لەگەڵتانا ڕەفتارم کرد، فەرموو ئەمە قامچی و تۆڵەی خۆتانم لێبکەنەوە.. مەنسوور  وەرە قامچییەکە بگرە ...

مەنسوور

نا ...

سەندیباد

( بەیەکێکیتر ) وەرە تۆ بیگرە ....( بە یەکێکیتر ) تۆ ... تۆ ..( هەموو پاشەو پاش دەکشێنەوە) ئای ئێوە چەند لەمن گەورەترن!

ڕەسوڵ

وەرنە خوارێ ... هەمدیس وڵاتی چین ...

سەندیباد

وەرنە خوارێ ... چۆن بتوانم قەرەبووی ئەو ڕەفتارە شێتانەیەم بکەمەوە ... بمبوورن !

ڕەجەب

گەورەم .... دەڵێی چیی... ئیتر عیشقە ..

مەنسوور

گەورەم بیر خۆتی بەرەوە ...

سەندیباد

ئا کابرا ... هەر کەشتییەوانێك و سێ قاتی کرێکەی خۆی بدەرێ .. چاو لەبەشەکەی من بپۆشە، دەی هاوڕێیان وەرنە خوارێ ... دیدەنییەکی خۆش...

غەیور

ئەی تۆ چۆن ؟ لەگەڵ ئێمەدا نایەیت؟

سەندیباد

من ئەم ڕێگە درێژەم لە گەڵ ئێوەدا و بە پێی ئێوە بڕیوە ... ئێستاش ئیتر دەبێ بە پێی خۆم بڕۆم ... زووتر ... زووتر!

ڕەجەب

بۆ کوێ؟

سەندیباد

بە پادشا بڵێ نازانم بۆچی بەم چەشنە خەمبارە، پێی بڵێ بەشداری خەمی دەکەم...

تەرجومان

خاوەن شکۆ دەفەرموێ باشترین هاوڕێ ئەوەیە کە خەمی هاوڕێکەی لەگەڵ خۆیدا بەشدەکا ...

سەندیباد

پێی بڵێ من ئەمجارەیان بۆ مامەڵەیەك هاتووم کە دەستێکی بەتاڵ و دڵێکی دەوڵەمەند دەیکا. پێی بڵی گەر لێم قەبووڵ دەکا، ئەوا بەختیاریم لەگەڵ خۆمدا بۆ ئێرە هێناوە، پێی بڵی من ئەو بە ختیبارییە نادەم تا بەختیبارییش بە من نەدرێ. پێی بڵێ بە ڕێگەیەکی دوورو درێژدا و لە وڵاتێکی ئاوەدانەوە بەختیاریم بۆ چاوانی پەلکە ڕەنگینەیی کیژۆڵەکەی هێناوە، منیش بەختیاریم لەو دەوێت...

تەرجومان

پادشای خەمگین بە چاوانێکی فرمێسك تێدا قەتیس ماوەوە دەفەرموێت، من چ دەروازەیەك بە ڕووی میوانەکەمدا داناخەم، مەگەر دەروازەیەك کە خۆی هەر لە بنەڕەتەوە داخرابێت، خاوەن شکۆی دڵتەنگ دەڵێت، دەبێ میوانەکەم بەر لەهەر شتێك وەڵامی پرسیارێکم بداتەوە. پرسیارەکەش

ئەوەیە کە خاوەن شکۆ لە هەموو خوازبێنیی کەرێکیتری کردووە. خاوەن شکۆ دەڵێ پرسیارەکە ئەمەیە : بەختیاریی چییە؟

( وچان )

سەندیباد

بە خاوەن شکۆ بڵێ ، وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە ...

تەرجومان

خاوەن شکۆ دەڵێ بۆ وەڵامەکەی پەلەم نییە ...

( وچان )

سەندیباد

هەر بە ڕاست نازانم !

تەرجومان

خاوەن شکۆ دەفەرموێ، چۆن ئەم میوانە ئازیزەمان لە پێناوی بەخشین و وەرگرتنی شتێکدا هاتووەو شتێکی دەوێت کە نازانێ چییە؟ ئەلعانیش پادشا کە بە هەر حەوت دەروازەی خەمدا تێپەڕبیوە، دەڕوات تاکو بە پرژانی گوڵاوی خونچەی گێلاس و گوڵی بۆنخۆش بە ئەرزدا، سەبووری دڵی خۆی بداتەوە ...

( پادشا دەڕوا )

سەندیباد

بۆچی پادشا ئەمڕۆ لەگەڵمدا میهرەبان نەبوو؟

تەرجومان

لەم ڕۆژە خەمگینانەدا، خاوەن شکۆ تەنانەت لەگەڵ خۆیشیدا میهرەبان نییە.

سەندیباد

بۆچیی؟ چ بووە؟ هاوڕێم بدوێ! ئەوە چ دەردێکە کە ناتوانرێ دەواکەی لە باکووریترین خاڵی دونیاشدا چنگ بخرێت؟

**تەرجومان**

**مەرگ!**

**سەندیباد**

**هاوڕێم لەبارەی مەرگەوە مەدوێ! لەبارەی خەمی خاوەن شکۆوە بدوێ ...**

**تەرجومان**

**لە نسکۆی مەرگی شازادە لیانگ ی کیژە چکۆڵەیدا ....**

**سەندیباد**

**گوتت چیی؟**

**تەرجومان**

**شازادە لیانگ کە شایستەی هەزار ساڵ تەمەن بوو، چیتر زیندوو نییە ...**

**سەندیباد**

**کابرا تۆ درۆ دەکەیت ...**

**تەرجومان**

**خۆزیا درۆ بووایە ..**

**سەندیباد**

**ئەی کەواتە من بۆ زیندووم؟**

**( وچان )**

**تەرجومان**

**لە هەژدەهەمین بەهاری سەد بەهاری کیژۆڵەکەی خاوەن شکۆدا، دەروازەی باخێك داخرا، لە ڕۆژانی پڕ خێرو بەرەکەت و بێ تۆفاندا، بای خۆرئاوایی لەو دیو شورا بەرزو بڵندەکەوە هەڵیکرد و زەردە پەتای لەگەڵ خۆیدا هێنا، هەژدیها، هێورو ئارام، بەوپەڕی گوڕو هێزی خۆی هەستایە سەر پێ، کیژۆڵەکەی خاوەن شکۆ هەستی بە نزیك بوونەوەی مەرگی خۆی کرد، بۆیە بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسکەوە دوا گۆرانی خۆی چڕی، لە پێنجەمین ڕۆژی یەکەمین مانگی پێش مەرگیدا، لە بیست و پێنج خوازبێنیکەری بە شکۆ کە**

له هەموو جێگەیەکی دونیاوە هاتبوون، لەگەڵ حەوت حەکیمی مەنچوری و تیبتیی و سەراندیبی و وڵاتەکانی باکووری پرسیی: بەختیاریی چییە؟ کەچی هەموو ئەو خاوەن شکۆیانە وەڵامەکەیان نەزانی و قوڕو قەپیان لێکرد ...

**سەندیباد**

بەختیاریی چییە؟ ( هاوار دەکا ) بە خت ... یا ... ر .... یی ...

( هەمووان پێدەکەنن، سەندیباد بە خۆیدا دێتەوە )

له تەواوی ڕێگەی گەڕانەوەمدا پرسیم: بەختیاریی چییە؟ بینیم بێدەنگیی هەورەکان چەندە تاڵن و چ خەندەیەکی گاڵتەجاڕییان وا لەسەر لێو!

**یەکێك له خەڵکی**

کەشتییەك ...

**یەکێکیتر**

کەشتی هاوڕێ ...

**ئەویتر**

کام هاوڕێ ؟ بۆچیی هێشتا ماوە؟

**سەندیباد**

لەهەر ڕێبوارێك له کاتی هەڵهاتنا دەپرسم برا گیان بەختیاریی چییە؟ کەچی ئەو دەکەوێتە ناڵە ناڵ ...

**خەڵکیی**

ئێرە جەنگ بوو ...
هەر ساتێك بۆ ساتێکیتر
سەخت و سەختتریش دەبوو ...
لێرە هاوار بوو ...
هەر ساتێك بۆ ساتێکیتر
زیاتر دەبوو ..

لێرە جەنگ بوو ...

جەنگی برسی و لاوازەکان

لەگەڵ تێرە مەستەکانا

ئەمە قامچیی بوو

ئەوەش دیلیی و تێهەڵدان بوو

لێرە ... لێرە هەڵاتن بوو

ڕاکردن بوو!

**سەندیباد**

منیش لە هەر ڕێبوارێکی ڕاکردوو دەپرسم، برا گیان بەختیاری چییە، کەچی  ئەو دەداتە خوڕەی گریان ...

**خەڵکیی**

ئێمە دەگرین ...

**سەندییباد**

لە یادمە تەنها یەك کەس، یەك کەس بە دەنگی بەرز پێکەنی .. (بە جادووگەر) تۆ نەبوویت؟ ئەو کەسە تۆ نەبوویت کە ....

**جادووگەر**

کە .... چیی؟

**خەڵکیی**

بازاڕ تینوو

جەنگ لە بازاڕ

لێرە هەڵفریواندن و

لەوێش تەناڤ دار ....

**سەندیباد**

( بە ڕێبوارێك ) هاوڕێکەم ، نۆفەلی بازرگان لە کوێیە؟

**ڕێبوار**

نازانم ...( هەڵدێ )

سەندیباد

( بە یەکێکیتر ) برا ... ئەرێ نۆفەلی بازرگان لە کوێیە؟

پیاو

ئەو ناوەم بەر گوێ کەوتووە ...

سەندیباد

پیاوێکی چاکە ... ها ؟

پیاو

ڕەنگە پیاوێکی چاك بووبێ!

( پیاوەکە لە نێو خەڵکەکەوە بزر دەبێ )

سەندیباد

ئا ڕاوەستە ...( بە یەکێکیتر ) کابرا، چ هەواڵێکی نۆفەلی بازرگان دەزانیت؟

پیاو

خانووەکەیان کردۆتە قەرەبرووت!

سەندیباد

بۆچی؟

پیاو

بۆچی تۆ بڕوات بە قەزاو قەدەر نییە؟

سەندیباد

ها؟ ( پیاوەکە لە نێو خەڵکەکەدا بزر دەبێت، بە وەهەب ) ئای وەهەب هەواڵ چییە؟

وەهەب

جەنگە!

سەندیباد

وەهەب ... شمشێرێکیش بدەرە من ...

وەهەب

یەکەمین کەسێك کە دەیکوژم شمشێرەکەی بۆ تۆ ... لێرە چاوەڕێمکە هەر ئەلعان بۆتی دەهێنم ...

سەندیباد

وەهەب ....( وەهەب لە نێو خەڵکەکەدا بزر دەبێت، نۆفەلی بازرگان لە قولایی شانۆوە، شەکەت و زامدار دێتە پێشێ )

جادووگەر

کوڕم سەندیباد ...

سەندیباد

نۆفەل چ بووە؟

جادووگەر

دەستم بگرە ...

سەندیباد

نۆفەل ... زامداریت؟

جادووگەر

زامی نەشتەری هاوڕێیان قووڵترین زامە ... گوێ ڕادێرە ...

سەندیباد

کێ؟ کێ زامداری کردوویت؟ پێمبڵێ ...

جادووگەر

سەندیباد ... گوێڕادێرە ( دەکەوێت بە ئەرزدا، سەندیباد سەری دەنێتە سەر کۆشی خۆی) ژیانت بە خەیاڵی تۆڵە سەندنەوەوە بە هەدەر مەدە ... گوێڕادێرە ..

سەندیباد

کێ بوو ؟ بە تاقە وشەیەك بڵێ کێ بوو؟

جادووگەر

سەندیباد لە وشەیەك زیاترم هەیە پێتی بڵێم ... دەزانیت ئەوانە بۆچی دەجەنگن؟

سەندیباد

نا نۆفەل، نازانم بۆچی دەجەنگن، من دوێنێ گەڕاومەتەوە و هیچ شتێك نازانم ..

جادووگەر

میرێك کە دەویست جڵەوی دەسەڵاتەکەی مەحکەم کات، ئەو خەڵکەی کردووە بە گژ یەکتریدا، تووڕەیی خەڵکەکەی ڕووبەڕووی خۆیان کردۆتەوە، بنۆڕە سەندیباد ... ئەوانەی تا دوێنێ لەسەر خووانی یەکتری دادەنیشتن، وا ئەمڕۆ بە دیار تەرمی یەکترییەوە دانیشتوون ...

خەڵکیی

جەنگی بیرو باوەڕەکان
جەنگی خێڵ و هۆزەکان
جەنگی ڕەشماڵنشینی زەرد
جەنگی بیابان نشینی سوور
جەنگی نەژادو خوێن
جەنگی تیرە و عەشیرەت

سەندیباد

کێ هاوڕێیە و کێیە دوژمن؟ من دەبێ دژی کێ بجەنگم؟

جادووگەر

کەس، دژی هیچ کەس مەجەنگە! ئەوانە خەڵکانێکی ساویلکە و کڵۆڵن، ئەرکی تۆ لە جەنگ سەختترە، گوێڕادێرە، لەم ڕۆژانەی دوایدا لە شتێکی نوێ گەیشتم و لێی دڵنیا بووم، خۆر لەو دیو هەورەکانەوە شاردراوەتەوە، سەندیباد ... بە دوای گۆزەی زێڕینی بەختیاریدا بڕۆ، سەندیباد ، بەختیاریی درۆ نییە ...

سەندیباد

درۆ نییە؟ تۆ دەزانیت لە کوێیە؟

جادووگەر

بۆ من کاتی ئەوە نەماوە کە بزانم، بەرەو دورگەی سەراندیب بکەوە ڕێ، چەند ڕۆژێك لەمەو بەر لە ئەشیاکانی باوو باپیرانمدا دەقێکم بەرچاوکەوت کە لەسەر پێستە تۆمار کرابوو، نەخشەی هەر حەوت کیشوەرەکەی لەسەر کێشراوە، لەو نەخشەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە لە سەراندیب دورگەیەك هەیە و گۆزەی بە ختیاریی لێیە ... بەرەو سەراندیب بکەوە ڕێ ... سەندیباد، بەختیاریی درۆ نییە ...

سەندیباد

نۆفەل ...

جادووگەر

من ئیدی لە ساتەوەختی گیان دەرچووندا تەنها ئارەزوویەکم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە باوکە بانگم کەیت ...( دەمرێ )

سەندیباد

گوێ بگرە، کام دورگە؟ نۆفەل ... لە سەراندیب لە کوێ؟ ئەی نەخشەکە لە کوێیە؟ کام دەق؟ کام بەختیاریی؟ نۆفەل .... کام بەختیاریی؟ وەلامم بدەوە.... باوکە ... باوکە ....

( وەهەب لەگەڵ چەند کەسێکیتر نێزیك دەبێتەوە )

وەهەب

سەندیباد ... وەرە، ئەم شمشێرە ...

سەندیباد

وەهەب ... فڕێیدە ....فڕێیدە دوور ....

وەهەب

سەندیباد ئەمانە هاوڕێی ئێمەن، دەست لە نێو دەستی یەك، هاواری هەرچی نامەرد هەیە دەیتاسێنین، ها سەندیباد، ئەم شمشێرە بگرە !

سەندیباد

وەهەب من ئیتر ناجەنگم .... ناجەنگم..

وەهەب

چیی؟

دەستەی یەکەمی خەڵکیی

دڵە ئاڵۆزەکان ....

دەستەی دووەم

دەجەنگێن ...

دەستەی یەکەم

خوێنە ڕژاوەکان ...

دەستەی دووەم

کوشتار دەکەن ....

دەستەی یەکەم

دەناڵێنن ...

دەستەی دووەم

دەناڵێنن ....

وەهەب

سەندیباد ... گوتت چیی؟ دووبارەی کەوە!

سەندیباد

وەهەب من ئێرە جێدێڵێم!

وەهەب

کەواتە براکانت بە تەنها بەجێدێڵیت ....؟

سەندیباد

به تەنها جێهێشتنی براکان لە براکوژیی باشترە، وەهەب شمشێر دەوای دەردەکە ناکا ...

وەهەب

بۆچیی تۆ دەوایەکی باشتر شك دەبەیت؟

سەندیباد

من دەڕۆم بەختیاریی بۆ ئەو خەڵکانە دەهێنم ..

وەهەب

کام بەختیاریی؟ لە کوێ؟

سەندیاد

دەبێ بە دوایدا بگەڕێم..

وەهەب

سەندیباد تۆ دەترسیت، لە جەنگ دەترسیت، ئەی گوایە ئیتر ئەمە خۆدزینەوە نییە؟

سەندیباد

مافی خۆتە هەرچیتدەوێ بیڵێیت، بەڵام من دەبێ بڕۆم.

( دوور دەکەوێتەوە )

وەهەب

هەرکاتێ ماندوو بوویت بگەڕێوە، ئێمە پێویستمان بەو کەسانەیە کە دەتوانن باش شمشێر بووەشێنن. گوێت لێیە؟ سەندیباد بگەڕێوە!

سەندیباد

(لەسەر سەکۆکەوە) ئەی کەشتییەوانە دلێرەکان، ڕێگەی گەڕانەوە داخراوە، من پێتان دەڵێم کە ڕێگەی گەڕانەوە داخراوە، هیچ کەسێك لە ئێوە بۆی نییە و ناتوانێت کەشتییەکە بگەڕێنێتەوە، مەگەر ئەو کاتەی کە من فرێدرابێتمە زەریاوە، ڕێگەی گەڕانەوە بۆ من نییە، ئەو ڕۆژەی کە خوێن لە جەستەی نۆفەلی باوکەمەوە دەچۆڕا، پێگوتم کە بەختییاری درۆ نییە، وا

ئێمەیش بە دوای ئەو شتەدا دەڕۆین کە درۆ نییە، دەڕۆین بەختیاریی بۆ ئەو کەسانە دەهێنین کە کەسوکاری ئێوەن، دەڕۆین بەختیاری بۆ ئەو کەسانە دەهێنین کە ئێستا خەریکی کوشت و کوشتاری یەکترن، دەچین بەختیاریی بۆ ئەو کەسانە دەهێنین کە ژیانیان بێبەهاو بێنرخە، دەچین بەختیاریی بۆ وڵاتێك دەهێنین کە بێنرخترین شتێك تییایدا ژیانە. من گەلێك سەری بێ جەستەم بینیوە کە بە چاوانێکی زەقەوە تێیانڕوانیوم، چاوانێك کە بەختیارییان ویستووە و ئارەزووی بەختیارییان کردووە، بەختییاری چیدی نەك بۆ خۆیان، بەڵکو بۆ نەوەکانیان. من زۆر سەری لە جەستە پەڕێنراوم بینیوە کە بە دڵی شەقارەوە هێشتا لە گومان و دڵەڕاوکێدا بوون، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ڕۆژانی ئاییندە، ئاییندەی خەڵکانیتر. وا ئێمە بۆ ئێوە و بۆ نەوەکانی ئێوە بەدوای بەختیاریدا دەچین، هەمووان پێکەوە دەڕۆین، چونکە چەپڵە بەدەستێك لێنادرێت. ئامادەن؟

کەشتییەوانەکان

ئەمە ئارەزووی ئێمەیشە.

عەبدوڵڵا

بەڵام گەورەم گەر بەم زووانە بەختییاریمان چنگ نەکەوێت؟ گەر ئێمە تاکو ئەو ڕۆژە .....

سەندیباد

باشە تۆ کوڕ یان برا، هاوڕێ یاخود دەسگیران ..... یاخود کەسێکیترت نییە؟

عەبدوڵڵا

با ....چۆن گەورەم هەمە ...

سەندیباد

دەی کەواتە بۆ ئەو دەبێ ... ئەوە گەورەترین خەڵاتێکە کە بە دیاریی بۆی دەهێنیتەوە ...

حوجەت

ئەی ئەگەر ساڵێك بە هەدەر بڕوات ؟

سەندیباد

ئەو ساڵە لە هەر جێیەکیتر بیت هەر بە هەدەر دەڕوات، ئەدی تەمەن چییە؟ درەخت هەیە پێنج هەزار ساڵ زیاتر لە تۆ تەمەنی هەیە... دەبینی من و تۆ بەرامبەر هەر پەلکێکی ئەو درەختە ساتێکین ...

حوجەت

ڕاستە گەورەم ...

سەندیباد

کەواتە بهێڵە با ئەو ساتە درەوشاوە بێت، گەڕانی ئێمە بە دوای بەختیاریدا ئەو بەهایەی لەخۆگرتووە کە شایستەی تۆیە.

حوجەت

ئامادەم گەورەم ...

غەدیر

هەموو ئامادەن ؟

کەشتییەوانەکان

هەموو ئامادەین!

سەندیباد

لە یادتان بێت ئێوە لە چ نیشتیمانێکەوە بە ڕێکەوتوون، نیشتیمانێك کە تییایدا لەدایکبوون، ئەمڕۆش بە تەواوی دۆزەخێکە بۆ خۆی ... ئامادەن ؟

کەشتییەوانەکان

ئامادەین ... بە دڵ ... بە گیان!

سەندیباد

کەواتە بزانن، لە شارە وێرانکراوەکەماندا شتێکی کەممان پێبڕاوە، کرێ کەمە، خۆراك کەمە، ئاوی خواردنەوە کەمە، ڕۆژانێك دێن دەبێ هێندەی

لەپی دەستێك نان بخۆن و خواردنەوەش هێندەی مستێك، ڕۆژانێك دێن نە نان دەبێت و نە ئاو ... ڕەنگە تەنها ئاوی سوێرو ماسیی سوێر شك بەرین، تەنها ئەوە شك بەرین كە زەریا دەیبەخشێت، لەوانەیە برسێتیی، لەوانەشە خۆرەتاوی بەتین و شەكەتیی زۆر ... ئەمانەش هەمووی بە با وە پەیوەستن... ئامادەن ؟

كەشتییەوانەكان

ئامادەین!

سەندیباد

ئەی كەشتییەوانە دلێرەكان، ئای هەر كە بەدەستمان هێنا، ئای هەر كە بەختیاریمان بەدەستهێنا هەر یەكێكتان ....... ئای چ بڵێم .... ئادەی سەوڵێكیش بدەنە من، تەپڵ لێدەر .... تەپڵ بكوتە ... بكوتە ... بكوتە ....

ڕەسوڵ

گەورەم هەوری ڕەش ....

سەندیباد

خەمت نەبێ، با لەگەڵماندایە، غەیور، دەبێ شەوانە چاودێری ئەستێرەكان بیت، مشتەری بدۆزەرەوە ....

غەیور

بەڵی گەورەم ...

سەندیباد

لەولایەوە بیدۆزەرەوە ..... هێی سوكانچیی ...

مەسرووور

بەڵێ گەورەم ...

سەندیباد

وریای كەنداوی سەرسەخت بە، دەبێ لەوێدا چاوەڕێیی كشانی ئاو بین ...

مەسرور

بەڵێ گەورەم ...

سەندیباد

لەوێدا قوڵایی ئاو کەمە، بەر لەهاتنەوەیەکی ئاو، دەبێ لە تێپەڕگەی ئوتان تێپەڕیبین. مەسروور ...

مەسروور

بەڵێ گەورەم ...

سەندیباد

کێ پاسەوانیی دەکات؟

ڕەسوڵ

من گەورەم ...

سەندیباد

گاشەبەردەکانی ڕووی ئاوت لەیادبێت ... دەبێ لەوێدا چارۆکەکان داگرینە خوارێ ..

ڕەسوڵ

بە چاوان گەورەم ...

سەندیباد

شوجاع ، جەعفەر ... هەموو ئەو کوتاڵانە فڕێبدەنە زەریاوە کە بازرگانان پێیان سپاردووین ....

شوجاع

چۆن گەورەم؟

سەندیباد

بۆیە قبووڵی ئەو کوتاڵانانەمان کرد تا کەشتییەوانەکان بە هیوای سوود و قازانج دڵگەرم بن، بەڵام ئێستا یەك ڕاست ڕووە و سەراندیب دەڕۆین، هەمووی تووڕ هەڵدەنە زەریاوە .... تاکو کەشتییەکەمان سووکەڵەتر ڕێبکا!

شوجاع

بەچاوان گەورەم ...

سەندیباد

نۆرە بۆ نووستن دانێن، بۆ پاسەوانییش بە هەمان شێوە، خۆراك بە پێوانە و بە شێوەیەكی یەكسان دابەشكەن، ئاویش بە بەیەك ئەندازە ... كابرا بڕۆرە ئەولاوە ... ئادەی سوكانەكەم بدەرێ ....

مەسروور

هانێ گەورەم ...

سەندیباد

تۆ بڕۆ سەوڵ لێدە ...

مەسروور

بە چاوان گەورەم ...

سەندیباد

ئێستایش، لە هەژدەهەمین ڕۆژی گەشتی سێیەمدا، دڵم لێوانلێوە لە خەم، لە شاراوەترین گۆشەی دڵمدا هێشتا ئەڤین هەر بێدارە ...

غەیور

گەورەم لە گاشەبەردەكانی سەر ڕووی ئاویش تێپەڕین ...

سەندیباد

غەیور زۆر باشە ... دەی چارۆكەكان بەرز كەنەوە ...

غەیور

( هاوار دەكا ) چارۆكەكان ....

سەندیباد

ئێستایش لە نۆزدەیەمین ڕۆژی سێیەمین سەفەردا، دوور لەوانیتر، چاوانم پڕن لە فرمێسك، ئەم فرمێسكانەش هەڵبەت هی چاو لە خۆرەتاو بڕینە ...

غەیور

گەورەم هەواكەی ئێرە لە وزەدا نییە!

**شوجاع**

**گەرم و شێدارە ...**

**سەندیباد**

**ئەندازەی قوڵایی ئاو بگرن ...**

**جەعفەر**

**بە چاوان گەورەم.**

**سەندیباد**

**ئێستایش لە سی و حەوتەمین ڕۆژی سەفەری سێیەمدا، شەپۆلەکان دەبینم پەشۆکاون، ئەی ئەگەر گۆزەی بەختیاری ئەفسانە بێت؟**

**غەیور**

**گەورەم زیاتر لە سنووقێك خواردن نەماوە، ئاویش هەر کوپەیەك ماوە ....**

**سەندیباد**

**منیش لە خەیاڵی ئەوەدام گەر گۆزەی بەختیاریی ئەفسانە بێت!**

**غەیور**

**گەورەم ئەمرتان بەچییە؟**

**سەندیباد**

**غەیور چ بووە؟**

**غەیور**

**ئەمڕۆ لە شەست و پێنجەمین ڕۆژی سەفەرەکەدا خواردن و ئاو تەواو بوو...**

**سەندیباد**

**لە زەخیرەکە بەکاربێنە، عەیارەکان بچووکتر کەرەوە ...**

**غەیور**

**بەچاوان گەورەم ...**

**سەندیباد**

منیش دەڵێم ... ئەی ئەگەر ئەو نووسراوە تەنها هەر حەکایەتێکی تۆمار کراو بێت!

( ڕەجەب نزیك دەبێتەوە )

ڕەجەب

بمبوورە گەورەم، من بێئەوەی خۆم ویستبێتم لەشێکی قەڵەوم پێوەیە، بمبوورە ... گەر نان و ئاوم هێندەی ئەوانیتر بدەنێ ئەوا بێ ئەوەی خۆم بمەوێ دەمرم ..

سەندیباد

ناتوانیت بەرگە بگریت؟

ڕەجەب

گەورەم بەرگەم زۆر گرت، بەڵام ئەمڕۆ بێ ئەوەی خۆم بمەوێ ڕۆحم ئیدی گەییوەتە سەر لووتم ... گوڕی سەوڵ لێدانم نەماوە ..

سەندیباد

غەیور ... بەشەکەی من بدەن بەم پیاوە ...

ڕەجەب

گەورەم قاییل نابم ...

سەندیباد

دەبێ قاییل بیت... چونکە من لە نان و ئاو زیاتر پێویستم بە تۆیە ...

ڕەجەب

قاییل نابم گەورەم ...

سەندیباد

کەواتە فەرموو خۆت بڵێ چ بکەم؟

ڕەجەب

بمبوورە ... نازانم گەورەم ....

سەندیباد

غەیور ... بەشە خواردن و ئاوەکەی من فڕێبدەنە زەریاوە ...

**ڕەجەب**

نا ... گەورەم ...

**سەندیباد**

کەواتە قاییل بە!

**ڕەجەب**

بمبوورە ... بەڵام ناتوانم گەورەم ...

**سەندیباد**

دە کەواتە ئەم پیاوە فڕێ بدەنە زەریاوە ...

**ڕەجەب**

گەورەم هەرگیز بۆ ئەوەشیان ئامادە نیم ...

**سەندیباد**

باشە ئێستا قاییل دەبیت کە بەشەکەی منت بدرێتێ ؟

**ڕەجەب**

بەڵام ئاخر گەورەم بێ ئەوەی خۆم بمەوێ تۆ ناچارمدەکەیت .... باشە چۆن پاداشتی ئەم چاکەیەت بدەمەوە؟

**سەندیباد**

بە سەوڵ لێدان!

**ڕەجەب**

بەچاوان گەورەم ... ( دەڕوا )

**سەندیباد**

منیش لەخۆم دەپرسی گەر ئەو نووسراوە ڕاست نەبێت! دەبینم کەشتییەوانەکانم لە شەست و هەشتەمین ڕۆژی سەفەردا، چیتر تین و تاوی سەوڵ لێدانیان نەماوە.

**غەیور**

حەرەس .... هیچ نابینیت؟

رەسوڵ

جگە لە زەریا هیچ!

سەندیباد

لە حەفتاو یەکەمین ڕۆژدا، لە نێوان مەرگ و ژیاندا پەلەقاژێ دەکەم و لە کەشتیەوانەکان بێئاگام .... ( کوتوپڕ بە جادووگەر ) تۆ نەبوویت، تۆ کە....

جادووگەر

کە .... چی؟

سەندیباد

کە لەو ساتەدا بینیم؟ تۆ نەبوویت؟

( جادووگەر پێدەکەنێ )

سەندیباد

لە سەرەمەرگام، کەشتییەوانەکانیشم هەر یەکەیان لە قوژبنێکدا کەوتوون، لەخۆم دەپرسم: بڵێی ئەو خەڵکەم فریو نەدابێت؟ کەشتییەکە بە بێ خاوەن هەر ڕێدەکات، بێئەوەی هیچ کەسێك ئاراستەی بکات .... کڵپەی هەتاو ... کڵپەی هەتاو ... هەتاو ... بە دووای وشەیەکدا دەگەڕێم، ئای چەندە شیرین بوو بیرەوەریی ڕۆژانی یەکەم، بەڵام شیرینتر لەوە هاوارێك بوو کە گوتی :

رەسوڵ

کە .... نا .... ر.

حوجەت

گەورەم وشکانیی ...

( سەندیباد بە زەحمەت خۆی بە پێوە بۆ ڕادەگیرێت )

سەندیباد

دوا گوڕو هێزتان بخەنە کار ... وشکانیی! ئایا ئێرە سەراندیبە؟

( هەموو لە جووڵە دەوەستن ، غەیور دێتە پێشێ )

غەیور

من شایەتم، من شایەتی سات بە ساتی گەڕانی بێ سنووری ئەوم، من کە قەت ئەسڵ و فەسڵی خۆی نەناسیوە، جارێکیان لەبارەی گۆزەی بەختیارییەوە لێمپرسیی، گوتی: ئەوە گۆزەیەکی زێڕینە، حەکیمێك دەنگی خۆی لە ناویدا دیل کردووە، کاتێك مۆرەکەی سەری هەڵدەگریت ئیدی نهێنیت بۆ ئاشکرا دەکات ...

( هەموو دەکەونە جووڵە )

جەعفەر

گەورەم هەموو دورگەکە گەڕاین، چیتر هیوام نییە ...

سەندیباد

غەیور لە ئەشکەوتی ئەو کێوەدا چی دەبینی؟

غەیور

تەنها ئەشکەوت ...

سەندیباد

ئەوێ تەنها جێگەیەکە کە نەمان پشکنیوە ....

غەیور

گەورەم کابرایەك پێیگوتم ئەوێ پڕە لە ماری باڵدار، پڕە لە شەمشەمە کوێرەی سەیر کە بۆ ساتێك چییە لە قریشکە قریشك ناکەون ...

سەندیباد

ئەم وشانە ئومێدەوارم دەکەن ... دەی با بڕۆین ..

جەعفەر

تەماشای ئەوبەرکەن .... گاشە بەردەکە شێوەی ئادەمیزادی هەیە ...

شوجاع

نا، شێوەی هەژدیهای هەیە ...

جەعفەر

شێوەی جنۆکەیەکی هەیە کە پێدەکەنێ ... بێدەنگ پێدەکەنێ ...

کەشتییەوانێك

گەورەم ماری دوو سەر ...

سەندیباد

بیکوژە ...

کەشتییەوانەکان

بیکوژین ....

سەندیباد

با تێپەڕین .....

جەعفەر

چ دەمێکی سەیری هەیە ....

غەیور

( هاوار دەکات ) ئای ... چ دەبینم؟ کوپەڵەی ڕەنگاو ڕەنگ ...

ڕەجەب

گۆزە ... گۆزە ... گەنجینە ...

( کەشتییەوانەکان شاڵاو بۆ کوپەڵەکان دەبەن )

سەندیباد

دەستی بۆ نەبەن !

جەعفەر

تا بۆ خۆتیان بەریت؟

( هاواری کەشتییەوانەکان، کێشمەکێش لەسەر زێڕو زیوەکان )

سەندیباد

( شمشێر ڕادەکێشێ و لە ناوەڕاستیاندا ڕادەوەستێت )

دەست لە هیچەوە نەدەن .. دەستی بۆ نەبەن .. ( تووڕە ) تۆ بۆچی بۆکست لە براکەتدا؟ کابرا تۆیش ئەو قامچییە دانێ! هێی تۆیش ئەو بەردە فڕێدە!

رەحمەت

زێڕو زیوەکانمان دەوێت!

هارون

گەورەم ... ئەوەی بۆی هاتووین ئەمەتا، هیچ نەبێ خۆ ئەمەیان خەیاڵ نییە...

سەندیباد

مەبەستت چیە؟

هارون

مەبەستم لەو بەختیارییەی کە ئێمە ....( شوجاع دێتە پێشێ )

شوجاع

بەڵی هەموو ئەو شتانە لە سەراندیب روویاندا، من ناوم شوجاعە و نەوەی بەلەمەوانێکی بزر ناوی کەنداوم، شاهێدی گەڕان بە دوای ئەو گەنجینەیە و بینینی مارەکانی ئەشکەوتەکەم، شاهێدی ئەو قسەو قسەلۆکانەم کە لەو بارەیەوە وروژا، شاهێدی هەراو هوریایەکی تاڵم، بەلاّم حەقیقەت لە هەموو ئەوانە تاڵتر بوو ...

( سەندیباد و کەشتییەوانەکان دەگەڕێن )

سەندیباد

ئەم کێشمەکێشەی ئێوە هەموو شتێکی تێکدا، کوپەڵەکان ئاوەژوو بوون و ڕشتەمرواریەکانیش شکان، کەوانێکی زومرود دوو لەت بووە و ......

رەحمەت

گەورەم ئێرە چ گۆزەیەکی زێڕی لێ نییە ...

سەندیباد

ئاخر دەبێ بە دوایدا بگەڕێی ...

هارون

گەورەم لەم کونجەدا چاو چاو نابینێ ....

سەندیباد

دەستت بەکاربهێنە ...

ڕەجەب

گەورەم تۆ دڵنیایت ...؟

سەندیباد

گۆزەیەکە زێڕین، خەتی سەیر سەیری لەسەر کێشراوە ... لە ناویدا نهێنییەکی دیاریکراو هەیە، تێگەیشتیت؟

غەیور

گەورەم ... نییە!

سەندیباد

هەیە!

غەیور

گەورەم نییە ، تەنها گۆزەیەکی قوڕینی لێیە ....

سەندیباد

( تێدەفیکرێت ) گۆزەیەکی قوڕین ......!

غەیور

ئەویش شکاوە، لە هەراو هۆریاکەدا شکاوە ....

سەندیباد

گۆزەیەکی قوڕینی بەتاڵ، لە هەراو هۆریاکەدا شکاوە ....!

غەیور

ئەمەتا گەورەم .... گۆزەیەکی سەر بەمۆر بووە ...

سەندیباد

ئەمە نییە! بێگومان ئەمە نییە ... نا .... نا ... نا ... هەمدیس بگەڕێن ...

**ڕەسوڵ**

**گەورەم هەموو جێگەیەیك گەڕاین، هیچ شتێكمان نەدۆزییەوە ...!**

**سەندیباد**

**نەدۆزرایەوە ...! دەمت داخە!**

**ڕەسوڵ**

**گەورەم نییە ! خۆ خۆت دەبینیت..**

**( وچان )**

**سەندیباد**

**بەڵێ دەبینم! ( خەریكە لەپێ دەكەوێت ) كەواتە نەبوو! كەواتە نییە! كەواتە گۆزەی بەختیاریی درۆ بوو، كەواتە گۆزەی بەختییاریی درۆیە!**

**غەیور**

**گەورەم چ بكەین ؟**

**سەندیباد**

**هەرچییەتان دەوێ بیكەن ( كەشتییەوانەكان بە هەراو هۆریای شادومانیی هێرش بۆ كوپەڵەكان دەبەن، سەندیباد دێتە پێشی شانۆ) كەواتە گۆزەی بەختیاریی ئەفسانە بوو! وەهەب لەكوێیت؟ ( هاواردەكا) وەهەب من شكستم هێنا!**

**( وەهەب دێتە پێشێ )**

**وەهەب**

**سەندیباد ئێمەیش شكستمان هێنا!**

**سەندیباد**

**لە تەواوی ڕێگەی گەڕانەوەدا لەخۆم پرسی: بڵێی هەمان ئەو گۆزە قوڕینە شكاوە گۆزەی بەختیاری نەبووبێت؟**

**وەهەب**

**كەچی سەیرت كرد دەستەكانت بەتاڵن!**

**سەندیباد**

**حەوت کەشتییەوانی ئازام لە کاتێکدا کە ئەڵماسی ساغیان لە دەستدا، بە ژەهری مارەکان بوونە خۆڵەمێش !**

**وەهەب**

**سەندیباد خەریکیت پیر دەبیت!**

**سەندیباد**

**وەهەب پیر بووم، ئا ئەمەیە نائومێدیی ... لەخۆم دەپرسم: گەر بەختیاری ئەفسانە بێت، ئیتر بە ئومێدی کام ڕووناکی؟ گوێم لێیە کەسێك لە مندا پێدەکەنێت ..**

**وەهەب**

**من گوێم لە هیچ نییە!**

**سەندیباد**

**چۆن وەهەب! هەمیشە کەسێك قاقا پێدەکەنێت، هەمیشە کەسێك بە من پێدەکەنێت ... ( بە جادووگەر ) ئەدی تۆ نەبوویت؟ ئەوە تۆ نەبوویت کە دەیان جار لە بنی چاوی ئەو مارانە بینیمیت کە مەرگیان بە هاوڕێکانم دەبەخشی!**

**جادووگەر**

**ئەمە وڕێنەیە!**

**نووسەر**

**ئەو کتێبە تێیگەیاندووم کە سەندیباد زەلامێکی تووڕەهات و خۆپەرست بووە، لە گەشتی سێیەمیدا، لە کاتێکدا کە بە خەونی گەنجینە زێڕ و زیوەوە ڕۆی، حەوت کەشتییەوانی ئازای بە ژەهری هەژدیها سپارد!**

**سەندیباد**

**گوتم بەم شێوەیە نەبوو ....**

**نووسەر**

هەموو کەسێك دەبێ بەرگری لە ناچیزەیی خۆی بکات، دیارە ئەم ئەکتەرەش نکوڵیی لە ناچیزەیی سەندیباد دەکا!

سەندیباد

وەهەب گوێت لێیە؟ ئەمانە تاوانبارمان دەکەن!

یەکێك لە خەڵکیی

نیگەران مەبە! ئەو برادەرە بەڕاستی نییە، ئاخر ئەو نووسەرێکی هەژارە و هەمیشە حەزی لە دادپەروەرییە!

یەکێکیتر

بنۆڕە مێزی دادوەرییەکەی!

جادووگەر

ئەی تەرازووەکەی بۆ ناڵێیت! ها ... کێ گوتوویەتی هەموو ئەم گەمانە بە ڕاستیین؟

نووسەر

گەرچی من کەمێك مەستم، بەڵام زۆر باش دەزانم چیمگوتووە. سەندیباد لەبەر خاتری خەونێك، لە سەفەری سێیەمیدا حەوت کەسی بە کوشتدا!

سەندیباد

بابڕۆین ....

نووسەر

لە گەشتی چووارەمیشیدا، یانزە پیاوی ئازای تری کردە خۆراکی نێزەی جەللاد...

سەندیباد

ئەمە ڕاست نییە ... ئەوانە لە سۆزانی خانەیەکدا سەرخۆش ببوون و گاڵتەیان بە خواوەندەکانی شار کردبوو ...

نووسەر

کام شار ؟ لە کتێبەکەدا شتی وا نەنووسراوە ... خواوەندی چیی؟

سەندیباد

وەهەب ماندووم ...

وەهەب

سەندیباد وەڵام بدەرەوە ...

سەندیباد

وەهەب گەلێك ماندووم ..

وەهەب

ماندوویی مەکەرە بیانوو! ئەو قسەیە ڕاستە؟

سەندیباد

بەڵێ وەهەب ... بەڵام لە دەستی مندا نەبوو ...

وەهەب

لەدەستی تۆدا نەبوو؟

سەندیباد

باوەڕ بکە وەهەب ، کاتێ هەواڵەکە بە من گەیشت نێزە سەریانی پەڕاندبوو!

وەهەب

بە دوای گەنجینەی زێڕو زیودا دەگەڕایت؟

سەندیباد

نا!

وەهەب

دانی پیانێ ...  بە دوای گەنجینەی زێڕدا دەگەڕایت!

سەندیباد

نا وەهەب ... بوختان بۆ هاوڕێکەت مەکە، تۆ خۆت باش دەزانیت کە من بە دوای بەختیاریدا، بە دوای حەقیقەتدا دەگەڕام!

وەهەب

کێ باوەڕ بەم قسانەت دەکات؟

سەندیباد

لە تەواوی ڕێگەی گەڕانەوەمدا لەخۆم پرسیی، بڵێی هەمان ئەو ئەو گۆزە قوڕینە هەپروون بووە گۆزەی بەختیاری نەبووبێت؟ کەچی شەپۆلەکانم بە پەشۆکاویی دەبینی ....

نووسەر

لەو کتێبەدا نووسراوە کە سەندیباد کابرایەکی زوبان لووس بووە!

وەهەب

سەندیباد تۆ دەترسایت .. ئەوە ڕاکردن بوو لە کارەسات ...

سەندیباد

باشە وەهەب، باشە من بۆ خۆم چاوەڕێی سەرەنجامێکی ئاوها تاڵم دەکرد، بەڵام پێمبڵێ ئێوە بۆچی شکستتان هێنا؟

وەهەب

پرسیارێکی نابەجێیە ...

سەندیباد

بۆچی وەهەب! ئەی ئێوە خاوەنی هێز نەبوون ...

وەهەب

بەڵێ خاوەنی بووین ... خاوەنی بووین ...

سەندیباد

کەواتە بۆ؟ وەهەب بۆ؟

وەهەب

لەبەر ئەوەی پێنج پەنجەی دوژمنان یەك بوو، ئێمەیش هەزار دەستی تەنها بووین!

سەندیباد

کەواتە هێشتا لە یادتە، گەر یادت نییە، لێگەڕێ با یادتی بهێنمەوە کە ئێرە لەو ڕۆژانەدا چیی بوو؟ ئەو ڕۆژانە ئێرە جەنگ بوو ... زەبرو زەنگ بوو ... شەڕی هەرکەسێك بوو لەگەڵ ئەوەی تردا، شەڕ بوو لەگەڵ میردا ...

خەڵکیی

ئێرە جەنگ بوو ...
بەڵام جەنگێکی بێهودە
جەنگێکی هەتاهەتایی

سەندیباد

وەهەب ئێرە تەفرەقە بوو، لە یادتە؟ هەمووان لە یەکتری جودا، دڵنیایی بوونی نەبوو!

خەڵکیی

لێرە نەسەب و ڕەچەڵەك
ڕەنگی پۆشاك
خوێن و تیرەو عەشیرەت
دابە نەرێت، بیرو باوەڕ
هەریەکەی بە بەهانەو بیانوویەك ....

سەندیباد

وەهەب ... بیرت دێ زمان لاڵ و میریش کەللەڕەق و زۆردار ...

جادووگەر ( لە پۆشاکی میردا)

ئەم پیاوە بگرن!

یەکێك لە خەڵکیی

میری دادپەروەر .... منی بە زنجیر کێشکرد ...

جادووگەر

ئەم زەلامە چیی گوت؟

هەمان کەس

چاوو گوێیەکان دەڵێن : جنێوی داوە ...

جادووگەر

جەللاد ... !

پیاو

پێستی کەوڵ کردم ...

جادووگەر

جەللاد ....!

پیاو

پێستی پڕکردم لە کا ...

جادووگەر

زیوی داغبوو ...

پیاو

دەمی بەستم ...

جادووگەر

قامچیی ...

پیاو

پشتی کردم بە خوێن ...

جادووگەر

بیتاسێنن!

پیاو

میری دادوەر خستمییە بەردەمی کەرکەدەن!

جادووگەر

لە دەقەکاندا بنووسن:

پیاو

نینۆکی میللەت درێژ بوو ..

جادووگەر

زوبانی بڕاو بێت ...

پیاو

زوبانم بڕاو بوو ...

سیخوڕی یەکەم

گەورەم پێویستە بیرێکی تازە بکەینەوە ...

سیخوڕی دووەم

گۆگردی توواوە ....

سیخوڕی یەکەم

میلی دندانەدار ...

سیخوڕی دووەم

میل هێنان بە چاودا

سیخوڕی یەکەم

ئاخنینی گوێ بە قیری تووا وە ...

( هاواری پیاوەکە )

جادووگەر

ئەو دەنگە چ بوو ؟

سیخوڕی دووەم

هەلهەلەی شادومانی خەڵکیی .... داوای تەمەن درێژی و فەرمانڕەوایی ئەبەدیی بۆ میرمان دەکەن ...

جادووگەر

کاسە شەرابەکان بەرزکەنەوە ...

سیخوڕی یەکەم

بەرزی کەنەوە ... میر دوژمنی نییە!

سیخوڕی دووەم

بەرزی کەنەوە ... دوژمنەکەی میر هێشتا لە دایك نەبووە ...

سەندیباد

منیش لەخۆم دەپرسیی بڵێی ئەو گۆزە قوڕینە هەپروون بووە هەمان گۆزەی بەختیاری نەبووبێت؟

غەیور

گەورەم چ بکەین؟

سەندیباد

غەیور ... بیردەکەمەوە!

غەیور

لە چیی گەورەم؟

سەندیباد

لە مەلی بەختیاریی ... غەیور ، ژاوە ژاوەکان دەبیستیت؟ دەیانبیستیت؟

غەیور

بەڵێ گەورەم ..

سەندیباد

ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی سیاپۆش دایکانی حەوت کەشتییەوانە کوژراوەکە نەفرەتیان لێکردم، هاواریان دەکرد سەندیبادی پیاوکوژ ...

غەیور

گەورەم بیرخۆتی بەرەوە!

سەندیباد

باشە غەیور، تۆیش من بە تاوانبار دەزانیت؟

غەیور

نا گەورەم ، ئێمە هاتین و ئەوان مانەوە ... تاوانی هیچ کەسێك نەبوو .. ئاخر ئەوانە ژیانێکی خەراپ دەژیان، ژیانێکی کولەمەرگیی دەژیان ... ئەو بەردە گرانبەهایانە بۆ ئەوان ڕۆشنایی ڕزگار بوون بوو. نا گەورەم ..

سەندیباد

غەیور چۆن ... من زۆر باش هەست بە سەختیی ئەمە دەکەم ... ئاخر گەر من ئەوانەم نەبردبایە ...

غەیور

نا گەورەم تاوانی ئێوە نەبوو ... ئێوە تەنانەت لەو ڕۆژە سەختانەشدا بەشە نان و ئاوەکەی خۆتان بە یەکێك لەوانە بەخشیی!

سەندیباد

غەیور بەسە ... ژاوەژاوەکان دەبیستیت؟

غەیور

بەڵێ ... بەداخەوە بەردەوام ژاوە ژاو هەیە ..

سەندیباد

مەلی .... بەختییاریی!

غەیور

دەڵێی باوەڕتان بە قسەکانی ئەو پیرەمێردە کردووە!

سەندیباد

غەیور لەدڵم چەسپیوە ... دەڵێ بە چاوی خۆی بینیویەتی ... لە دورگەی جاوە!

غەیور

بەڵێ دەڵێ بینیومە ...

سەندیباد

بینیویەتی ئەو شارەی کە مەلی بەختیاریی لیێ دەخوێنێ هەموو خەڵکەکەی بەختیار بوون!

غەیور

بەڵێ بینیویەتی ...

سەندیباد

غەیور ... دەڵێی چ بکەین؟

غەیور

گەورەم با باش بیری لێ بکەینەوە ... دەبێ زۆر بیری لێ بکرێتەوە ...

سەندیباد

ژاوە ژاوەکان دەبیستیت؟

( هاواری پیاوێك کە دڕندانە نزیك دەبێتەوە )

سەفدەر

هەی کافری مورتەد!

سەندباد

گوتی چیی؟

سەفدەر

هەی خوێنڕێژ .. کوشتنت حەڵاڵە!

( بە شمشێرەوە هێرش بۆ سەندیباد دێنێ، سەندیباد خۆی لێ لادەدا و خەنجەرەکەی دەردێنێ ... غەیور بە پەلە دوور دەکەوێتەوە )

سەندیباد

هەی بێمێشك!

سەفدەر

بەنی سەیفیی کوشتنیان ڕەوایە ( هێرش دەبا)

سەندیباد

دەست بکێشەوە ...

سەفدەر

هەی کافر ... ( دیسان هێرش دێنێ، سەندیباد خۆی لادەدا، خەنجەرەکەی لە سینگی پیاوەکەدا ڕۆدەبا، پیاوەکە بە هاوار هاوارەوە دەکەوێ بە عەرددا و دەمرێ، سەندیباد دەچێتە سەری، واقی وڕماوە ...)

سەندیباد

غەیور دەیناسم .... لەکوێی غەیور ؟

( غەیور بە نێزەیەکی شکاوەوە دێتەوە )

غەیور

چەکم هێنا ...

سەندیباد

غەیور دەیناسم ...

غەیور

بەڵام ئەو تۆی نەناسی ...

سەندیباد

کەشتییەوانێکی پێشوومە ... کەشتییەوانێکی سەفەری یەکەمم ...

غەیور

گەورەم بیری لێ مەکەوە!

سەندیباد

چۆن؟ ئێمە شەش مانگ پێکەوە بووین ... شەوو ڕۆژ، ببیووینە هاوڕێ و برا...

غەیور

گەورەم فەرامۆشیکە!

سەندیباد

ژاوەژاوەکان دەبیستیت؟ غەیور نابێت ئاوها دانیشین ... کەشتییەوانەکان کۆبکەوە، ئاخر مەلی بەختیاریی درۆ نییە، ئەو پیرەمێردەی خەڵکی سیلان، ئەو پیرەمێردە بە چاوی خۆی مەلی بەختیاریی بینیوە. غەیور هەیە، مەلی بەختیاریی هەیە.. هەیە، غەیور، پێنج هێندەی کرێی ئاسایی بەهەر کەشتییەوانێك بدە، گەر نەماندۆزییەوە، بەڵێنی خوێنی منیان بدەرێ ... غەیور ، مەلی بەختیاریی درۆ نییە ... دەی بابڕۆین...(هاوار بەرزدەبێتەوە، شانۆ تاریك دەبێت، لە تاریکییدا )

ڕەحمان

ئەوە چی بوو؟

ڕەسوڵ

خۆر گیرا!

ڕەحمان

ئەم دەنگانە چییە؟

ڕەسوڵ

مەلی زەریا ..

ڕەحمان

هەوا قورسە ..

ڕەشید

شەپۆلەکانیش قورس ...

سەندیباد

سەوڵ لێ مەدەن ... دەست هەڵگرن ... غەیور چراکان داگیرسێنە!

غەیور

گەورەم هیچ شوێنێك نابینم ... چراکان نابینم ..

ڕەشید

وای لەم گەرمایە ...

ڕەحمان

ئاگر بارانە ..

ڕەسوڵ

دەنگی شەپۆلەکان نابیستم ....

مەنسور

ئاخ بۆ با!

ڕەشید

ئاخ بۆ ڕوناکیی!

**ڕەسوڵ**

ئاخ بۆ تۆزێك هەتاو!

**هەموو**

هەتاو ... هەتاو!

( شانۆ هێدی هێدی و پاشان لە ناکاوێکڕا بە ڕوناکییەکی بەتین ڕوناك دەبێتەوە، کەشتییەوانەکان بەدەست چاوی خۆیان دەگرن، پاشان وردە وردە دەستیان لادەبەن و چاویان دەکەنەوە )

**جەعفەر**

هەمدیس هەتاو ...

**سەندیباد**

غەیور ... لەکوێین؟

**غەیور**

هێڵی ئیستیوا ...

**سەندیباد**

جەعفەر ... خێرایی با بدۆزەرەوە!

**جەعفەر**

کام با؟

**غەیور**

گەورەم چارۆکەکان ناجوڵێن!

**جەعفەر**

شەپۆلەکانیش بێ هاژەن ...

**شوجاع**

تەنها جریوەی تەیرە پەڕو باڵ سپییەکانی زەریا دێتە گوێ!

**سەندیباد**

سەوڵ لێدەن!

جەعفەر

گەورەم نابێ!

سەندیباد

توندتر سەوڵ لێدەن!

جەعفەر

گەورەم پێویستە چاوەڕێی با بین!

سەندیباد

کێ پرسیاری لە تۆ کردووە؟

جەعفەر

گەورەم دەبێ چاوەڕوان بین!

سەندیباد

جەعفەر ... پێ لە بەرەکەت زیاتر ڕامەکێشە! دەی سەوڵ لێدەن!

جەعفەر

دیارە دەتەوێ کەشتییەوانەکان بێکەسکوژ کەیت!

سەندیباد

بێدەنگبە!

جەعفەر

هەتاوی سوتێنەر و ئارەقەی لەش کەشتییەوان وشك هەڵدەگەڕێنێ!

غەیور

گەورەم ڕاست دەکا، چونکە ئەم هەتاوە سوتێنەرە ....

سەندیباد

چاوە بێ شەرمەکانتلتم تێمەبڕن ! سەوڵ لێدەن ! با نییە؟ ها؟ ئەی غیرەت کوا؟ بیستوومە جارێکیان لە کەشتییەکدا، کەشتییەوانەکان هەناسەیان

کردۆته یەك و هەموو پێکەوە فوویان بە چارۆکەکەدا کردووە و ئیدی کەشتییەکە جوولاوە و کەوتۆتە ڕێ، شوجاع تۆ ئەمەت نەبیستووە؟

شوجاع

با گەورەم بیستوومە، جارێك ئەمە ڕوویداوە، بەڵام لە کەشتیی شێتەکاندا ڕوویداوە!

سەندیباد

گوتت چیی؟

شوجاع

ئاخر گەورەم .. هەتاو ئەقڵی بونیادەم تێکدەدات!

سەندیباد

شوجاع .... لاسایی مەنوێنە ... لە مردن بترسە!

شوجاع

لە مردن دەترسم ... هەر بۆیەش لاسایی دەنوێنم!

سەندیباد

من ناترسم ...

شوجاع

ئاخر چونکە تۆ کەس چاوەڕێت ناکا ...

سەندیباد

کەواتە بگرە ... ( بە شمسێرەوە هێرش بۆ شوجاع دەبات، بەڵام غەیور شتێك بە شانیدا دەکێشێت، سەندیباد لە هۆش خۆی دەچێت و دەکەوێت. هەمووان تەماشای سەرەوە دەکەن )

شوجاع

خۆر نزیکتر بۆتەوە ...

عەبدوڵڵا

کەشتییەکە داغ بووە ...

رەحمان

پێستم شەقار شەقار بووە ....

رەشید

دەمارەکانم لەت وپەت بوون ...

رەحمان

بنۆڕن ...( هەمووان سەیری زەریا دەکەن )

رەشید

هەنسکە هەنسکی شەپۆلەکان ...

غەیور

خۆر تینوو ...

حوجەت

نەوڕەسەکان خۆیان بە زەریادا دەکێشن ...

مەنسوور

خۆکوشتن شتێکی سروشتییە!

جەعفەر

مانەوە لەسەر تەختی کەشتیی دەبەنگییە!

رەسوڵ

هەور ... با ... هەور ....

( شانۆ تاریك دەبێت، هەلهەلەی شادی و خۆشحاڵیی کەشتییەوانەکان، ژاوە ژاوو قەرەباڵغیی و گۆرانیی، پاشان دەنگەکان وردە وردە هێور دەبنەوە، تەنها دەنگی هەناسەبڕکێی کۆمەڵێك کەشتییەوان دێتەگوێ کە سەوڵ لێدەدەن، شانۆ ئارام و ڕووناك دەبێتەوە، سەندیباد لە پشتی کەشتییەوانەکانەوە ڕاوەستاوە، هەستی بە سوکایەتیی کردووە و لە هەموو شتێك نیگەرانە )

غەیور

گەورەم کەشتییەك نزیك دەبێتەوە ( سەندیباد ناجوڵێت ) ئیشارەت دەدەن گەورەم... لەگەڵ ئێمەیانە گەورەم ... بنۆڕە ... بنۆڕە گەورەم ... بە ئالآیەکی وەنەوشەیی ئیشارەت دەدەن ( سەندیباد نابزوێت ) گەورەم بنۆڕە ... ( وچان، بە بێزارییەوە ) زۆر باشە سەیر مەکە .. ( دەچێتە پێشێ و هاواردەکا ) ها ... کەشتیی هاوڕێ ... چ هەواڵە؟

جادووگەر

( لە قوڵایی شانۆوە ) بگەڕێنەوە ... بگەڕێنەوە، لە باشووری خۆرهەڵات تاعون بڵاوبۆتەوە!

غەیور

تاعون؟ ئەدی لە جاوە؟

جادووگەر

لە هەموو شوێنێك .....

غەیور

چەندێك ڕێگەمان بۆ ئەوێ ماوە؟

جادووگەر

چل ڕۆژ ... لە باشووری خۆرهەڵات تاعون بڵاوبۆتەوە، مەرگە، کوشت و کوشتارە، بگەڕێنەوە!

(کەشتییەوانەکان دەست لە سەوڵ لێدان هەڵدەگرن، سەندیباد دێتە پێشێ)

سەندیباد

کاپتن من لە سەفەرەکەم بەردەوام دەبم ... گوێت لێیە؟

جادووگەر

ڕەشە تاعون بڵاوبۆتەوە!

سەندیباد

کاپتن دڵ لەدڵ مەدە ... لەو جێگەیەی کە مەلی بەختیاری لێبێت تاعون نییە!

( کەشتییەوانەکان دەکەونەوە سەوڵ لێدان )

جادووگەر

گوتت چیی؟

سەندیباد

مەلی بەختیاریی .... تەیرێکی باڵ زێڕین و ڕەنگاو ڕەنگە .. هەزار ساڵ و جارێك بۆ دونیا دێت، خوێندنی ئەو تەیرە شوکر و بەرەکەتی لێدەڕژێ، لەو جێگەیەی ئەو هەبێ بەختیاری وەك ئاوی ڕووبار خوڕەی دێت، هەر کەسێك بەشی خۆی لێهەڵدەگرێت!

جادووگەر

بەشە تاعون؟

سەندیباد

بەشی ڕۆژانی خۆش ... لەبەرئەوە تەواوی دڵۆپەکانی خوێنم بەرەو چاوە دەکشێ، خوێنی من و ئەم پیاوانە ...

جادووگەر

وای بە حاڵی ئەو پیاوانەی کە هاوسەفەری تۆن! وای بە حاڵی ئەو هاوسەفەرانەت!

سەندیباد

کاپتن دوور کەوە ، ئەو ئاڵای خەتەرە داگرە ... دوور کەوە!

جادووگەر

باشە کاپتن من دەڕۆم ... کە گەیشتمە شارێك بڵێم کێم بینیوە؟

سەندیباد

بڵی سەندیباد ...

جادووگەر

ها ... ها ... ناوەکەتم بیستووە ...

سەندیباد

ئەی تۆ کێیت؟

جادووگەر

هەر کێیەك بم.  خوا ... حاف .... ی ... ز!

سەندیباد

گوتت چی؟ باش گوێم لێنەبوو!

جادووگەر

خوا ... حاف .... ی ... ز!

سەندیباد

( پیردەکاتەوە ) خوا ... حافیز!

غەیور

سەندیباد چیی بووە؟

سەندیباد

غەیور ، ئەوە یەکەمجارە ئەم کەشتییە بەلاماندا تێپەڕێ؟

غەیور

بەڵێ گەورەم!

سەندیباد

دڵنیایت؟

غەیور

بەڵێ قوربان ...

سەندیباد

کەچی من هەست دەکەم چەند جارێك ئەم کەشتییەم بینیوە، هەست دەکەم چەند جارێك کاپتنەکەیشیم بینیوە ... ( کوتوپڕ ) ئادەی .... زرمەی تەپڵەکان نابیستم ... بکوتن، توندتر ، قایمتر ... ( زرمەی تەپڵ بەرز و

بەرزتر دەبێتەوە ) هەمدیس هەتاو، لەبەر بڵێسەی هەتاودا، هەزاران چاوی شینی زەریا دەبینم، کەچی پەلکە ڕەنگینەی چاوانی هیچ کیژێك چاوەڕوانم نەبوو!

**کەشتییەوانەکان**

خۆر تینوو بوو
ڕۆح و جەستەی شەپۆلەکانیش بێئامان
لەگەڵ سەوڵی بەژن زراڤدا
وان لە جەنگدا .

( زرمەی تەپڵ )

**سەندیباد**

هەمدیس هەتاو ... شەپۆل، شەپۆل، شەپۆلی شەکەت و ماندوو ... هیچ .. هیچ ... هیچ ...

**دەستەی یەکەمی کەشتییەوانەکان**

ڕۆژان درێژ
ساتەکان چەواشە
ڕزانی مێشك
بە کڵپەی خۆر
بانگی تەپڵ بوو ... بانگی تەپڵ

**دەستەی دووەم**

هەنووکە خەیاڵ
لای لێکترازانی تەختەو دارە
لای لێکترازانی هەموو شتێکە
زرمەی تەپڵ .. زرمەی تەپڵ
هاوار دەکا!

**سەندیباد**

غەیور لە کوێداین؟

غەیور

مەداری ڕەئسی  جددی ....

دەستەی یەکەم

وا ئێمە لە نیوە شەواندا

بیر دەکەینەوە ... بیر

زرمەی بەرزی تەپڵ

ڕۆحە نوستووەکان

بە ئاگا دێنێتەوە ... بە ئاگا دێنێتەوە ، بە ئاگا!

دەستەی دووەم

وای لە بیری لێکترازانی کەشتیی!

غەیور

گەورەم شەوە!

سەندیباد

دەیبینم ، بەڵام مانگ دیار نییە!

غەیور

گەورەم سی و حەوت شەو تێپەڕیوە!

سەندیباد

بەڵێ غەیور .... خواردن بە کەشتییەوانەکان بدە! (غەیور دوور دەکەوێتەوە) لێرەوە ئەستێرەکان نزیکترن، هەزاران چاوی بەگومان لە ئاسمانەوە تەماشام دەکەن، منیش چاوانم لە ڕێگە بڕیوە!

کەشتییەوانەکان

خەیاڵی هەڕوون بەهەڕووون بوونی کەشتیی

خەیاڵی پارچە پارچەبوونی بەلەم

نیوەشەوان

خەون لە چاوانی کەشتییەوان دەفڕێنن

سەندیباد

غەیور ... بە کەشتییەوانەکان بڵێ دەسهەڵگرن

غەیور

بۆچی گەورەم؟

سەندیباد

بۆ ئەوەی بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە بکەونەوە سەوڵ لێدان!

غەیور

( هاواردەکا ) نووستن!

کەشتییەوانەکان

کەشتییەکەمان خەو بردییەوە

با ئەم کەشتییەی

لەسەر ڕووی ئاو ... لەگەڵ خۆیدا دەبرد ...

( کەشتییەوانەکان دەنوون، هەر بە دانیشتنەوە دەنوون، سەندیباد دێت و دەچێت )

سەندیباد

مانگ! ( سوکانەکە دەگرێ و چاو لەبەرامبەر دەبڕێت ) ئایا هیچ دەوایەك بۆ کیژۆڵەکەی پادشا نەبوو؟ (سوکانەکە بەردەدا، وەردەچەرخێت) هیچ دەوایەك نەبوو؟ ( دەنگی پێی کەسێك، دەگەڕێتەوە ) کێیە؟

عەبدوڵڵا

کەشتییەوانێك!

سەندیباد

ناو؟

عەبدوڵڵا

عەبدوڵڵا .....

سەندیباد

عەبدوڵلا چییە ؟ بۆچی نەنوستوویت؟

عەبدوڵلا

ناتوانم گەورەم ... خەوم لێناکەوێت ...

سەندیباد

بۆچی عەبدوڵلا؟

عەبدوڵلا

بیری ماڵ و مناڵ .... بیری کەسانێك کە بە تەنها لەو وێرانەیەدا بەجێم هێشتوون، ئاخر ئەوانە چاوەڕێم دەکەن، منیش لێرەدا، لەسەر ڕووی ئەم زەریا بێ سنوورە...

سەندیباد

عەبدوڵلا حەقی خۆتە ... بەڵام لەوانەیە بەم زووانە مەلی بەختیاریی ...... نا هەوڵ بدە بنوویت ....

عەبدوڵلا

نووستن ؟ نا گەورەم، لای من سەوڵ لێدان ئاسانترە. گەورەم کاتێك سەوڵ لێدەدەم ئیدی بیر ناکەمەوە!

سەندیباد

عەبدوڵلا تۆ پێتوایە لەسەر تەختی ئەم کەشتییە توانیبێتمان دادوەریی بەرکەماڵ کەین؟

عەبدوڵلا

دادوەریی؟ ئای گەورەم گاڵتە دەکەیت؟

سەندیباد

عەبدوڵلا گاڵتە نییە ... دەمەوێ حەقیقەت بزانم!

عەبدوڵلا

حەقیقەت؟

سەندیباد

بەڵێ عەبدوڵڵا ...

عەبدوڵڵا

گەورەم ئەمەیان ئاڵۆزکاوترە ...

سەندیباد

عەبدوڵڵا ... خۆت گێل مەکە بڵێ ...

عەبدوڵڵا

گەورەم حەقیقەت ئەمەیە کە من دەبێ هەتا کۆتایی ژیانم سەوڵ لێدەم!

( دوور دەکەوێتەوە )

سەندیباد

هیچ ڕۆشناییەك .... هیچ ڕۆشناییەك، هیچ شتێك، لە تاریکایی ئەم دڵتەنگییەدا، نە چرایەك، نە ڕۆشناییەك، نەچرایەك، وەك ئەو چرایەی کە لەوێدا ورشەی دێت، وەك ئەو چرایە ... ( بە ورووژانەوە ) عەبدوڵڵا !

عەبدوڵڵا

بەڵێ گەورەم ....

سەندیباد

هیچ شتێك لەولایەوە نابینیت؟ ڕۆشناییەك؟

عەبدوڵڵا

چۆن گەورەم ... وێنەی مانگ لە ئاودا!

( سەندیباد بەرەو لای سوکانەکە دەگەڕێتەوە )

سەندیباد

دیسان شەپۆل، شەپۆل، شەپۆل ... بێدەنگیی ، بێدەنگیی، بێدەنگیی، ڕێگە، ڕێگە، ڕێگە ... ڕێگەو خەوی قورس، خەو و پیاوانێك کە ژنەکانیان خەون دەبینن، خەون و وێنەی مانگ لە ئاودا ... مانگ؟ ( هاوار دەکا ) عەبدوڵڵا!

عەبدوڵڵا

بەڵێ گەورەم ...

سەندیباد

عەبدوڵڵا .... دووبارە بنۆڕە ... ئەوە ڕۆشنایی مانگ نییە!

عەبدوڵڵا

بەڵێ گەورەم ... چرای زەریاییە ... ( هاواردەکا ) چرای زەریایی...(سەندیباد ڕوخساری خۆی دەشارێتەوە، دەچێتە لاوە، عەبدوڵڵا هێشتا هاوار دەکا) بور ... جی .. زە .. ر ... یا ... یی!

( کەشتییەوانەکان یەکە یەکە بە ئاگا دێنەوە )

حوجەت

گوێتان لێبوو؟

عەبدوڵڵا

لەولاوە ... لەولاوەیە ... بنۆڕن ...

( کەشتییەوانەکان هەلهەلەی شادومانیی لێدەدەن و بە خێرایی دەکەونە سەوڵ لێدان )

کەشتییەوانەکان

خەونی زیندووان ... خەونی ژیانە
لە خەوندا بینیمان سوورە ترێ
زەردە هەرمێ
سەوزە هەنجیر
تریقەی شادیی مناڵان
دیدەنی دەسگیرانەکان
ئەمەش ڕاستەو درۆ نییە!

( جەعفەر دێتە پێشێ )

جەعفەر

بەڵێ قوربان من شایەتم! ئەدی چۆن ئەو ڕۆژە درێژانەم لە یاد دەچێت؟ ئێمە لە کەنارماینەوە و کاپتن لەگەڵ دوو هاوڕێی تردا بەرەو دورگەی سانسا کەوتنە ڕێ ... کەنارنشینان پێیانگوتین کە مەلی بەختیاریی لێرەیە، بەڵام هیچیان لە نیازی ئێمە نەدەزانیی. بەڵێ وەرزێکی درێژ بوو لە بێزاریی و تەمبەڵیی، لە دونیا دابڕابووین و هەواڵمان لە هیچ شوێنێکەوە پێ نەدەگەیی، وا پێدەچوو دونیا فەرامۆشی کردبێتین. لە حەیوەت بێزاری و دڵتەنگی یانزە کەسمان بەرەو جاپۆترا ڕۆیشتن، من لەسەر ئاکاری باپیرانم کەوتمە تۆڕ چنین، ئەوانی تریش خۆیان بە کڕین و فرۆشتنی شتی هاکەزایی و بە قومار و بەدخووییەوە خەریك کردبوو، هەندێکیان خوویان دابووە شەراب خواردنەوە و تەماشاکردنی تەمسیلی سێبەر ...

(چەند کەشتییەوانێك بە شێوە و جۆرە جووڵەیەکی هێور و قورس دەست بە لاسایی کردنەوەی سەمایەکی سەیر دەکەن )

مەسروور

دیسان سەما ... خەڵکی ئێرە سەما زۆر دەکەن!

ڕەشید

قسەکانیشیان هەر بە سەما دەڵێن!

مەسروور

بە سێبەرەکانیش!

ڕەشید

دیسانەوە هەمان چیرۆك، ڕامای مەزن و سیتای میهرەبان! ئەها ئەوەش پادشای مەیموونەکانە کە سیتای دزی!

مەسروور

ئەوەش سیتای شۆخە کە لە دەستی هەڵدێت!

ڕەشید

ئەوەتا دێوەکە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە!

**حوجەت**

**بە درێژایی زستان لێرە ماینەوە، نە پەیامێك، نە هەواڵێك ....**

**مەسروور**

**سیتای خاوەن لێوی شەکەریی و ددانی ورد، مەمکۆڵانی دوو گوێزی هیندی پڕ لە شیری ژیان، ئای گەر هەموو ژنانی جاوە وەك سیتا بان!**

**حوجەت**

**بێهودە چاوەڕێین، ئێستا یانزە کەس لە هاوڕێکانمان لەم دورگەیەدا سەرگەرمی ڕابواردنن، سەرۆکیش لەوپەڕی سانسادا بە تەواوی فەرامۆشی کردووین!**

**ڕەشید**

**ها .. ئەوەتا ... کریشنا گەییشت، هێی تەمسیلەکە تەواو ...**

**حوجەت**

**( بە جەعفەر ) گوتت لە کوێ؟**

**جەعفەر**

**جاپۆترا ... تا ئەوێ ڕۆژە ڕێیەکە، گەر ڕێگە ون نەکەیت ئەوا دەبێت بە دارستانەکەشدا تێپەڕیت ...**

**مەسروور**

**بیستوومە ژنەکانیان عاشقی ڕێبوارانن ... ها .. بیستوومە لەکاتی نووستن و هەستانیاندا جەستەیان دەڕەنگێنن!**

**ڕەشید**

**بە هەوەسی ئاگرین و چاوانی کافر کوژ!**

**حوجەت**

**من ڕۆیشتم ...**

**جەعفەر**

**ئارام بگرە ....**

حوجەت

پەند و ئامۆژگاریی بەسە، چیتر بە قسەت ناکەم ... خەریکم لێرەدا دەڕزێم... ئاخر لێرە ئاگریش شێ هەڵدێنێ!

ڕەسوڵ

گوێم لە هاوارێك بوو ...

مەنسوور

بەڕاست؟

ڕەسوڵ

لەلای پەرستگەکەی بوزاوە ...

حوجەت

خەونت بینیوە؟ هەڵبەت یەکێك لە پەیکەرەکان باوێشکی داوەو کەوتووە!

جەعفەر

هێی کێ لەوێدایە؟

سەندیباد

منم ...!( سەندیباد لەگەڵ غەیور و شوجاع دا دێتە ژوورێ، شادومانیی کەشتییەوانەکان ... ژاوەژاو ...)

کەشتییەوانەکان

سڵاو گەورەم ... سڵاو!

سەندیباد

(بە حوجەت) هێشتا هەر دەتەوێ بڕۆیت؟ ( بەوانیتر ) هەر یەکسەر دەکەوینە ڕێ!

مەسرور

ئێمە چاوەڕێی هاوڕێکانمانین!

سەندیباد

هاوڕێکان؟

جەعفەر

گەورەم یازدە کەس بۆ جاپۆترا ڕۆیشتوون!

سەندیباد

بۆچیی ؟ لەکەیەوە؟ بە کام مۆڵەت؟

جەعفەر

گەورەم لێرە بێزار و شەکەت ببوون، ساڵێك بوو ئافرەتیان نەبینیبوو ...

سەندباد

قسەی هیچ ... دەڕۆین ... چاوەڕێیان ناکەین!

مەنسوور

ئەی دەست بەرداریان دەبیت؟

سەندیباد

ئاخر خەڵکیش چاوەڕێی ئێمەن! مەلەکەمان چنگ کەوتووە و ئیدی چ کارمان لێرە نەماوە ... ئالآکە بەرزکەنەوە!

جەعفەر

گویّم لە هاوارێك بوو ...

سەندیباد

وایدانێ گوێت لیّ نەبووە ... با بڕۆین!

غەیور

هەم ناڵەیە و هەم هاوار ...

ڕەشید

کێیت زلام ؟ ( بێدەنگیی، سەندیباد ڕوو دەکاتە وەهەب )

سەندیباد

مەلی بەختیاری تەنها لە نیشتیمانی خۆیدا مەلی بەختیاری بوو!

وەهەب

سەندیباد دەبینم پیر بوویت !

**سەندیباد**

**وەهەب پیرتر بووم! کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانەکە ... لە دوکەڵەکەدا... ئەو دەنگە چ بوو ؟**

**وەهەب**

**تەقینەوە بوو ... داهێنراوێکی نوێیە!**

**( پێکەنینی جادووگەر )**

**سەندیباد**

**کابرا لەم پێکەنینە بەرەوە ....!**

**جادووگەر**

**پیرەمێرد ... بە تۆ پێدەکەنم، چیت لەو یانزە هاوڕێیەت کرد؟**

**سەندیباد**

**ژیانیان لە دەستی مندا نەبوو!**

**جادووگەر**

**بۆچی  ئەوانت جێهێشت؟ بەڕاست زیندوو بوون یان مردوو؟**

**( وچان )**

**نووسەر**

**سەندیباد وەڵام بدەرەوە!**

**سەندیباد**

**نازانم!**

**جادووگەر**

**سەندیباد دەزانیت .... یەکێکیان هاواریکرد!**

**سەندیباد**

**هاوارێکی ئاشنایانە نەبوو!**

**جادووگەر**

**با ... چۆن ! هاواری ئاشنا بوو ... هاوارێکی زۆر ئاشنایانە ... یادت نییە؟**

جەعفەر

گوێم لە هاوارێك بوو!

سەندیباد

وایدانێ گوێت لێنەبووە ... دەی با بڕۆین!

غەیور

هەمناڵەیە و هەم هاوار ...

ڕەشید

زەلام كێیت؟

عەبدوڵڵا

( بە هەناسە بڕكێوە ) چەند خۆشە بە دیدارتان شاد بوومەوە ... هیوام بڕی بوو، وای لە نێو هاوڕێیان بووندا چەند خۆشە!

ڕەشید

ئاشنایە ...( عەبدوڵڵا ماندوو شەكەت لە تاریكییەوە دێتە دەرێ، هەمووان دەوری دەدەن)

مەنسوور

عەبدوڵڵا دەستت داخ بووە!

غەیور

نێوچەوانت گەرمە ... چ بووە؟

سەندیباد

بڵێ عەبدوڵڵا چ بووە ؟

عەبدوڵڵا

بڕۆن ڕزگاریانكەن ... خێراكەن .. هەموویان گیراون ... هەموویان!

غەیور

گیراون؟

شوجاع

بۆچی گیراون؟ قسه بکه!

عەبدوڵڵا

ڕێنوێنەکەی شار، ئێمەی بەرەو سۆزانیخانە برد، مەست و سەرخۆش گۆرانیمان دەگوت و جنێومان بە گورز بەدەستەکاندا ...

حوجەت

عەبدوڵڵا ... گیانت گەرمە!

عەبدوڵڵا

ئەحمەد جنێوی بە میردا، ڕەحمانیش جنێوی بە پاسەوانەکاندا ...

سەندیباد

ئێ ... تەواویکە ... دوایی؟

عەبدوڵڵا

ڕێنوێنی نەزان گومانی خەراپی لێکردین، جنێوەکانی گەیاندە شوێنی خۆی...

غەیور

عەبدوڵڵا پەڵەی ڕەش بە بەری دەستتەوە دەبینم!

عەبدوڵڵا

مەهاویرای گەورەی شار، بەو هۆیەوە کە ئێمە میوانی جاپۆترا بووین هەموومانی عەفوو کرد، بەڵام کوتوپڕ حەکیمێك لە شتێکی تازە گەییشت!

سەندیباد

لە چیی؟

عەبدوڵڵا

تاعون! ( هەمووان لە عەبدوڵڵا دەکشێنەوە ) ئیشارەتی بۆ هەموومان کرد و گوتی تاعون! ئەوجا مەهاوێرای گەورەی شار فەرمانیدا کە هەمووان بەرنە دەرەوەی شارو لەوێ زیندە بەچاڵمانکەن ... تەنها من... تەنها من ...

غەیور

عەبدوڵڵا ... دەستت دەلەرزێ!

عەبدوڵڵا

گوتت چیی؟

جەعفەر

حوجەت تۆ باش دەوای دەردەکان دەزانیت ... قسەیەك بکە!

حوجەت

تازە کار لەکار ترازاوە!

عەبدوڵڵا

گەورەم پێویستە یارمەتییان بدەن ... ئەوانە بە تەنها هەر ئێوە شك دەبەن، من هاتم تا ...

سەندیباد

عەبدوڵلا بێدەنگبە!

عەبدوڵڵا

ڕۆژە ڕێیەکم بەپێ بڕیوە، کەچی ئێستا لە باتی ... ( بێدەنگیی ) بۆچی بەم شێوەیە تەماشام دەکەن؟

غەیور

هیچ نییە برا!

عەبدوڵڵا

کاتێ بە کەشتیەوانێك دەڵێن برا ئەوا دەبێ زۆر ئاگای لەخۆی بێت...(بێدەنگیی) چیی بووە؟ ( وچان ) هیچ ... باشە ... کەواتە گەورەم با بڕۆین ...

سەندیباد

بەڵێ دەڕۆین ... بەڵام بەرەو نیشتیمانەکەی خۆمان!

عەبدوڵڵا

گەورەم ببوورە .. باش گوێم لێنەبوو ...

**سەندیباد**

**من مەلی بەختیاریم چنگ کەوتووە! چیتر چاوەڕێ ناکەم!**

**عەبدوڵلا**

**مەلی بەختیاریی؟ شانسم باش هێنای ... دەمزانی ئومێدێك هەیە ... ڕزگاربوون و پاشان ...**

**سەندیباد**

**نا عەبدوڵلا ... بەرەو جاپۆترا ناچین!**

**عەبدوڵلا**

**بەڵام گەورەم ئەوانە چاویان لە ئێوەیە!**

**سەندیباد**

**ئاخر خەڵکێکی زیاتریش لە نیشتیمانەکەی خۆمان چاویان لە ئێمەیە! هەر بۆیە ناچین بۆ جاپۆتراو تۆیش .... تۆیش دەبێ لەم کەشتییە بچیتە دەرێ!**

**عەبدوڵلا**

**من؟**

**سەندیباد**

**بەڵێ دەبێت لەم کەشتییە بچیتە دەرەوە ....**

**عەبدوڵلا**

**ئاخر دەمەوێ بۆ نیشتیمانەکەم بگەڕێمەوە ... ژنەکەم، مناڵەکانم، مەلی بەختیاری . دەمەوێ ئەوانە ببینم ... من ...**

**سەندیباد**

**عەبدوڵلا ... بە داخەوە دەبێ لەم کەشتییە بچیتە دەرێ!**

**عەبدوڵلا**

**گەورەم بەڕاستتە؟**

**سەندیباد**

**بەڵێ!**

عەبدوڵڵا

دەبینن؟ دەبینن؟ گوێتان لێبوو؟ بە ڕاستییەتی ... یەعنی من لە کەشتییەکەی خۆم دەرکرێم ؟ واتە دەبێ لە تەنهاییدا .... تەنیایی؟ هەڵبەت برایان ئێوە لەسەرم دەکەنەوە! (هەمووان ڕوو وەردەگێڕن) لەسەرم دەکەنەوە؟

سەندیباد

عەبدوڵلا .. نازانم چۆن تێتبگەیەنم؟ گەر تۆ لەم کەشتییەدا بمێنیت ئەوا هەمووان گیرۆدەی تاعون دەکەیت و ئەو کاتیش ئێمە ناتوانین مەلی بەختیاریی بۆ مناڵەکانت بەرینەوە!

عەبدوڵلا

کەواتە پێتوایە کە من ...

سەندیباد

بەڵێ عەبدوڵڵا ...

عەبدوڵلا

من ؟ نەخێر ... من تەنها گەرم داهاتووم ... نا ...( هەمووان ڕوخساریان دەشارنەوە ) من لێرە ناچمە دەرەوە ... هەرگیز ... هەرگیز ...

سەندیباد

عەبدوڵڵا هاوڕێی خۆمانە ... بە هێمنیی و میهرەبانیی لە کەشتییەکەی ببەنە دەرەوە!

عەبدوڵڵا

( دەنەڕێنێ ) نا ........( کەس نابزوێ )

سەندیباد

غەیور .. شوجاع ... جەعفەر ... بیبەنە دەرێ ..

عەبدوڵڵا

ناتوانن ... هیچ کەسێك ناتوانێ ...

سەندیباد

عەبدوڵلا بێسوودە ...

عەبدوڵلا

هەی دڵڕەقینە ... هەی بێبەزەینە ... ( بێدەنگیی ) کەواتە هیچ نەبێ بمکوژن!

سەنیباد

ڕاست دەکەیت ... ئەمەیان دادوەرانەترە ... ( بە کەشتییەوانەکان ) کێ ئامادەیە کە .... ( بێدەنگیی ) نا ... عەبدوڵلا .. ئەمە مەحاڵە!

عەبدوڵلا

گەورەم ناچمە دەرێ ... مەگەر لاشەکەم فڕێبدەنە دەرێ! ( سەندیباد بە حیرسەوە خەنجەرەکەی دەردێنێ، بە ئارامیی دەچێتە پێشێ )

سەندیباد

عەبدوڵلا هاوڕێم ... ناچارم ..

( خەنجەرەکە بە سینەیدا دەچەقێنێ .. عەبدوڵلا سست دەبێ و .....)

جادووگەر

دەستت نەلەرزیی؟

سەندیباد

چۆن؟

جادووگەر

ئەی شەرمت نەکرد؟

سەندیباد

نا ... بۆچی دەبێ لە پێناوی تاقە نەفەرێکدا پاشەکشە بکرێت؟

نووسەر

نا ... لە پێناوی یانزە کەسدا!

سەندیباد

ئاخر پێشتر نێزەی مەرگ سەری ئەوانی بردبوو ..

نووسەر

بەڵام تۆ بە دەستی خۆت ئەو کەشتییەوانەت کوشت!

سەندیباد

دەبووایە هەر بمکوشتایە ... ئیتر جیاوازی نییە بە کام دەست !

وەهەب

بۆچیی؟

سەندیباد

چونکە ئێمە دەمانویست بەختیاریتان بۆ بێنین! هەمووان لەو بارەیەوە لەگەڵمدا هاوڕا بوون ..

جادووگەر

نەبوون ... کاتێك کە گوتت بیکەنە دەرەوە، کەسیان لە جێگەی خۆی نەجوولا!

سەندیباد

ئاخر ترسی مەرگ لە جووڵەی خستبوون!

نووسەر

بەڵێ ترسی مەرگ ... ئاخر هەمان ترسی مەرگیش ئەوانەی هاوڕای تۆ کردبوو!

جادووگەر

سەندیباد .. ئەوە لەبەر خاتری مەلی بەختیاری نەبوو ...

سەندیباد

تۆ بە چ زاتێك ئەم قسەیە دەکەیت؟

جادووگەر

من؟

سەندیباد

بەڕاست تۆ لەوێ نەبوویت؟ ڕاست بڵێ؟ لەیادمە تۆم بینی ... ( پێکەنینی جادووگەر ) تۆم بینی ... لە قوڵایی چاوە تۆقیوەکانی ئەو پیاوەدا، لە چاوە تۆقیوەکانی ئەو هاوڕێیەدا تۆم بینی .. تۆ نەبوویت؟ تۆ نەبوویت؟

( جادووگەر دەستی بەیەکدا دەدا )

وەهەب

سەندیباد ... گەر لە پێناوی هێنانی مەلی بەختیاریدا بۆ خەڵك ئەو پیاوەت کوشتبێ، ئەوا لە کاتی کوشتنیدا دەستت نەدەلەرزیی!

سەندیباد

وەهەب تۆیش؟ تۆیش نکوڵی لە هاوڕێیەتی دەکەیت؟ نکوڵی لە ناچاریی؟ نکوڵی لەوەی کە من بە خواستی دڵ ئەوم نەکوشتووە؟ تۆ نکوڵیی لەمانە دەکەیت؟ وابزانم لەو کاتەدا، لەو کاتەدا بەر لەوەی بکەوێ بە ئەرزدا شتێکی گوت!

وەهەب

چیی گوت ؟

سەندیباد

وەهەب بابیری لێبکەمەوە .. ئا .. بەر لەوەی بکەوێ بە ئەرزدا قسەیەکی کرد .. لە یادمە لەبەر ئەوەی ئەو قسەیەی کرد دەستم لەرزی!

نووسەر

گوتی چی؟

سەندیباد

بەرەو ڕووی دەڕۆیشتم و ... ئەویش ... ئەویش ... تۆقیوانە ... من .. منیش..

عەبدوڵڵا

کەواتە هیچ نەبێ بمکوژن ... بمکوژن ....

سەندیباد

ڕاست دەکەیت ... ئەمەیان دادوەرانەترە ... کێ ئامادەیە کە .... ( وچان ) نا عەبدوڵلا ... ئەمە مەحاڵە ..

عەبدوڵلا

گەورەم ناچمە دەرێ ... مەگەر لاشەکەم فڕێ بدەنە دەرێ ...

( سەندیباد بە حیرسەوە خەنجەرەکەی دەردێنێ، پاشان بە ئارامیی دەچێتە پێشێ )

سەندیباد

عەبدوڵلا هاوڕێم ... ناچارم!

( خەنجەرەکە بە سینەیدا دەچەقێنێ، عەبدوڵلا سست دەبێ و ....)

عەبدوڵلا

گەورەم ئەمەیە ... حە ... ق ... ی .... قە .... ت !

( دەکەوێ ، دەنگی پێکەنینی جادووگەر ، سەندیباد بەخێرایی ئاوڕ دەداتەوە )

سەندیباد

تۆ بوویت ... تۆ لەوێ بوویت .. ناسیمیتەوە!

جادووگەر

گاڵتە دەکەیت!

بینەرێك

خەریکە ئەم تەمسیلە بەرەو گاڵتەجاڕیی دەڕوا ...

بینەرێکتر

دەمێکە بووەتە گاڵتەجاڕیی!

ڕەسوڵ

گەورەم حەوت بەلەم ... چەندین کەشتیی و ....

غەیور

گوتت چیی؟

**ڕەسوڵ**

بەوپەڕی خێرایی بەرەو لای ئێمە دێن، بە شەیپوور و  ئاگرەوە دێن ...

**غەیور**

کاپتن .. گەورەم، پێیانزانیوین ...

**ڕەسوڵ**

حە ... ر ... ە ... کە .... ت!

**سەندیباد**

خێراتر ... زووتر ... سەوڵ لێدەن!

**جەعفەر**

تەپڵ ... تەپڵ ... تەپڵ ...

**مەنسور**

هێشتا لاشەی عەبدوڵڵا لە کەشتییەکەدایە!

**سەندیباد**

دوای تاوێکی تر .. دوای تاوێکی تر ... فڕێی بدەنە زەریاوە ... خێراکەن!

**ڕەسوڵ**

ئیشارەتمان بۆ دەکەن ڕاوەستین .. لە بەلەم و کەشتییەکانیانەوە ئیشارەت دەدەن!

**سەندیباد**

سەوڵ لێدەن ... توندتر ...

**ڕەسوڵ**

تیری کڵپەدارمان تێدەگرن ...

**غەیور**

بۆ گرتنەوەی مەلەکە هاتوون ... شمشێر دەرکێشن!

**سەندیباد**

لەنگەر ... لەنگەر ...

مەنسوور

غەیور مەبەستت چیی بوو؟ گوتت لە پیێناوی گرتنەوەی مەلەکەدا هاتوون؟

غەیور

تەپڵ ... تەپڵ ...

مەنسوور

مەبەستت چیی بوو؟

غەیور

لەبەر ئەوەی ئەوانە نەیاندەزانی کە ئێمە مەلەکەمان هێناوە ... بەهۆی لێهاتوویی سەندیبادەوە نەیانزانیی ...

مەنسوور

کەواتە ئێوە مەلی بەختیاریتان دزیوە؟ ( وچان، مەنسوور ڕووبەڕووی سەندیباد دەوەستێ ) دزینی بەختیاریی لە خەڵکانی تر؟

( تف لە ڕوخساری سەندیباد دەکا، غەیورو جەعفەر تەکانێك دەدەنە خۆ، بەڵام بە ئاماژەی سەندیباد دەوەستن )

سەندیباد

مەنسوور لێتدەبوورم! بەڵام کاتێك تۆیش بۆ نیشتیمانەکەت گەڕایتەوە و بینیت ئەو دۆزەخە بووەتە چ بەهەشتێك، ئەو کاتە تۆیش لە من دەبووریت!

نووسەر

لەو کتێبەدا خوێندوومەتەوە کە چارەنووسی دورگەی سانسا بە مەلی بەختیارییەوە بەند بووە ... هەر لەو کتێبەدا خوێندوومەتەوە کە خەڵکی سانسا گوتوویانە گەر مەلی بەختیاریی لە نیشتیمانەکەماندا نەمێنێت ئەوا ترۆپکە بورکانییەکانی دورگەکە دەم دەکەنەوە و تەواوی خاکەکەیان ژێر ئاو دەکەوێت ....

سەندیباد

نابێ باوەڕ بە کتێبان بکرێت!

نووسەر

هەر لەو کتێبەدا خوێندوومەتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی سانسا مەلەکەیان لێدزرا، ئیدی ترۆپکە بورکانییەکان دەمیانکردەوە و تەواوی خاکەکەیان ژێر ئاوکەوت!

سەندیباد

من ئەوەم نەدەزانی!

نووسەر

بەڵام خەڵکیی سانسا دەیانزانی .... لەو کتێبەدا نووسراوە: لە قوڵایی دڵی خەڵکی سانسادا هەمیشە دڵەڕاوکێی لە دەسچوونی ئەو مەلە هەبووە ... ئاخر لە قوڵایی دڵی هەر پیاوێکی بەختیاردا هەمیشە ئەم جۆرە دڵەڕاوکێیە هەیە، دڵەڕاوکێ و ترسی لەدەسچوونی بەختیاریی، ئەم ترسەیە کە بەختیاریی لەکەدار دەکا، بیرکردنەوە لە بەختیارییەکی ڕەها خەیاڵێکی بێبناغە و پووچە، تۆیش لە پێناوی خەیاڵێکی پووچدا هاوڕێکانت خستە بۆسەی مەرگەوە ...

سەندیباد

من نەمدەزانی بەختیاریی پووچە!

نووسەر

بەڵام خۆ دەتزانی لە باشووری خۆرهەڵاتدا تاعون بڵاوبۆتەوە!

سەندیباد

بەڵێ ... دەمزانی ...

نووسەر

من چ قسەیەکم نییە!

سەندیباد

لە تەواوی ڕێگەی گەڕانەوەدا، لە خۆمپرسی: گەر ئەمە مەلی بەختیاریی بێت، ئەدی چۆن مەرگ و کوشتنی بینی و کەچی ورتەیەکی لێوە نەهات؟

ئای بیرکردنەوە چەند تاڵ بوو! ( وچان ) لە حەفتاو دووەمین ڕۆژدا، لەسەر تەختەبانی کەشتییەکەدا بینیم، پیاوێکی دڵناسك لە قوڵایی چاوەکانی مندا دەگری ....

غەیور

لە عەسری هەشتاهەمین ڕۆژدا بوو ...

سەندیباد

زەلام کێیت؟

غەیور

منم گەورەم ...

سەندیباد

ها غەیور ... تۆ پێتوایە ئەمەی هێناومانە مەلی بەختیاریی بێت؟

غەیور

بەڵی گەورەم ... بێگومان!

سەندیباد

ئاخر غەیور ... لەوەتی هێناومانە چ بەختیارییەکی بۆ کەشتییەکەمان نەهێناوە!

غەیور

بەڵێ ... ئەمە سەیرە!

سەندیباد

ئێستا لە گۆشەی چاوانی هەر کەشتییەوانێکدا فرمێسك هێلانەی کردووە... لە ماتەمینیی هاوڕێیانێکی لەدەسچوو ... مەلەکەش هەر کزو بێدەنگ و خامۆشە!

جەعفەر

گەورەم کەشتییەك ....

شوجاع

ئیشارەت دەدەن .... کەشتی کۆیلەکانە ...

جەعفەر

کەشتی کۆیلەکانە ... کەشتی سۆزانییەکان ... گەورەم ئیشارەت دەدەن!

غەیور

ئەم کەشتییە لە کەشتی گەرەکان گەورەترە ...

جەعفەر

لەگەڵ ئێمەیانە!

جادووگەر

( لە قوڵایی شانۆوە ) بگەڕێنەوە ... بگەڕێنەوە ... سەراپا نیشتیمانەکەتان ئاگرە ... خوێنە ... بگەڕێنەوە ...

سەندیباد

کاپتن ئەوە دەڵێی چیی؟

جادووگەر

ئاگر ...دوکەڵ ... ئاگر ...

سەندیباد

ئەوە دوا ئاگر دەبێت!

جادووگەر

بگەڕێنەوە ... بگەڕێنەوە ..

سەندیباد

ئاخر کاپتن لەم ساتەوەختەدا گەڕانەوە تاوانە ... وا من مەلی بەختیاریی بۆ ئەو نیشتیمانە دەبەم ...

جادووگەر

چیی؟ بیلێرەوە ... باش گوێم لێنەبوو!

سەندیباد

مه ... ل ... ی ... به ... خ ....ت .... یار ...یی ... (پێکەنینی جادووگەر) کاپتن پێمەکەنە! ئەمە درۆ نییە ... ئاخر ئەو مەلە بەختیاریی بۆ خەڵکی سانسا هێنابوو ...

جادووگەر

جا کێ دەڵێ بە ختیاریی بۆ نیشتیمانەکەی تۆ دێنێ؟

سەندیباد

کاپتن دەمت داخە، نوقڵانە لێمەدە ... ئێمە لە ڕۆیشتن بەردەوام دەبین!

جادووگەر

کە گەیشتمە شارێك بڵێم کێم بینیوە؟

سەندیباد

س ... ە ... ن ...د... ی ... ب ...ا ... د. ئەی من بڵێم کێم بینیوە؟

جادووگەر

خوا ... حافیز!

سەندیباد

گوێم لێ نەبوو ... بەرزتر!

جادووگەر

ماڵ .... ئاوا ...!

( بێدەنگیی )

غەیور

گەورەم ڕۆیشت ...!

سەندیباد

منیش لە خەیاڵی ئەوەدام ... گەر ئەم مەلە بەختیاریمان بۆ نەهێنێ!

غەیور

گەورەم بیر لەچی دەکەیتەوە؟

سەندیباد

چ گومانێکم نییه که هەمان مەله .. من خۆم "سیچون" ی سەرپەرشتیاری مەلەکەم هەڵخەڵەتاند، چ گومانێکم نییه .. ئەی ئەوه نەبوو خەڵکیی سانسا بۆ گرتنەوەی کەوتبوونه دوامان؟ کەواته وایه ... ئەوەی هێناومانه مەلی بەختیارییه ... بەڵام ئەدی بۆچی بەختیاریی بۆ نەهێناین. غەیور ... بۆچی ئەم مەله بەختیاریی بۆ نەهێناین؟

رەسوڵ

( هاوار دەکا ) که ... نا .... را!

( ژاوه ژاو )

سەندیباد

چەند تاڵ بوو حەقیقەت! چەند تاڵ بوو تەماشاکردنی مەرگی مەلەکه! بەڵام تاڵتر لەوه هاواری ئەو پیاوه بوو که گوتی:

رەشید

گەورەم مەنسوور خۆی کوشت!

غەیور

رەشید بۆچی؟

رەشید

گەورەم خۆی پێرانەگیرا ... یاساوڵەکانی میر به زۆری زۆرداری ژنه جوانکیلەکەیان لاقه کردووه .... ( سەندیباد به تورەیی قاچ به عەردا دەکێشێت ) گەورەم وا ئێستا ئەو له تابوتەکەیدا ڕاکشاوه!

(سەندیباد دەنەڕێنێ، بێدەنگی )

سەندیباد

من لەوێوه دەگەڕێمەوه ... سەعاتێك لەمەوبەر تابوتێکم تا ئەوپەری دونیا برد... لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا له خۆم دەپرسیی: بۆچیی؟ بۆچیی؟ بۆچیی؟

وەهەب

سەندیباد گوێم لێته!

**سەندیباد**

**مەلی بەختیاری تەنها لە نیشتیمانەکەی خۆیدا مەلی بەختیاریی بوو!**

**وەهەب**

**سەندیباد دەبینم پیر بوویت!**

**سەندیباد**

**وەهەب لەوەش پیرتر بووم کە تۆ مەزەندەی دەکەیت! کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانی شار ئەو زرمە و دوکەڵە چیی بوو؟**

**وەهەب**

**تەقینەوە بوو ... داهێنراوێکی تازەیە!**

**سەندیباد**

**ئای خودایە!**

**وەهەب**

**گەشتیارێکی خەڵکی تورکیای خۆرهەڵات، کەخۆی بازرگانیی بە کۆیلەوە دەکات و ناسیاوی میر غەفوورە، لەگەشتەکەی ئەم دواییەیدا داهێنراوێکی تازە، بارووتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە! میر فەرمانی دەرکردووە کە بازرگانان تازەترین شت بۆ وڵاتە دوورەکان بەرن و بەرامبەر بەوە زین و چەك و ئەسپ و ڕەشماڵ بێنن ... ئەو کۆیلانەش بکڕن کە لە هونەری جەنگدا چاپووکن... میر خۆی بۆ داگیرکردنی تەواوی چین ناوەتەوە!**

**سەندیباد**

**چین؟**

**وەهەب**

**ئێستا ئێرە تەواوێك ئاگرە ... باروت لەگەڵ زەڕنیخا ئامێتە دەکەن و بە پێوانەیەك کە نازانم چەندە دەیهاوێژن، ئیدی دەتەقێتەوەو کڵپە دەسێنێ... سەندیباد، بنۆڕە بزانە تۆیش چیت هێناوە؟ بەرامبەر ئەوە مەلێکت هێناوە**

که هەر گەیشتە گۆڕەپانی شار، بە دوکەڵە ئەرخەوانییەکە ڕەش داگەڕاو لە قەفەسەکەیدا مردار بۆوە!

سەندیباد

(بە ئازارەوە) مەلی بەختیاریی تەنها لە نیشتیمانەکەی خۆیدا مەلی بەختیاریی بوو ... ( بە شڵەژاویی ) بۆچیی؟

نەدیم

قوربان دەڵێن ژمارەیەك خەڵك لە کەلاوەکانی دەرەوەی شاردا خەریکی ئاژاوەنانەوەن!

جادووگەر

کێن؟

نەدیم

دەستیەك بەتاڵ و حەتاڵ گەورەم...

جادووگەر

سەرکردەی سوپا ..

سیخوڕی یەکەم

لە ژێر ڕکێفتانام گەورەم ...

جادووگەر

قسەیەك بکە!

سیخوڕی یەکەم

هێرشی شەوانە بە سەگی دڕەوە ...

سیخوڕی دووەم

بە ڕۆنی قرچاوەوە ...

سیخوڕی یەکەم

بە تێزابەوە ...

جادووگەر

ئەی فەتوادەران چیی دەڵێن؟

سیخوڕی دووەم

دەڵێن ئەمەیە فەرمانی شەرع قوربان ...

جادووگەر

ئەی ئەستێرە ناسان چیی دەڵێن؟

سیخوڕی یەکەم

ئەوەی کە دەبێ بیڵێن قوربان!

جادووگەر

ساتێکی گونجاو و لەبارە؟

سیخوڕی دووەم

هیچ ساتێك لەمە گونجاوتر نەبووە!

جادووگەر

یەعنی بەختمان یارە؟

سیخوڕی یەکەم

فەرەحییەکە نەبێتەوە قوربان ...

جادووگەر

کەواتە ئەی کوا کەللەسەری دوژمنەکانم؟

سیخوڕی دووەم

چووم منارە لەو کەللەسەرانە دروستکەم قوربان!

نەدیم

ئەها، ئەمەیە ویستی خودایی کە ژیانی هەمووو خەڵکانێك دەگرێتەوە. ماوەیەکە ئەستێرەکان دەسنیشانی باش و خەراپ دەکەن، سەدو بیست پیاوی ڕۆشنبیر، سات بەسات چاودێری ئەستێرەکانن ... ئەستێرەکان لە هەر ساتێکدا ئاماژە دەدەن کە بۆ قەتڵوعام کات لەبارە .... ئەمەیە فەرمانی ئەو چارەنووسەی کە نەگۆڕە ... دەڵێن فەرمانی چارەنووس

فەرمانڕەوایەکی دادوەر بنیاتی ناوە کە لە گۆڕان ترساوە ... بەڵام دەك زوبانم بەبڕین چێ، چ سەرۆکێك هەیە کە بترسێت!

سەندیباد

دەبێ بەردەوام بین ... دەبێ بەردەوام بین!

وەهەب

لەسەر چ شتێك؟

سەندیباد

لە گەڕان ... من دەبێ ئەو قەرزەی کە لەسەرمە بیدەمەوە!

وەهەب

قەرزی چیی؟ خۆ تۆ هیچ قەرزاری کەس نیت!

سەندیباد

چۆن وەهەب ... من ناتوانم کەنارگیر بم!

وەهەب

بەسە ... با لەوەندە زیاتر تیانەچیت!

سەندیباد

بەڵام خۆ دەبێ شتێك بکرێت!

وەهەب

چ شتێك؟

سەندیباد

( نائومێدانە ) دەبێ بیری لێبکەمەوە ... بیر بکەمەوە!

خەڵکیی

وا ئێمە بیر دەکەینەوە
بەم میوە نەگەییوانەوە
ئا بەم پەلکە وشکانەوە
ئیدی پاشان بێزار دەبین!

سەندیباد

باشە ئەدی بۆچی ئەو مەلە لێرە نەیخوێند؟

وەهەب

چونکە قەفەسەکەی خۆشنەدەویست!

سەندیباد

وەهەب .... کاروانەکانی ئاوریشم لە کوێن؟

وەهەب

بۆچیی دەپرسیت؟

سەندیباد

شەش مانگە لە شەقامی حەوت وشتر لامنەداوە، وەهەب کاروانی بلوور و داو و دەرمانم نەبینیوە!

وەهەب

ئاخر ئەوانە لەسەرزەمینی ولاّتی ئەودیوەوە هاتوچۆ دەکەن!

سەندیباد

ئێرە خەریکە تیادەچێت!

خەڵکیی

ئێرە زوبانی سوور
سەرە سەوزەکان
دەدەنە با!

سەندیباد

دەبێ بگەڕێین ... دەردەکە لەکوێوە تەنییەوە؟ لە کوێوە؟

وەهەب

سەندیباد ... ئەم دڵۆپە ئاو بەرەو زەریا بردنە!

سەندیباد

هەر بە ڕاستیش من عەودالّی چەند دلّۆپە ئاوێکم و نایگەمێ ... ئاخر ئەم زەینە بەدگومانەی من سوکانەکەم بەرەو چەپ و ڕاست دەبا و ناتوانم کۆنترۆلّیکەم ... ئای وەهەب.. چۆن فێر بوویت کە هەست بە جیاوازیی نەکەیت؟

**وەهەب**

چونکە زوو فێر بووم کە دەبێ دەس بە کلاّوەکەمەوە بگرم ئەگینا با سەریشمی لەگەلّدا دەبات!

**سەندیباد**

وەهەب تۆ زۆر گۆڕاویت!

**وەهەب**

تۆیش دەگۆڕێیت!

**قامچی بەدەستی یەکەم**

مەستیت یان وشیار؟

**خەلّکیی**

مەست!

**قامچی بەدەستی دووەم**

نووستوویت یان بێدار؟

**خەلّکیی**

نوستوو!

**قامچی بەدەستی سێیەم**

چاوساغیت یان کوێر؟

**خەلّکیی**

کوێر!

**سەندیباد**

ئاسمانی شار خەمین .. ڕەشپۆش ... دەردەدار

**قامچی بەدەستان**

کوێر ... کەڕ ... خەوتوو ...

**سەندیباد**

نا وەهەب، من ناتوانم گەواهی لەناوچوونی خۆم و خەڵکانی تر بم!

**وەهەب**

دەبینم سەندیباد ... دەبینم ...

**پیاوی نابینا**

ئێوە دەبینن، بەڵام من چیتر هیچ شتێك نابینم. یارمەتیم بدەن ... یارمەتیی!

**سەندیباد**

کابرا تۆ چۆن توانیوتە بگەیتە ئەم عومرە!

**پیاوی نابینا**

بە چاوی چاوەڕوانیی!

**سەندیباد**

چاوەڕوانیی چیی؟

**پیاوی نابینا**

موجیزە ... گەورەم خەونم بینوە قارەمانێك پەیدا دەبێت!

**سەندیباد**

ڕزگارکەرێك؟

**پیاوی نابینا**

لە غەیبەوە هەواڵم پێگەییوە ... قارمانێك پەیدا دێ!

**سەندیباد**

کەی؟

**پیاوی نابینا**

بە زوویی ... چاوەڕوانم ... کۆمەککەن ... بە زوویی!

سەندیباد

گوێ بگرە!

پیاوی نابینا

بە زوویی ... کۆمەککەن ... کۆمەك ...( دوور دەکەوێتەوە )

وەهەب

سەندیباد خۆ دەبینی؟ موجیزە!

سەندیباد

کێ ئەمانەی بەم ڕۆژە گەیاندووە؟

وەهەب

منیش دەپرسم کێ؟

سەندیباد

ئەوانەی کە دەبینن و ناشبزوێن!

وەهەب

ها .... بۆ پێتوایە ئەم پێ جوولاندنەی تۆ بزووتنە؟

سەندیباد

هەر چۆنێك بێ من چاوم لە ڕێی غەیب نییە، وەهەب گوێت لێیە؟ تەنها خەڵکانی دەستەپاچە دەستە و ئەژنۆ لە چاوەڕوانی غەیبدا دادەنیشن ... چەند پێکەنیناوییە!

وەهەب

کەواتە پێبکەنە!

سەندیباد

دەست لە نێو دەست ... بەلاّم دڵ خۆی بۆ دڵێکیتر ناکاتەوە!

وەهەب

سەندیباد چ خەیاڵێکی ترت لە سەردایە؟

سەندیباد

هیچ . هیچ کەشتییەوانێك قایل نابێت لەگەڵمدا بێت ... هیچ بازرگانێك کاڵاو کەلوپەلم پێناسپێرێت! کەشتییەوانەکانم دەڵێن: بە ئومێدی کام سوودو قازانج؟ منیش وەڵامم پێنییە! ئای گەر بمتوانیایە سەفەرێکم بە هەموو دونیادا بکردایە ... من لە چایخانەیەکی چیندا، زۆر شت لە جوتیارەکانەوە فێربووم!

وەهەب

چین؟

سەندیباد

بەڵێ چین!

وەهەب

سەندیباد ... هێشتا کیژۆڵەکەی پادشات هەر ...

سەندیباد

نا وەهەب .... من ... نەخێر ... بەڵام هێشتا جحێڵێکی دڵناسك لە ناخمدایە، جار ناجارێك فرمێسکەکانی چاوانم تەڕ دەکەن ... ئەو بە سەختیی لە تێپەڕبەوونی ساڵەکان بێئاگایە!

وەهەب

بیست ساڵ ....

سەندیباد

بەڵێ بیست ساڵ ...

نەڕەیەك لە تاریکییەوە

وەهەب!

وەهەب

چیی؟

دەنگ

وەهەب خێراکە! ..... ( وەهەب بەدوای دەنگەکەدا دەڕووا )

سەندیباد

لە یەکەمین مانگی پێش مردنیدا، لە بیست و حەوت خوازبێنیکەری بەشکۆی مەنچۆری و تیبتیی و مەغۆلستانیی و لە حەکیمانی ولاتە ڕۆژهەلاتییەکانی پرسیبوو: بەختیاریی چییە؟ کەچی هەموو ئەو خاوەن شکۆیانە قوڕوقەپیان لێکردبوو ... دەبێ حەقیقەتێك هەبێ، دەبێ هەبێ، وەهەب گوێت لێیە؟ لە کوێی؟ ( وچان ) فرێدانی بەرد لە تاریکییدا دەبەنگییە! من دەبێ ئەم حەکیمانە ببینم، حەکیمانی هەموو دونیا، دەبێ بزانم ... بەلام چۆن؟

( وەهەب بە پەلە دێتە ژوورەوە )

وەهەب

سەندیباد ... کەی بکەوینە ڕێ؟

سەندیباد

وەهەب هاتیت؟

وەهەب

سەندیباد ... کەی بکەوینە ڕێ؟

سەندیباد

بۆچیی دەلەرزیت؟

وەهەب

لەم سەفەرەدا منیش لەگەڵت دێم ...

سەندیباد

کام سەفەر؟

وەهەب

سەندیباد منیش دێم ...

سەندیباد

بۆچی وەهەب .. مەگەر لە ماڵی خۆتا ئاسوودە نیت؟

وەهەب

چیتر ماڵم نییە ... ماڵەکەم بووەتە خۆڵەمێش!

سەندیباد

چۆن؟

وەهەب

کردوویانەتە خۆڵەمێش! سەندیباد ... کەی بڕۆین؟

سەندیباد

نازانم ! ئاخر پولێك شك نابەم ... من ئێستا تەواوێك پیاوێکی نابووتم!

وەهەب

ئەوە بۆ من دانێ!

سەندیباد

تۆ؟

وەهەب

بەڵی سەندیباد ... بە کاروان بەرەو بازاڕەکانی شام و حەڵەب دەڕۆین ... گەر کاڵاوکەل و پەلی دیمەشقی بگەیەنینە بازرگانەکانی کەشمیر ئەوا قازانجێکی زۆر دەکەین.

سەندیباد

بەو قازانجەیش ...

وەهەب

کەشتییەوانەکان کۆدەکەینەوە و کەشتییە شکاوەکە چاك دەکەینەوە ... پاشان ڕاسپاردەی کاڵاو کەلوپەل وەردەگرین.

سەندیباد

ڕاسپاردەیەك بۆ هەموو دونیا ...

وەهەب

دەی با بڕۆین!

سەندیباد

بەرەو ئەو ڕێگەیانەی کە تا ئێستا کەسیان پێدا تێنەپەڕیوە ...

وەهەب

بەرەو ڕووبعی خاڵیی ....

سەندیباد

بەرەو بەسرە ...

وەهەب

بەرەو بیابانی نفود ..

سەندیباد

بەرەو بەعلەبەك ...

وەهەب

ئاها .... سەرقافڵەچیی، ئادەی پێم بڵێ ئەو ڕەشاییە کوێیە؟ ئەنتاکییە نییە؟

سەرقافڵەچیی

با گەورەم ... خۆیەتی!

وەهەب

دەهۆڵ بکوتن ... وشترەکان مەرەخەسکەن با بنوون!

سەرقافڵەچیی

سوبای ساڵحان دەکەوینە ڕێ ...

شوجاع

کەژاوەکان ... کەژاوەکان ....

وەهەب

ئەها سەرقافڵەچیی .... ئەرێ ئەوە خانەقای ئەسکەندەرییە نییە؟

سەرقافڵەچی

با گەورەم ئەوێیە!

وەهەب

ڕەشماڵەکان، ئاگر، ستار بگرن ... با کۆیلەی حەبەشی سەتڵەکە لەو گۆمە پڕکات لە ئاو ..

سەرقافڵەچی

نا گەورەم ... ئەوە ڕووباری قاییمە!

سەندیباد

منیش لەخۆم دەپرسم: بۆچی مەلی بەختیاریی لە نیشتیمانەکەی ئێمەدا نەیخوێند؟

( غەیور نزیك دەبێتەوە )

غەیور

گەورەم مەزەندە دەکەم من وەڵامی ئەو پرسیارە بزانم!

سەندیباد

چۆن غەیور؟

غەیور

لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە .....

سەندیباد

غەیور ... خێراکە بڵێ بۆچی؟

غەیور

لە قوبروس کابرایەکی تورکم بینی خرابووە قەفەسێکەوە و بە منارەیەکەوە هەڵواسرابوو، بە خاچپەرست خاچپەرست هاواریان لێدەکردو بەرد و خشتیان تێدەگرت... گەورەم چ دەرفەتی ڕزگاربوونی نەبوو ...

سەندیباد

ئێ ... دوایی؟

غەیور

پرسیم : ئەو پیاوە کێیە؟ گوتیان ئەوە گۆرانیبێژێکی شێتە!

سەندیباد

غەیور خێراکە ....

غەیور

یەکێك لەوانەی گاڵتەیان پێدەکرد، هاواریکرد: ئەها بەختیاریی ....کابراش کە هەموو گیانی خوێن بوو، گوتی : چ گوڵێك لە خاکەکەتانا دەڕوێ من ئەو گوڵەم .... پاشان هاواریکرد: دەبێ دونیا بەهار بێ ... ئەوجا مەل دەخوێنێ!

سەندیباد

غەیور گوتت چیی؟

غەیور

پرسیم: گوتیان ئەو قسەیە هینی حەکیمەکانی هیندوستانە .... گەورەم من بیرم زۆر لێکردەوە ... ئاخر لێرە دونیا بەهار نەبوو!

سەندیباد

تێناگەم!

غەیور

گەورەم شارێك شایستەی مەلی بەختیاریی نەبێت، ئەو مەلە چۆن دەتوانێ تییایدا بخوێنێ؟

سەندیباد

ها ...! ( سەندیباد گێژ دەبێ، غەیور دەیگرێت، کوتوپڕ ) وەهەب!

وەهەب

چیی بووە سەندیباد!

سەندیباد

کاتی ئەوە هاتووە لێکتری جوێ بینەوە، کەشتییەك هەیە سبەینێ حەرەکەت دەکات، سەبەینێ کازیوە من دەچمە ئەو کەشتییەوە، جلکی

کەشتییەوانیی دەپۆشم و لەو کەشتییەدا سەوڵ لێدەدەم ... وەهەب من دەڕۆم!

وەهەب

سەندیباد ناڕۆیت ... ئاخر هێشتا لەنیوەی ڕێگەداین!

سەندیباد

لەوێ تەواو دەبێت ...

وەهەب

لە کوێ؟ تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟

غەیور

بۆ ڕاجستان ، بەنارس، بەنگال، پنجاب ....

وەهەب

ئەم ڕۆیشتنەت بۆ مامڵەی کڕین و فرۆشتنی کوتاڵ نییە ... بڵێ چ بووە؟

سەندیباد

مامڵەی کڕین و فرۆشتنی کوتاڵ بۆ خۆت ... من دەڕۆم تا وەڵامی هەموو پرسیارەکانم لە گۆشەگیرانی هیندوستان وەربگرم!

( دەچێتە سەر سەکۆکە ... شوجاع و غەیور لەگەڵی دەڕۆن، ئەوانیتر هێدی هێدی دەچنە تاریکییەوە )

شوجاع

سەیری چ دەکەیت؟

غەیور

گۆڕینی ئاراستەی هەورەکان ...

شوجاع

حەرەکەت ....

غەیور

سەندیباد، تەواوی ڕێگە سەوڵمان لێداوە ... چما ئەوەی بۆی دەچین ئەم هەموو عەزابە دەهێنێ؟

**سەندیباد**

ئەو حەکیمانە وەڵامم دەدەنەوە ... وەڵام دەدەنەوە!

**غەیور**

بنۆڕن زەریای هیند ...

**شوجاع**

لە سنووری حەوت ڕووبار نزیك دەبینەوە ...

**غەیور**

نزیکی پەیکەرە بێدەنگەکان دەبینەوە ... نزیك پەیکەرگەلی دەم بە پێکەنینی تاڵی گومان!

**سەندیباد**

نزیکی گەنگ ... نزیك پەنجاب ....

**شوجاع**

نزیك وێرانەکانی سەد هەزار شار ...

**سەندیباد**

وێرانەکان دەبینم .... تەپۆڵکە بەردینە بێدەنگەکان!

**غەیور**

پێکەنینی تاڵی گومانیان وا لەسەر لێو .... پاشماوە لە ڕۆژانی ئاشوکا!

**سەندیباد**

گۆپتا ...

**غەیور**

بوزا .....

**سەندیباد**

بەهاراتا ...

غەیور

ئیندرا ...

سەندیباد

دەبینم گومانی بەردەکان  لە زامی خەنجەر قوولّترن! ( دەنگی تەپڵ، وچان)
ئەریٚ بیٚدەنگیی ئەم حەکیمە گۆشەگیرانە چی دەگەیەنیٚ؟

بەرەهمەن

ئەمانە بە بیرکردنەوەیان نهیٚنیی بوون هەڵدەگۆزن!

سەندیباد

بڵیٚی وەڵامی من بدەنەوە؟

بەرەهمەن

تا ئەو شویٚنەی کە بزانن!

سەندیباد

پرسیارەکەم ئەمەیە : سەرچاوەی بەدبەختیی چییە؟ ( بیٚدەنگیی )

بەرەهمەن

ئهم .... حەکیمی مەزنی ئارگۆنا دەڵیٚ: هیٚی برا، زەمانیٚك بوو سەماکەریٚك بە ئاهەنگی سیتار و میزانی کاتاك حەکیمی سەنجایای لەخۆ برد. لە سوتراهادا هاتووە کە ئەڤین وەك شەونم وەهایە، حەکیمی سەنجایا کە لە کاسەی گویٚزی هیندیدا شیلەی گیای دەخواردەوە، نەیزانی کە ئەوە پیٚکی مەهاتمایە یاخود نیٚردراوی ئیٚمەیە. پاش ئەوە حەکیمی سەنجایا چڕاندی: ویستن سەرچاوەی ڕەنج و ئازارە ... ئیدی بیری لە ئیٚمە کردەوە و مینتەرەکانی نووسی.

سەندیباد

ئیٚمە؟

بەرەهمەن

دەبیٚ بگوتریٚ ئەهریمەن!

سەندیباد

لە کوێیە تا لەگەڵیدا بچمە جەنگەوە!

بەرەهمەن

ئهم ... حەکیمی هۆشمەند دەفەرموێ: هێی برا، لە دوا ڕۆژی ژیاندا، کاتێك حەکیمی سەنجایا بیری لە کارەکانی ئێمە دەکردەوە، گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئەهریمەنی هەر کەسێك لە ناو خۆیدایەتی!

( بێدەنگیی )

سەندیباد

دوا پرسیارم ئەمەیە کە ڕێگەیەکی درێژم لە پێناوی دەسگیر کەوتنی وەڵامەکەیدا بڕیوە!

بەرەهمەن

بڵێ ... برا!

سەندیباد

بەختیاریی چییە؟

( بێدەنگیی )

بەرەهمەن

حەکیمی مەزن دەڵێ: من دەبێ چ وەڵامێك بدەمەوە کە وەڵامێکی غافڵکەر نەبێت؟ بەرەو لای حەکیمی شانکار بڕۆ ... ئەو هەموو شتێك دەزانێ.

سەندیباد

شەست و چوار حەکیمی تر هەمان شتیان پێگوتووم... بەڵام ئێستا حەکیمی شانکار لە گوزەراندنی بێدەنگیی یەك ساڵەیدایە!

بەرەهمەن

بێدەنگیی مەزن! تۆ دەبێ نیو ساڵی تر ئارام بگریت!

سەندیباد

ئەو ئارامییەی کە تا ئێستا گرتوومە بەسە!

( به توندیی بەرەو لای حەکیمی شانکار دەڕوا که لەسەر بەرزاییەك دانیشتووە، جادووگەر لە قەلافەتی حەکیمی شانکاردایە. سەندیباد هاواردەکا ) حەکیمی شانکار!

بەرەهەمەن

برا ئەو قسە ناکات!

سەندیباد

هیچ نەبێ خۆ دەبێ گوێی لێم بێت!

بەرەهمەن

برا ... بێدەنگییەکەی ئەو پیرۆزە ...

سەندیباد

شانکار ... تۆ زوبانی من بەڵەدیت و تێمدەگەیت، بیستوومە، کە لە پیادەڕۆیینی دە ساڵەدا بە نیشتیمانەکەی ئێمەیشا تێپەڕیویت.. کەواتە دەزانیت لەکوێوە هاتووم ... شانکار گوێت لێیە؟ شانکار، لە نیشتیمانەکەی مندا جەنگ بەرپایە ... لە هەموو دونیادا جەنگ بەرپایە ... هەموو بەر بوونەتە یەکتری، هیچ کەسێك بەختیار نییە، هیچ حەقیقەتێك بوونی نییە، بڵێ ئەی دانای تەواو .... لە هەموو دونیادا جەنگێکی ئەبەدیی هەیە!

بەرەهمەن

بەڵام برا ....

سەندیباد

کوشت و کوشتارە ... یەکتری کەلەپاچە دەکەن ، ناپرسیت بۆ؟ لە نێوانی ئەم و ئەودا، لە نێوانی هەر کەس و کەسێکیتردا دیوار هەیە، بڵێ ئەی دانای تەواو، من هەموو هیواکانم بێ هیوا بینیون، کەشتیم بە هەر حەوت زەریادا بردووە، لە سیلان و سەراندیبەوە تاکو تەرابلوس و ئەندەلوس، لە بابولمەندەبەوە تاکو جەبەل تاریق ... من هەموو ئەو شوێنانەم تەیکردوون،

له زیارەتکارانی بەیتلەحم چیرۆکی کورە گەلێکم بیستووە کە تییایاندا یادەوەری دە هەزار نەوە کراوەتە خۆڵەمێش ... بیستوومە لە ئاکیتسۆ، دەستی ئینسان گۆڕێکی بە فەراوانیی دوو دونیا بۆ ئینسان هەڵکەندووە، بیستوومە جێنشینی مەسیح و پاسەوانی کڵێساکانی خودا، بە بێدەنگییان هەزار هەزار، چەندین هەزار هەزار ئاواتیان لە ژێر خاك و گڵدا تاساندوون.. پێیانگوتم : ئەو خەیاڵەی کە لە کیشوەری نوێدا بە زەینی پیاوێکدا هات، لە یاماتۆ ژمارەیەکی بێ شومار پیاوو ژن و مناڵی کردە تارمایی... ئەی دانای دانایان .... بڵێ لەم دونیا مەزنەدا کۆمەڵە لاشەیەکی وا هەیە کە هیچ داڵەکەر خۆرەیەك ئارەزووی دەنووك لێدانیانی نییە!

بەرەهمەن

برا بڕۆ ... ڕاجە بێدەنگە ... بەڵێنی یەك ساڵیی!

سەندیباد

بڵێ ئەی دانای دانایان ... من بە دوای بەختیارییدا دەگەڕێم، تەنانەت گەر لە ژێر عەردیشدا بێت بۆ وەدەستهێنانی دەچم ... بەختیاریی بۆ ئەو کەسانەی کە سبەینێ ئاخ بۆ ئیمڕۆ هەڵدەکێشن ... بەختیاریی بۆ ئەو کەسانەی کە ژیانیان بە تەواویی بێ نرخە. بەختیاریی بۆ نیشتیمانێك کە بە لێواری شەڕەوەیە ... بەختیاریی بۆ دڵانێکی نزیك بەڵام لێکتر جودادا ... ئەی دانای دانایان ... من بە حەسرەتەوەم بزانم بەختیاریی چییە تا بەرەو وەدەسهێنانی بڕۆم ... هەڵبەت تۆ وەڵامم دەدەیتەوە؟

بەرەهمەن

برا بڕۆ ... ڕاجە بێدەنگییە پیرۆزەکەی ناشکێنێ!

سەندیباد

من بێ وەڵام ناگەڕێمەوە ... ئەو خۆی باش دەزانێ کە ئێستا ژیان دیلێتییە، ئەو خۆی باش دەزانێ کە ژیانیان بێ نرخ کردووە ... ئەو دەزانێ... دەزانێ کە ....

غەیور

سەندیباد ... با بڕۆین!

سەندیباد

ئەو دەزانێ کە ئەم بێدەنگییە ... گەر ئەوەی دەیزانێ نەیهێنێتە سەر زوبان، ئەوە مانای داخستنی دەرگای بەختیارییە بە ڕووی دونیادا ... ئەی دانای دانایان ئەوە شەرمەزارت ناکات!

غەیور

سەندیباد ... با بگەڕێینەوە .... نایەوێ بێدەنگییەکەی بشکێنێ!

سەندیباد

غەیور بینیت؟ ئەمە دوا ئاواتی من بوو ...

جادووگەر ( حەکیمی شانکار )

ئهم ....

بەرەهمەن

حەزرەتی حەکیمی شانکار ...

غەیور

بێدەنگییەکەی شکان ....!

سەندیباد

( کڕنۆشی بۆ دەبات ) یارمەتیم بدە ...

جادووگەر

بپرسە!

بەرەهمەن

فەرمووی ئەوەی کە دەتەوێ بپرسە!

سەندیباد

بەختیاریی چییە؟ ( جادووگەر سەر تەکان دەدا)

جادووگەر

نا ... زا ... نم!

سەندیباد

نا!

جادووگەر

نازانم!

سەندیباد

( دەنەڕێنی ) نا .... ! یەکێك هەیە! دەبێ یەکێك هەبێ، دەبێ هەبێ، یارمەتیم بدە ... یارمەتیم بدە!

پیاوی نابینا

دەردەکەوێت ... بەزوویی پاڵەوانێك دەردەکەوێت ... کۆمەککەن ... ئاماژەکان وا دەگەیەنن ... کۆمەککەن ... کۆمەککەن .... کۆمەك!

( سەر تەختەی شانۆ تەی دەکا )

وەهەب

سەندیباد دەبینیت؟

سەندیباد

لە هەمان ئەو شوێنەداین کە لێیبووین!

وەهەب

ترسناکە ...!

سەندیباد

بەخۆم دەڵێم : بڵێی غەیور ڕاست بکات؟

وەهەب

لەوانەیە لە گۆشەگیریدا شتێکی دۆزیبێتەوە!

سەندیباد

پێموانییە .... من لەم گۆشەگیرییە درێژەدا هیچ شتێکم نەدۆزییەوە!

وەهەب

شێخی خانەقا لەبارەی حەقیقەتێکەوە قسەی دەکرد کە لە بێدەنگیدا دەردەکەوێت!

سەندیباد

کام حەقیقەت؟ ئەوانە هەوڵیان دەدا کە خۆم لە عەرد دابڕم! تۆ پێتوایە دەوای دەردەکان لە ئاسمان بێت؟

وەهەب

نازانم!

سەندیباد

ناوبەناوێك بەخۆم دەڵێم بگەڕێمەوە و لە شوێنێکدا خۆم گۆشەگیرکەم، دەڵێم لەوانەیە ڕاست بێت ... لەوانەیە لە بێدەنگییدا حەقەیقەتم بۆ ئاشکرا بێت ... بەڵام جارناجارێکیش ترس دامدەگرێت!

وەهەب

ترس؟

سەندیباد

بەڵی وەهەب ترس ... ترس لەوەی کە نەبا بێدەنگیی بەسەرمدا زاڵبێ! بەخۆم دەڵێم  ئایا بێدەنگیی زادەی ورە بەردان نییە؟

وەهەب

من خەیاڵم لای کوتاڵەکانە!

سەندیباد

دەبێ یەکێك هەبێ ... لەم دونیایەدا و بەم گەورەییە، دەبێ یەکێك هەبێ بزانێ بۆچی گومان بەردەکانی تەنیوە!

وەهەب

سەندیباد تۆ قسەی بێهودە دەکەیت!

سەندیباد

ها؟

وەهەب

من لەبارەی کوتاڵەکانەوە دەدوێم!

سەندیباد

بەڵێ وەهەب بدوێ ...

وەهەب

زوربەی زۆری کوتاڵەکان لە بەندەر ڕزیون!

سەندیباد

نازانم چۆن و بۆ کوێ ... دەخوازم سەفەرێك بە هەموو دونیادا بکەم و هەموو ئەو حەکیم و گۆشەکیرانە ببینم کە بە حەقیقەت گەییوون !

وەهەب

سەندیباد، بیرت نەچێت کە کەشتییەکان مافی چوونە دەرەوەیان لە بەندەر نییە و وا کوتەڵەکانیش لەوێ دڕزێن ... من دەڕۆم!

سەندیباد

بڕۆ و ڕاسپاردەیەك بۆ سەفەرێکی هەموو دونیا وەرگرە!

وەهەب

سەندیباد شێت بوویت؟

سەندیباد

ها؟

وەهەب

گوێت لێم نەبوو؟ گوتم وا کوتاڵەکان دەڕزێن ... وا منیش دەڕۆم دەیدەمەوە بە خاوەنەکانیان!

سەندیباد

بۆچی؟

وەهەب

ئاخر کەشتییەکان مافی ئەوەیان نییە ....

سەندیباد

ئێمە دەڕۆین ...

وەهەب

چۆن؟

سەندیباد

بە تاریکە شەو دەڕۆین ... خەڵەفاندنی پاسەوانەکان دانێ بۆ خۆم!

وەهەب

نا ... سەندیباد ...

سەندیباد

دەترسیت؟

وەهەب

ناترسم ... بەڵام کارێکی لەو جۆرە ڕەنگە خراپ بەسەر خۆت و هاوسەفەرەکانتا بشکێتەوە!

سەندیباد

سبەی نیوەشەو ... لە کەنار ...

وەهەب

سەندیباد تۆ زوڵم لە خۆت دەکەیت! ( دەچێتە دەرێ )

سەندیباد

( تەنها ) ترسناکە!

سیخوڕان

ترس!

سیخوڕی یەکەم

قوربان ترس خەڵکیی دەهێنێتە ژێر بار!

جادووگەر

نان ببڕن ... ئاو بگرنەوە !

خەڵکیی

ئای .. ئای ... نەهاتیی!

نەدیم

میر چییان فەرموو؟

سیخوڕی دووەم

فەرمووی ژەهر بکەنە سەرچاوەی ئاوەکانەوە!

سیخوڕی دووەم

فەرمووی ئاگر بەر بدەنە خەرمانەکان!

پیاوێك

برسێتیی ...

پیاوێکیتر

مەرگ و میر ...

پیاوێکیتر

تاعون ...

خەڵکیی

تاعون ... وای نەفرەت!

سیخوڕی یەکەم

گەورەم هەموو هاتنە ژێر بار!

سیخوڕی دووەم

گەورەم ئەمرتان بە چییە؟

جادووگەر

خۆشحاڵم .... ( هاوارێك )

سەندیباد

لەسەر ڕووی ئاوەکانی ئەوپەڕی دونیا بووین،
ئێمە هاوارێکمان بیست!

دەستەی یەکەمی کەشتییەوانەکان

گوێمان لێبوو هاوار دەکەن ...

دەستەی دووەم

با هەر بە ناڵە و هاوار بێ "با "

خەڵکیی

هەر بە ئاژاوە بێ هەورە گرمە
هەر کوتەر بێ هەورە تریشقە
بێ مایە بێ ... مایەو هەوێنی هەر شتێ!

جادووگەر ( حەکیمی عارەب )

لە چۆنێتی بەختیاریت پرسی، لە موعەلەقاتا نەمدیوە، لە ئەسحابی فەحس و شاعیرانی جاهیلییەوە هاتووە کە بەختیاریی سەرچاوەی ئەتلالە، یاخود وەك دارخورمایەکە لە مێرگێکدا، لە بیاباندا ئەم پەندە باوە، کە سەرچاوەکانی یەمەن ئاو بە یەمەن دەدەن، لە بیابانی "تەی"دا کەنداو بە نینۆکەکانی خۆیان هەڵدەکەنن، ئەگینا سەتڵەکانی قەوم بە تاڵە!

خەڵکیی

با هەر وشك بێت عەشق،
بڕوێت تورەیی
سەرنگوم بێت بەهاو پایەی هەر شتێك

جادووگەر ( جەکیمی جوولەکە)

لە بارەی کام ڕێگەی ژیانەوە دەدوێیت؟ هەموو ڕێیەك بە پێی ڕێبوارەکە خۆیەوە پەیوەستە. بەرەو کام مەنزڵ؟ " لاویان" گوتوویانە فریسییەك ئەم وشانەی دەربڕیوە کە ڕەنگە ڕێگەی ژیان لە دامێنی کێوی جەلیل ڕێگەی مەرگ بێت لە یەهودیە، کۆبوونەوەی ئاوی هەموو دونیا ئەم وشانە ناشواتەوە.. چونکە وشە بە باڵی "با" دەفڕێت!

خەڵکیی

ئەمە کام ئومێدە، ئیتر؟
هەموو ڕێیەك داخراوە
هەر ڕێنوێنێك ماندووی ڕێیە
هەر بیروباوەڕێك ئەویتر
پووچ و بەتاڵ دەکاتەوە

**جادووگەر ( حەکیمی مەسیحیی)**

قسە لەبارەی چ ئومێدێکەوە؟ پۆڵسی پێغەمبەر لە ئەنجومەنی گاڵتەپێکەراندا لە شاری جەلیل گوتی : تەنها هیوا، هیوایە بە شەفاعەتی خوداو باوکی ئاسمان ... ئێمە وەك "با" وەهاین، حوکمی هەر شتێك بکەین، ئەوا بەسەرماندا حوکمدار دەبێت ... هەروەك ئەوەی کە نووسراوە، هیوا بەستن بە سبەینێ ، سبەینێ باشتر ناکات، تەماشاکردنی دوێنێ سەختە، لە سبەینێ بنواڕە ... بەڵام ئاو لەسەراب جوێکەرەوە!

**خەڵکیی**

ئەمە کام ڕۆشناییە ... ئیتر؟
هیچ دەرگایەك کراوە نییە
ئاسمانی شار تەنراو بەتەم
هەر وشەیەك وشەیەکی تر دەشێوێنێت!

**جادووگەر( حەکیمی هیندی)**

لەبارەی کام ڕێگەوە دەدوێیت؟ سیدارتا گەڕێکی بینی و گوتی : کۆتایی هەر شەش ڕێگەی ژیان مەرگە، هیچ دەوایەکیش بۆ مەرگ نییە، فرمێسکی ڕژاو لەو ئاوانە زیاترە کە بەهەر چوار ئۆقیانووسە گەورەکەدا بە خوڕ دەڕوات، ئەو گوتی : ئەی بەرەهمەنان، ڕەگی گیا ژیانی ئینسان ڕیشەدارتر ناکات! پاریا یەك لە مانای ئەوەی پرسی ، سێدارتا گوتی: ئەی مەگەر گیایش لە بیرکردنەوەی مەرگی خۆیدا نییە؟

**خەڵکیی**

ئا ئەمەیە بێدەنگیی تاڵ
لە نێو تاڵیدا بێدەنگیی
مەستی حەشیشە و کۆکایین
دەواو دەرمانێکی ترە
ئەم ئەفیونە
چاوانی شار دەخاتە خەو!

جادووگەر ( حەکیمی ژاپۆنیی )

لە حاڵی مردووان دەپرسیت؟ شاعیرێك لە وڵاتەکانی یامایۆ لە نزیکانی میکادۆ، لەسەر گەڵای نیلۆفەر نووسی: لەم دونیا پڕ لە گومان و هەڵخەڵەتێنەرەدا، مەرگیش وەك ژیان بێ بناغەیە، مامۆستا کۆنفۆشیۆس فەرموویەتی: چۆن لە حاڵی مردووان دەپرسیت لە کاتێکدا هیچ شتێك لەبارەی مردووانەوە نازانیت! "چینگ تزێ" ی عارەبانچی مامۆستا کە لەوێدا ئامادە بوو، پرسی: گەر تەنها وشەیەکیش لەبارەی مەرگەوە دەزانیت ئەو وشەیە چییە؟ مامۆستا فەرمووی : لە تەختەو داری ڕزیو ناتوانرێ عارەبانەی قایم و تۆکمە دروستبکرێت !

( دەنگی سازو دەهۆڵ و زوڕنا لە دەرەوە، هەلهەلەی شادو خۆشیی، یەکێك لە بینەران دەڕوا و لە دەرگاکەوە تەماشایەکی دەرەوە دەکات )

بینەری یەکەم

هەروەك ئەوەی مژدەیەك ڕاگەیەنرابێت ... ها ... ها .. بنۆڕن!

بینەری دووەم

خێرو بەرەکەت هەڵڕژاوە ... با بڕۆین بۆ تەماشا!

بینەری سێیەم

با بڕۆین .. ئەمانە دەستیان بڕیوین ...

( دەچنە دەرەوە، بێدەنگیی )

سەندیباد

هەموو شتێك پێچەوانە كەوتەوە، من ویستم بەختیاریی بێنم، بەڵام بێهوودە بوو.

نووسەر

كام بەختیاریی ؟ تۆ ئیتر دەبێ بزانیت كە بەختیاریی كوتاڵ نییە!

سەندیباد

لەبری ئەوە سامانم هێنا!

نووسەر

بەڵام ئێرە پێویستی بە خۆشەویستیی بوو!

سەندیباد

بە دوای گۆزەی سەر بەمۆردا گەڕام!

نووسەر

بەڵام ئێرە پێویستی بە یەكێتیی بوو!

سەندیباد

دوای مەلی بەختیاریی كەوتم!

نووسەر

بەڵام ئێرە پێویستی بە چەك بوو... هەر ڕۆژێك دەهات لەگەڵ خۆیدا بارودۆخێكی دەهێنا كە واتای بەختیاریی دەگۆڕی... لەم دونیا بگۆڕەدا تۆ چۆن بە دوای واتایەكی چەسپاودا گەڕاویت؟

سەندیباد

كەواتە حەقیقەت ئەمەیە!

نووسەر

نازانم ... بەڵام شتێك حەقیقەتە، ئەویش ئەوەیە كە تۆ نابوویت بوویت .. لەوانەیە خەڵكی ئەم وڵاتە لەبری هەموو ئەو گەڕانانە، زیاتر پێویستیان بە هێزی شمشێری تۆ و سەد كەشتییەوانەكەت بووبێ.

سەندیباد

ئای ئەمە هەمان ئەو خەیاڵەیە کە هەزاران ساڵە دەمکوژێ و هەمدیس زیندووم دەکاتەوە.

بینەری چوارەم

ئەم برادەرە دەیەوێ خۆی بە قارەمان پیشان بدات ... هە ... لەم دەگانەیان زۆر لێداوین.

بینەری پێنجەم

زۆر گوێمان لەم درۆیانە بووە ...

بینەری شەشەم

ئەم پارەیەم چۆن بەقومار بردەوە، هەر ئاواش دەیدەمە تۆ ...

بینەر پێنجەم

وەریبگرە ... بەڵکو کاکی جادووگەر بیکاتە زێڕ ...

( پارەکە فڕێدەداتە بەر دەمی سەندیباد، دەچنە دەرێ )

وەهەب

پارەی مس! ( هەڵیدەگرێتەوە ) کانزاکەی گۆڕاوە، بەڵام دەنگەکەی هەمان دەنگە!

سەندیباد

وەهەب وا باشترە کەشتییەوانەکان کۆکەیتەوەو بڕۆین ... مانەوە لێرە بێسوودە، مانەوە لێرە خەمبارم دەکا .. دەی کەشتییەوانەکان کۆکەرەوە ..

وەهەب

لە کوێ بیاندۆزمەوە؟

سەندیباد

بگەڕێ ... جاڕ بدە!

جادووگەر

دەتەوێ جاڕ بدەیت ؟ بەڵام خۆت ئەزیەت مەدە، ئەوان خۆیان دەگەڕێنەوە.

( لە نێوان دوو پەنجەیەوە سەیر دەکات )

سەندیباد

چۆن دەزانیت؟

جادووگەر

دەزانم ... ئەوانە هەموو شوێنێك گەڕاون و ئێستایش وا دەگەڕێنەوە ..

( سێ كەشتییەوان نائومێدانە دێنە ژووری )

هاروون

گەورەم هەر چەندێك گەڕام ماڵی خۆمانم نەدۆزییەوە!

ئەسەد

گەورەم، لە كۆڵانەكەماندا كەس ناوی منی نەبیستووە!

عیماد

گەورەم خانووەكەمانم لە نێو خانووەكانی تردا نەناسییەوە ..

هاروون

گەورەم .. دڵنیایت كە ئێرە هەمان شارەكەی خۆمانە؟

وەهەب

هاروون ئێمە چیتر شارمان نییە!

سەندیباد

وەهەب! ( چوار كەشتییەوان بە توڕەیی دێنە ژوورەوە )

مەسروور

سەندیباد ... كوا ماڵەكەم؟

حوجەت

ئەی مناڵە تەمەن دوو ساڵانەكەی من كوا؟

ڕەسوڵ

كوا ئەو كیژۆڵەیەی كە چاوەڕوانم بوو؟

هەموو

كابرا بدوێ!

جادووگەر

لای کەشتییەوانەکانی باکوور یاسایەك هەیە، کە ئەگەر کەشتییەوان کەشتی بە لاڕێدا بەرێت، ئەوا بەردێك بە پێیەوە دەبەستن و بەرەو قوڵایی زەریای دەنێرن .. بەڵام ئاشکرا نییە کە سەندیباد ئەم کەشتییەوانانەی بە لاڕێدا بردبێت!

حوجەت

ها ... یەعنی ڕێی تێدەچێ ..؟

عیماد

بۆچی بە لاڕێیدا بردووین؟ چیمان لێکردبوو؟

ڕەسوڵ

واتە دەیزانی کە لە دوا سەفەریدا ماڵمان کاول دەکات ...؟

جەعفەر

بڵێ سەندیباد ... شتی وا ڕێی تێدەچێ؟

کەشتییەوانەکان

کابرا قسە بکە!

سەندیباد

قسەم نییە!

نووسەر

لەم کتێبەدا نووسراوە کە سەندیباد بەم سەفەرە قاییل بووە!

شوجاع

( بە یادی خۆی دێنێتەوە ) لە بیرمە ئێمە بە پێی خۆمان بۆ ئەم سەفەرە نەچووین... بەڵکو بردیانین . یادتان نییە؟ سەندیباد ئەو کات لە خەیاڵی سەفەری حەوتەمدا بوو ...

جادووگەر

( ڕایدەگەیەنێ ) سەفەری ... حەوتەم ....

شوجاع

( به وەهەب ) یادت نییە؟ سەندیباد هەرگیز شکست کۆڵی پێنەدەدا ... ئەو بە دوای مانایەکدا دەگەڕا ...

سەندیباد

( کوتوپڕ هێرش بۆ شوجاع دەبات ) شوجاع بەسە ... من ئێستا بەتەواوی پڕم لە نەفرەت .. پڕ لە هێزو گوڕی نابووتکەرم ...

شوجاع

( پەلەقاژێیەتی ) گەورەم بێهودەیە ... بێهودە!

وەهەب

سەندیباد ... دەیکوژیت! ( شوجاع بەردەدات )

سەندیباد

( به ئارامیی ) من دەبێ بڕۆم ، دەبێ بزانم گەر بوونی من پێویست نەبێت، گەر کارێکم لەدەست نەیەت، ئەی بۆچی هاتوومەتە دونیا؟ دەبێ بزانم ... وەهەب لەگەڵم دێیت؟

وەهەب

سەندیباد ... ئەمجارە دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت؟

سەندیباد

بۆ کوێ؟ پرسیت بۆ کوێ؟ بۆ هەر جێیەك کە بشێت ... بۆ هەر جێگەیەك کە حەقیقەتی لێ بدۆزمەوە ... لەوانەیە بەرەو خۆر ...

شوجاع

شێتێتیی بە تەنها یەك شێوەی نییە!

سەندیباد

پیاوی بچووك ... شێتێتیی؟ کەسێك بیەوێ بزانێت بۆچی دەژی شێتێتییە؟ ها... بەڵام تۆ گەر بیست قاتی کرێی ئاسایی خۆت بدەنێ ئەوا سەرت پێوە نییە کە ببیتە کرێگرتەی ئەو شێتە!

( شوجاع دەڕوا ، وچان )

وەهەب

سەندیباد ... سەفەری حەوتەم لە پێناوی چیدا دەکەیت؟

سەندیباد

لە پێناوی دۆزینەوەی حەقیقەتدا!

وەهەب

ئاراستەی سەفەرەکە بەرەو کوێیە؟

سەندیباد

بۆ هەر کوێیەك ... لەوانەیە بەرەو ناکۆتا ...

وەهەب

سەندیباد ... بەزەبرو زەنگ بوویت!

سەندیباد

ئاخر ئارامگرتن سەختە ...

وەهەب

شتێك هەیە تووڕەی کردبیت؟

سەندیباد

نا!

وەهەب

قسەکانی  کابرای پشت کۆم تووڕەی نەکردوویت؟

سەندیاد

کابرای پشت کۆم ؟ ها؟ قسەکانی چ گرینگییەکیان هەیە ؟

وەهەب

ئاخر سەندیباد .. لەو کاتەدا گوێم لێت بوو کە نەفرەتت لەخۆت کرد ..

سەندیباد

وەهەب بیر خۆتی بەرەوە ... کەشتییەکە چاك کراوەتەوە، بنۆڕە کەشتییەکەمان لەنێو تەمی خۆرئاوابووندا، لە نێو کەشتییەکانی تردا چ شکۆیەکی هەیە؟

وەهەب

سەندیباد ... دەبینم وا کەشتییەوانەکان دێنە پێشەوە ...

( جەعفەر دێت )

جەعفەر

گەورەم هیچ کام لە ئێمە ئامادەی ئەم سەفەرە نین!

وەهەب

سەندیباد ... گوێیان لێبگرە!

جەعفەر

گەورەم ئێمە هەفتەیەك نابێت پێمان ناوەتە وشکانی، هێشتا هەفتەیەك نابێ بۆ ناو ماڵ و منالّی خۆمان گەڕاوینەتەوە ...

ڕەشید

خۆ ماسی نین ... تاسەی ئاو هەڵیگرتبین!

ئەسەد

ماسی بێ ئەقڵە بۆیە دەکەوێتە تۆڕەوە ... ئەدی ئێمە کەی تامی ژیان بکەین؟

عیماد

گەورەم، باوکم خەونێکی ناخۆشی بینیوە ... تۆ باوکم دەناسیت ... خەوێکی ناخۆشی بینیوە!

حوجەت

گەورەم من دەمەوێت ژن بێنم ..

( هەموو پێدەکەنن )

هاروون

گەورەم منیش دەمەوێ منالّ بۆ ژنەكەم دروست كەم!

( هەموو پێدەكەنن )

سەندیباد

حەقی خۆتانە ... تێتان دەگەم .. ( شادومانیی كەشتییەوانەكان )

جەعفەر

كەواتە هەموو بۆ ناو مالّ و منالّمان دەگەڕێینەوە ...

سەندیباد

بەلاّم بەر لەوەی بچنەوە ناو مالّ و منالّ، بە كۆمەلّ دەچین شەراب دەخۆینەوە، ئێوە هەمووتان دەعوەتی منن ...( خۆشیی و شادومانیی كەشتییەوانەكان، دوو سەرباز نزیك دەبنەوە )

سەربازی یەكەم

ڕاوەستن!

جەعفەر

پێدەچێ میوانمان هاتبێ!

سەربازی دووەم

سەندیباد كامتانە؟

سەندیباد

منم!

سەربازی یەكەم

سەندیباد كوڕی هیممەت ...( تەماشای كاغەزێك دەكات ) تۆیت؟

سەندیباد

بەلّێ ..

سەربازی دووەم

(به سه‌ربازی یه‌که‌م) ئه‌ها سه‌رباز ئاگاداربه .. سه‌ندیبادێتیی هه‌روا ئاسان نییه! ئه‌وه‌ی هه‌ڵگری ئه‌م ناوه بێت سه‌ختیی زۆری هاتۆته ڕێ و به‌ره‌به‌ره‌کانیی زۆری لێده‌وه‌شێته‌وه ...

سه‌ندیباد

ئاماده‌ی هه‌ر جۆره پێشهاتێکم ..

سه‌ربازی یه‌که‌م

پیرۆزه ... فه‌رموو وا ئه‌م پێشهاته به پێی خۆی هاتۆته خزمه‌تت !

سه‌ربازی دووه‌م

تۆ که‌شتییه‌وانه‌کانت جارێك به‌بێ مۆڵه‌تی سه‌رپه‌رشتیاری به‌نده‌ر ، له به‌نده‌ر چوونه‌ته ده‌رێ و جارێکیش هه‌ر بێ مۆڵه‌ت هاتوونه‌ته ژووری ... به‌م تاوانه و به تاوانی تریش ....

سه‌ندیباد

چیی؟ تاوان؟

سه‌ربازی دووه‌م

به‌ڵێ به‌و تاوانه تۆ لێره دوور ده‌خرێیته‌وه، واته هه‌تا مردن بۆت نییه پێ بخه‌یته ئه‌م که‌ناره‌وه!

سه‌ندیباد

هه‌تا مردن؟ کێ ناچارم ده‌کات؟

سه‌ربازی یه‌که‌م

ئێمه! (سه‌ندیباد به توڕه‌یی ده‌ست بۆ شمشێره‌که‌ی ده‌بات، دوو سه‌ربازه‌که خۆیان ئاماده ده‌که‌ن)

سه‌ربازی دووه‌م

سه‌ندیباد ... به‌ره‌نگاربوونه‌وه بێهوده‌یه ... له‌ودیو ئه‌و به‌رمیله شه‌رابانه‌وه و له‌سه‌ربانی ئه‌و ئه‌مباره‌وه، سێ سه‌دو شه‌ست ڕم نیشانه‌یان له دڵی تۆ و

کەشتییەوانەکانت گرترتەوە ... هەر تەکانێك بدەیت، ئەوا خۆت و ئەوانیش بەکوشت دەدەیت.

سەندیباد

ئەوەیان باشترە! (سەندیباد هێرش دەبات، بەڵام کەشتییەوانەکان دەیگرن)

جەعفەر

دەست نەکەیتەوە!

شوجاع

بەرەنگار نەبیتەوە!

وەهەب

هەمووومان بەکوشت دەدەیت!

سەندیباد

ئەمەیان دادوەرانەترە!

سەربازی دووەم

( هاوار دەکا ) ئامادەی تیرباران ... چاوەڕێی نیشانە!

وەهەب

گەورەم واز بێنە .. ڕۆژێك هەر دەبێ بگەڕێینەوە و قەرەبووی ئەمە بکەینەوە...

سەندیباد

کەی؟ چ ڕۆژێك؟

کەشتییەوانەکان

گەورەم .. هەر بەرهەڵستییەك بنوێنیت، هەمووومان تیادەچین ..!

( شمشێرەکەی لەدەست وەردەگرن و فرێی دەدەن، سەربازی دووەم هەڵیدەگرێتەوە)

سەربازی دووەم

زوو بچنە ناو کەشتییەکەتان ...دەست و برد بەندەر جێبێڵن!

سەربازی یەکەم

سەندیباد بیرت نەچێت، گەر ڕۆژێك بۆ جارێکتر پێ بخەنەوە ئەم کەنارە، ئەوا ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی ژیانتان دەبێ!

( دەنگی تەپڵ )

سەندیباد

بەو جۆرە سەفەری حەوتەمم بەرەو ئەبەدییەت دەسپێکرد ...

( دەنگی تەپڵ )

وەهەب

من ئەم ئاوانە ناناسم ...

شوجاع

گەورەم منیش ئەم ئەستێرانەم پێ ئاشنا نین.

جەعفەر

گەورەم وژەی ئەم با یە سەیرە!

وەهەب

سەندیباد ... ئایا قسەکانی ئەو پیاوە پشت کۆمە ...... ( دەنگی تەپڵ )

سەندیباد

منیش لەخۆم دەپرسم : بڵێی سوکانەکەم بۆ کوێم بەرێت؟

ڕەشید

گەورەم دەرزی قیبلەنوماکە ناجوڵێ!

وەهەب

هەر شەش ئاراستەکە بزرە!

عیماد

گەورەم سوکانەکە گیر بووە!

سەندیباد

منيش بير لەو نەفرەتە دەکەمەوە ... بەخۆم دەڵێم : بڵێی ئەو پیاوە پشت کۆمە .... ( دەنگی تەپڵ )

جەعفەر

گەورەم هەور .... وا دادەبەزێت ...

عیماد

سوکانەکە نابینرێت!

ڕەسوڵ

بورجی پاسەوانیی چۆڵە ... گەورەم لەکوێیت؟

کەشتییەوانەکان

( لە تاریکییدا ) گەورەم ... گەورەم ... ( دەنگی تەپڵ )

سەندیباد

(لە تاریکییدا) من، تەنها من بێدارم .. چاوم چاوەڕوانی، چاوەڕوانی دڵۆپە هەتاوێکە، چاوەڕوانی قومێك هەوایە ... لە تاریکیدا، لە تەنگانەدا، تەنها خۆم شایەتی دەستی بەستراوی خامۆشیی و بزوتنێکم کە نییە، شایەتی دەستی بەستراوی بێدەنگییەکم کە هەیە ... جارێك، تەنها جارێك، لە دوورترین ڕێگەوە هاوارێك دەبیستم، هەست دەکەم ئەو هاوارە چارۆکەکە دەهێنێتە لەرە، بەلاّم ئەوە تەنها خۆمم کە دەلەرزم ... ( دەنگی تەپڵ) لەم شەوە ساردەدا، هەستدەکەم کەشتیەکە پیر دەبێت، هەستدەکەم کەشتی و ئاسمان دادەڕزێن، دەنگێك دێتە گویم، هەموو شتێك لە ناخمدا دەپووکێتەوە .. چیتر نیگای کیژۆڵەکەی پادشاش چرایەك نییە! (دەنگی تەپڵ) هەر ساتەوەختێك هێندەی سەدەیەکە ... کام کاتژمێری لمین، یاخود کام دەفتەر و ڕۆژژمێر ئەم ساتانە یاداشتدەکەن؟ لەوانەیە دونیا تەنها پێویستی بە شمشێری خۆم و کەشتییەوانەکانم بووبێت ..بڵێی سەد پیاوی شمشێر بەدەست بتوانن نووسراوەکان بگۆڕن؟ بڵێی ؟ بڵێی؟(دەنگی تەپڵ )

خۆم بەدەستەوە نادەم، شەو درێژە، بەڵام خۆم بەدەستی خەوەوە نادەم، ناو بەناوێك كەنارێك دەبینیت، بەڵام باوەڕ مەكە ئەو سەرابە ...

( دەنگی تەپڵ ... شانۆ ڕووناك دەبێتەوە )

عیماد

ئەرز بەرەو دوواوەمان دەبات!

شوجاع

سەزەمینە نا ئاشناكان ... دارستانە تاریكەكان ... ڕوخسارەكانیش لە دوور ...

ڕەشید

چەند ساڵە ...

عیماد

تۆ بڵێ زەمەن بە چیی دەپێورێت؟

ڕەشید

حیسابی ڕۆژانی لەدەسچوو ..

هاروون

دەشێ ساڵێك بێ!

عیماد

ساڵێك؟ سەیرە! لای من وەك هەزار ساڵ تێپەڕیبێت وەهایە ...

شوجاع

سەندیباد ... كەی دەگەڕێینەوە؟

سەندیباد

تۆ پێمبڵێ ڕێی گەڕانەوە لەكام ئاراستەوەیە؟ (شانۆ تاریكدەبێت، دەنگی تەپڵ، لە تاریكیدا) هیچ كەسێك ڕێی گەڕانەوە نازانێت، چیتر كەشتییەكەم بە "با" سپاردووە، تۆ بڵێی ئەم با یە تاكو كوێمان بەرێت؟

جەعفەر

( هاوار دەکا ) زەریای قیر ...

شوجاع

شەو کامەیەو ڕۆژیش کامە؟ لە تاریکیدا ماوینەتەوە .. لە گەدەی ئەم کەشتییەدا، ئەم ئاژەڵەدا هەرس دەبین.

وەهەب

ئاوی مەنگ ... زەریای ژەهراویی ...

عیماد

دەیناسم ... ئەو ئەستێرەیە دەناسم، ئەوە ئەستێرەی من بوو ...

وەهەب

ئەم ئاوانە دەناسم ... زەریای دووگیان ..

عیماد

خەریکە یادم دێتەوە کە منیش جارانماڵێکم هەبوو ...

هاروون

ئەرێ هەموو ئەو شتانە خەون نین؟

( دەنگی تەپڵ )

کەشتییەوانەکان

لەسەر ڕووی ئاو
بە سنوورەکاندا تێپەڕین
لە کەناری زۆر دوورەوە
هیچ کەنارێك
کەناری شارەکەی خۆمان نەبوو!

وەهەب

سەندیباد گوێت لێیە؟ گوێت لە دەنگی هاوارە؟

سەندیباد

ئێمە ڕەشە هاوارەکانی

کەناری عاجمان بیست
هاواری برسیی
لەسەر تەختەنوێنی ئەڵماس
هاواری تینوو
لە کەناری ئاوی حەیات
چ شتێك هەیە ئێمە گوێمان لێنەبووبێت؟
گۆرانیی تاڵ لە کێڵگەی قامیشە شەکردا
هاواری نائومێدیی لە ترۆپکی ئومێددا

کەشتییەوانەکان

لە چین گڕی زەرد ، لە هیند ڕەشە تاعون
ئێمەیش لە ڕەشە تاعون و گڕی زەرد هەڵدەهاتین!

جادووگەر

سەفەری گومان ...

نووسەر

سەفەری وەهم ...

سەندیباد

سەفەری حەقیقەت ...

نووسەر

سەندیباد ... حەقیقەتت چنگ کەوت؟

کەشتییەوانەکان

"با" هات و هەوری هێنا
هەور هات و لەگەڵ خۆیدا
کرێوە و وەیشومەی هێنا
بووە کرێوە و شەپۆل هات
شەپۆل هات و زریان هەستا !

مەسروور

گەورەم تارماییەکان ... هەژدیهای حەوت سەر ..

وەهەب

مەسروور مەترسە، ئەوە دارستانی زەریایە!

ڕەسوڵ

گەورەم دەستی نابینی؟ قامکی لەئاوەکەوە دەردەهێنێت ...

وەهەب

ئەوە گاشەبەردی مەرجانە، ڕووی کەشتییەکە وەرچەرخێنە!

شوجاع

چ وەیشوومەیەکە!

دەستەی یەکەمی کەشتییەوانەکان

باش سەیر کەن
کە چۆن دەستی درێژی "با"
قامچی بەباڵای شەپۆلدا دەدا ...

دەستەی دووەم

دیسان دەڕۆین
هەروەکو سەراپای تەمەن
دەڕۆین بە "با"

دەستەی یەکەم

هەموو ساتێکیش بێ هیوا
بەسەوڵی درێژو بەژن زراڤ
دەنەخشێنین نەخش و نیگاری خەیاڵێک
لە ڕووی زەریا!

ڕەسوڵ

ئەوێ کوێیە؟ ئەو خاڵی کۆتاییە کوێیە؟

( دەنگی سازو دەهۆڵ و زوڕنا لە دەرەوە، نووسەر دێتە پێشێ )

نووسەر

سەندیباد ... حەقیقەتت دۆزییەوە؟

( سەندیباد سەر دادەگرێت )

شوجاع

نا ... سەندیباد ئێمەی بەلاڕێدا نەبرد .. بەڵكو سەربازەكان بەزۆر سواری كەشتییەكەیان كردین!

سەندیباد

بەڵێ شوجاع .. هاوڕێی بەوەفام، بەو جۆرە بوو!

نووسەر

بە تاوانی ئەوەی كە سەرپێچی یاسای كردبوو؟

سەندیباد

سەرپێچیی؟ كەواتە دەبوایە لەم شارە دیلەدا بە دیلێتیی بمامایەوە؟ نا... كەشتییەوانەكانم گوێڕادێرن، ئێمە دەبێ سەفەری هەشتەممان دەسپێبكەین، كێ لەگەڵمدا دێت؟ كێ دەبێتە كاپتنی كەشتییەكەم؟

( بێدەنگیی )

ڕەشید

ئێمە دەمانەوێ بۆ ناو ماڵ و منداڵمان بگەڕێینەوە ...

سەندیباد

سەد هێندەی كرێی ئاسایی بەهەر كەشتییەوانێك دەدەم، پارەی زێڕ ...

عیماد

هیچ كەسێك پارەكانت وەرناگرێت!

سەندیباد

ها ... زۆر باشە! كەشتییەوانی تر بەكرێ دەگرم ... (بە هەموو) هیچ كەسێك نییە ئامادەبێت لە سەفەری هەشتەمدا ببێتە كاپتنی كەشتییەكەم؟

جادووگەر

با .... من!

سەندیباد

(سەرسوڕماو) تۆ؟

جادووگەر

من بە لاڕێتدا نابەم!

نووسەر

تۆ بۆچی نەتتوانی وەك خەڵكانی تر هێلانەیەکت بۆ خۆت هەبێ و مەلێك تیایدا بخوێنێت؟ لە کتێبەکەدا نووسراوە: ئاوات و خولیای سەندیباد گەورە بووە ... ئاوات و خولیایەکی مەحاڵ ... ئاواتی گەیشتن بە هەموو خەزنەکانی دونیا ...

سەندیباد

پێیان گوتم : لەوانەیە بەختیاریی مانای ئاسودەیی زوربەی زۆری خەڵك بێت. منیش گوتم : دیارە دەتانەوێ خولیای لەوانەیەم بکەن!

وەهەب

ئەو بە سنوور قاییل نەدەبوو ...

سەندیباد

گوتم : ئایا ئەمە یەکێك لە هەزارەها وەڵام نییە؟ من چۆن ئاسوودە بم لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك لە ئازار و مەینەتیدابن؟

نووسەر

بۆچی نەتتوانی تۆیش یەکێك لەو هەزارانە بیت؟ بۆ نەتتوانی خۆت ڕابێنیت بە ژیانی ڕۆژانەی نێو قەفەسە ئاساییەکان؟

سەندیباد

بۆ نا؟ دەمتوانی دەس بۆ هیچ کارێکیش نەبەم و ئاوا بەم شێوەیەش سەرزەنشت نەکرێم ! ئایا دەبووایە ئاوهام بکردایە؟

**نووسەر**

**سەرسەختییەكەت بووە هۆی ئەم سەرگەردانییەت ... تۆ بەم شێوەیە ددان بە تاوانباربوونی خۆتا دەنێیت؟**

**سەندیباد**

**تاوانبار بوون؟ ها ... وەهەب بنۆڕە .. بنۆڕە ... چ جۆرە كەسانێك تاوانبارم دەكەن؟ دەستەیەك خۆبەدەستەوەدەر، ئەوانەی لە پێناو پاراستنی قەفەسە زێڕینەكانیاندا خۆیان بەدەستەوە داوە ...**

**نووسەر**

**سەندیباد ... باشە ئێمە خۆمان بە دەستەوەدا، ئاخر چونكە تۆو هاوڕێكانت لە ساتی پێویستا لە مەیداندا نەبوون ...**

**سەندیباد**

**ئەمە بوختانە ... تەنها خۆبەدەستەوەدەران دەتوانن بەم چەشنە خەڵكانیتر لەكەداركەن.**

**وەهەب**

**نا ... سەندیباد .. هەروەها منیش تاوانبارت دەكەم!**

**سەندیباد**

**( بە سەرسوڕمانەوە ) ها ...؟**

**وەهەب**

**تاقە لێپرسراوی شكستهێنانی ئەم پیاوانە تۆیت!**

**سەندیباد**

**وەهەب ... ئەوە دەڵێی چیی؟**

**وەهەب**

**گەر ئەوانە دەزانن چ ساڵانێك بە هیوایەكی پووچ ژیاون؟**

**سەندیباد**

**وەهەب!**

وەهەب

گەر دەزانن کە چیتر ناتوانن بە دوای ژن و منداڵەکانیانا بگەڕێن! سەندیباد... تۆ ئیدی ژیانی ئەوانەت نابووت کردووە ...!

سەندیباد

ئاخر من لە پێناوی بەختیاریی ئەواندا ...

وەهەب

ئای گەر لە نەفی کردنی هەزار ساڵەیان بەئاگا دەبن! گەر لەو نەفرەتە ....

جادووگەر

خەریکە تەمسیلەکە خۆش دەبێت!

ڕەشید

سەندیباد ... بڵی مەسەلە چییە؟

شوجاع

بۆچی ناتوانین ماڵەکانمان بدۆزینەوە؟

عیماد

گوتت هەزار ساڵ؟

حوجەت

بڵێ کابرا ... تۆ چیت لە ئێمە کردووە؟

کەشتییەوانەکان

سەندیباد ... قسەبکە ...

وەهەب

لەو ساڵە سەخت و نەهاتەدا، کە بەساڵی گورگ ناسرا بوو، هاوڕێی ئەو ڕۆژانەم سەندیباد، دووچاری نەخۆشییەکی سەیر ببوو، لەهۆش خۆی دەچوو، وڕێنەی دەکرد، هێجگار پیشی دەخواردەوە، پێدەچوو جەستەی لە حەوت کورەدا بسووتێت، من شاهیدی سپی بوونی یەکە بەیەکەی تاڵەکانی قژی بووم ... لە خۆرنشینی بیست و هەشتەمین ڕۆژی مانگی پێنجدا، لە

مەیدانێکی چۆڵ لە خەڵك و پڕ لە تارماییدا، هاواری کردو نەفرەتی لە خۆی کرد، گوتی: دەبێ حەقیقەتم چنگ کەوێت تەنانەت گەر لە پێناوی گەڕان و دۆزینەوەیشیدا هەزار ساڵ بە ئاوارەیی بمێنمەوە... هێشتا هاوارەکەی نەگەیبووە ئاسمان، پیاوێکی پشت کۆم لە تاریکییەوە وەدیارکەوت، گۆچانەکەی دەستی نائاسایی و.... کاتێك لە دوورەوە ئەو دووانەم بینی، چوومە پێشێ ، بەڵام کاتێك گەیشتم، بینیم پیاوەی پشت کۆم دەڕوا و سەندیبادیش لە فیکرەوە چووە ...

جەعفەر

من هیچ شتێك تێنەگەیشتم!

وەهەب

سەندیباد بڵێ ... ئەو پیاوە پشت کۆمە چیی پێگوتیت؟

سەندیباد

قسەکانی ئەو گرنگییەیان نییە ...

وەهەب

کێ بوو؟ ئەو پیاوە کێ بوو؟

سەندیباد

سواڵکەرێکی هاکەزایی بوو ... سواڵکەرێك کە چەند جارێك لەوەوبەر خێرم پێکردبوو ...

وەهەب

تۆ لە فیکرەوە چوویت ... ڕەنگە لەو نەفرەتەی کردت پەشیمان بیت!

سەندیباد

وەهەب من ؟ نا ... نا ... جارێکیتر بە دەنگی بەرز ڕایدەگەیەنم کە دەبێ حەقیقەتم چنگ کەوێت، تەنانەت گەر هەزار ساڵیش بە ئاوارەیی بژیم!

جادووگەر

( به گۆچانەوە ) باشە سەندیباد ... ئەوا دەرفەتم دایتێ ... بەڵام تەنها هەزار ساڵ! گوێت لێیە ؟ تەنها هەزار ساڵ!

کەشتییەوانەکان

( تەماشای یەکتری دەکەن ) پارەکان!

سەندیباد

(بە جادووگەر) تۆ نەبوویت؟ ئەو پیرە پشت کۆمە تۆ نەبوویت؟ تۆ نەبوویت کە ... ( جادووگەر دەکشێتەوە کەنار )

جادووگەر

وریای خۆت بە!

( کەشتییەوانەکان بە هێواشیی بەڵام بە لەرزە لەرز، بەرەو لای سەندیباد دەڕۆن، سەندیباد لە ساتێکدا هەموو شتێك تێدەگات، دەنگی سازو دەهۆڵ و زوڕنا بەرز دەبێتەوە، کەشتییەوانەکان چوار دەوری سەندیباد دەگرن، بە چەشنێك کە ئیدی ئەو نابینرێت، کوتو پڕ هێرشی بۆ دەبەن، دەنگی سازو دەهۆڵ و زوڕناکە لە دەرەوە نامێنێت، نووسەر کتێبەکەی دادەخا و دەینێتە هەگبەکەیەوە، لە پڕێکدا دەوەستێ )

نووسەر

بۆنی خواردن دێت ... بۆنی قوربانیی ...

(بە پەلە دەچێتە دەرەوە ... نەغمەی مۆسیقا، کەشتییەوانەکان خۆیان لە سەندیباد جوێ دەکەنەوە و دەچنە دەرێ، هێشتا سەندیباد ڕێك و ڕاست بە پێوە ڕاوەستاوە.)

هاوارێك لە دەرەوە

هێی وا قەرەجەکان گەیشتن ... گاڵتەگێڕو بەزمگێڕانی میری وڵاتەکەی ئەودیو گەیشتن، لەم ڕێیەوە ...

(جادووگەر بەرەو دەرەوە دەڕوات، سەندیباد پشت دەکاتە بینەران، خەنجەرێك تا دەسکەکەی بە پشتیدا ڕۆچووە.)

سەندیباد

سەفەری هەشتەم مەرگە ...!

( جادووگەر کە لەسەر ڕۆیشتنە، دەوەستێت )

جادووگەر

منت بانگ کرد؟

( بێدەنگیی ، سەندیباد ئاوڕ بۆ جادووگەر دەداتەوە )

سەندیباد

ها ... تۆ لێرە بوویت؟

جادووگەر

لە پاڵتا بووم ...

سەندیباد

ئاخرییەکەی ناسیمیتەوە ... دوای ئەم هەموو ساڵە ...!

جادووگەر

سەندیباد ... ئارام بگرە ..

سەندیباد

ئەم هەموو ساڵە لەگەڵما بوویت؟

جادووگەر

ئم ...!

سەندیباد

باشە بۆچی خۆت دەشاردەوە؟ بۆچی خۆت لە بۆسە دەنا؟ بۆچی دەست بەکارنەدەبوویت؟ بۆچی ئەرکی خۆت ......

جادووگەر

سەندیباد بیرت نەچێت کە هاوڕێکانت تۆیان پێکا نەك من ...!

سەندیباد

مانای چیی ؟ دەستی تۆی تیا نەبوو؟

**جادووگەر**

من پشتم لێت بوو ...!

**سەندیباد**

با .. من  لەو ساتەدا تۆم بینی ... لەو ساڵانەدا ... زۆر جاران تۆم ڕووبەڕووی خۆم بینیوە ...

**جادووگەر**

من زۆر جاران ڕووبەڕووی تۆ بووم ...

**سەندیباد**

تەنها تۆ بە کاپتنیی کەشتییەکە قاییل بوویت ... !

**جادووگەر**

ئاخر چارە نەبوو ... تەنها مابوویتەوە!

**سەندیباد**

وا ئێستایش بە سەرمدا زاڵبوویت!

**جادووگەر**

بەڵام سەندیباد ... هاوڕێکانت تۆیان پێکا نەك من ...  من درەنگ فریا کەوتم!

**سەندیباد**

چۆن؟

**جادووگەر**

زەمانێك بوو ژیان ئاسایی بوو، هەر جارێك سەروەختی گیان دەرچوونی کەسێك دەهات، ئەوا من خێرا  ئامادە دەبووم ... بەڵام ئەم ڕۆژانە ....

**سەندیباد**

تێناگەم ....

**جادووگەر**

ئەم ڕۆژانە کۆتایی تەمەنەکان بەدەستی من نین ... هەر جارێك بە وادەی مەرگی کەسێك دەڕۆم، دەبینم پێش گەیشتنی من، ئەو لێبۆتەوە، بەدەستی مرێنەرێکی تر ئەو لێبۆتەوە ... زیاتریش بە دەستی هاوڕێیەك!

سەندیباد

باوەڕ ناکەم!

جادووگەر

با ... سەندیباد، ئەی ئەم هەموو ئامێری کوشتنە چییە کە دروستکراون؟ بەرەنگاربوونەوەی ئینسانەکان لەگەڵ یەکتریدا گاڵتە نییە ... ئەمڕۆ هەر کەسێك بۆ ئەویتر مەرگە ... !

سەندیباد

هەر کەسێك بۆ ئەویتر ...

جادووگەر

من لە کاتی خۆیدا دەگەم... بەڵام ئەوان زووتر دەڕۆن ...

سەندیباد

هەروەکو " با"، تۆیش ...

جادووگەر

ساڵانێکە چیتر پێویستیان بە من نەماوە، ئینسانەکان خۆیان بۆ لەناوبردنی یەکتری بەسن، تۆ بەبێ من، منت لەواندا بینیوە!

سەندیباد

زۆر جار .... ئەمە نیشانەی چییە؟

جادووگەر

سەندیباد ... ئەوە نیشانەی لاوازییە، هەر جارێك گومان لەخۆت بکەیت، هەر جارێك ڕێگەکان لەهەموو لایەکەوە داخرا بن، ئەوا مەرگ دەبینیت !

سەندیباد

ڕێگەکەی من درێژ بوو ...

**جادووگەر**

**بەڵام وا گەیشتە کۆتایی ...**

**سەندیباد**

**" با " یارمەتیدەرە؟**

**جادووگەر**

**بانوماکە دەسوڕێتەوە ....**

**سەندیباد**

**ئەی کێ دەبێتە کاپتنی کەشتییەکە؟**

**جادووگەر**

**من!**

**سەندیباد**

**کاپتن بابڕۆین .... وا سەفەری هەشتەم دەستی پێکرد .....**

**( جادووگەر سەندیباد دەکاتە کۆڵ ، پیاوی نابینا سەر شانۆ تەیدەکا )**

**پیاوی نابینا**

**دەردەکەوێت .... قارەمانێك بەم زووانە دەردەکەوێت ... کۆمەککەن ... بەم زووانە دەردەکەوێت ... دەر ..... دە ... کە .... و .....**

**( شانۆ تاریك دەبێت )**

تێبینی:

* تەرجومەی ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم یەکەم جار ساڵی 1988 لە ژمارە 4 گۆڤاری کلتوور بڵاوکراوەتەوە.

* شیعری گۆرانییەکان بە دەسکارییەوە کراونەتە کوردی.